# رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە بونیادی دیم

# راپۆرتی چوار حزبەکە رەنگدانەوەی ئـ

لە کوردستاندا هێشتا بیروبۆچۆنێك دروست نەبووە بێلایەنانە بەرگری لە بونیادی دیموکراسی بکات، بۆیە کاتێك باسی دیموکراسی و بونیادی دیموکراسی لە کوردستان دەکەین، هەموو بۆ ئەو درز وکەلێنانە دەگەڕێن کە دیموکراسیەت فەراهەمی کردووە، بۆئەوەی بیروبۆچوونە حزبیەکانی خۆمان ( کە زۆر جار دژی دیموکراسیەتیشە ) بەناوی بیروڕای ئازاد و مافی ئازادی ڕادەربرین و مافی حزبی دەسەڵاتدار و مافی حزبی ئۆپۆزسیون بە هاوڵاتیانی خۆمان بفرۆشینەوە، ئەم قۆرخکردنەی کەشوهەوای دیموکراسیی تەنها لە بواری سیاسەتدا بەو جۆرە نییە، بەڵکو لە بواری ئابوری و پیادەکردنی بازاری ئازادیشدا خراپترە، هەربۆنموونە لە زۆربەی وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە و لە قۆناخی گواستنەوەی سیاسەتی ئابوری لە ئابوری مەرکەزیەوە بۆ ئابوری بازار، دەبینین ڕێك قۆرخکردن و باڵادەستی دەوڵەت بەسەر ئابوریەوە دەگۆڕێت بۆ قۆرخکردن وباڵادەستی سیاسەتمەدرەکان و حزبە سیاسیەکان بەسەر ئابوری بازارەوە.

کارەساتیش ئەو کاتە دروست دەبێت کە ئەندامانی حزبە سیاسیەکان یان دەستە بژێری ڕۆشنبیر بەم واقیعە بڵێن، ئەمە قۆناخێکی نوێیە و خەڵك لەسەری ڕانەهاتووە و کۆمەڵگە تەنها بە هاندانی کەرتی تایبەت و ئابوری بازاڕ پێشدەکەوێت، بەڵام لەبەرامبەردا ئامادەش نەبن بنەماکانی ئابوری بازار و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەرتی تایبەت بۆ هاوڵاتیان ڕوونبکەنەوە.

کارەساتی لەمە گەورەتریش ئەو کاتە دروست دەبێت، ئەگەر کەسێك یان گروپێك دەربکەوێت و بڵێت ئەمە نە ئابوری بازارە و نە هاندانی کەرتی تایبەتە، بەڵکو ئەمە گواستنەوەی قۆرخکردنە لە دەوڵەتەوە بۆ چەند سیاسەتمەدارێکی ئینتهازی، یان حزبە سیاسیەکان بۆ ئەوەی دیموکراتیەتی پێ لەناو بەرن،هەروەها ئەو ڕاستیە بۆ خەڵك ئاشکرابکات، ئەگەر قۆرخکردنی ئابوری بریارە هەر بەردەوام بێت، ئەوا زۆرباشترە قۆرخکردنەکە قۆرخکردنی دەوڵەت بێت نەك هی چەند کەسێك یان هی پارتە سیاسیەکان، بەڵام لەبەرامبەردا خەڵکانێکی دیکە هەبن ئەو بیربۆچوونەی قۆرخکردنی حزبەکان یان سیاسیەکان لە قۆرخکردنی دەوڵەت بە مەترسیدارتر بزانێت، بە لایەنگیری کردن بۆ دیکتاتۆریەت و سیستەمی ئابوری مەرکەزی و دژ بە دیموکراسی و بازاری ئازاد تەفسیر بکات.



# ...وكراتی و چاودێریكردنی دەسەڵاتدا

# ...استی لاوازی ئۆپۆزسیۆنە لە كوردستاندا

وڵاتی ئێمە لەم كێشەی تێنەگەیشتنەی دیموكراسی تاقانە نییە، با سەیری ئەزموونەكانی بونیادی دیموكراسی لە جیهاندا بكەین، دەبێنین خەڵكی پیرۆ هێندە دیموكراتیان بەر چاو كەوتووە، ئۆمێد بۆ دیكتاتۆریەكی هاوشێوەی بینۆشی چیلی دەخوازن، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە گەلی پیرۆ حەز لە دیموكراتی ناكەن، بەڵكو ئەمە رەنگدانەوەی رەفتاری پارتە سیاسیەكان و سیاسەتمەدارەكانی بیرۆیە كە دیموكراتیەتیان بە جۆرێك بەرچاوی گەلی بیرۆ خستوە كە ئومێد بۆ دیكتاتۆری بخوازن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی گەلی بیرۆی ئیسپانی زمان ئۆمێد بۆ دیكتاتۆرێكی وەك بینۆشی دەخوازن، بەڵام هاو زمانەكانیان لە ئیسپانیا ئومێد بۆ گەرانەوەی فرانكۆ ناخوازن؟ لە وەڵامدا دەڵێسن ئەوەی خوان كارلۆس لە ئیسپانیا كردی، ئالان جارسیا لە بیرۆ پێی نەكرا، هەربۆیە ئاكامەكەشی ئەوەیە دوو هاوڵاتی ئیسپانی زمان یەكێكیان لە ئیسپانیا رێز لە یاسا و دیموكراسی دەگرێت و ئەوی دیكەیان لە بیرۆ لە یاسا ودیموكراسی نائومێد بووە.

لەم دەروازەیەوە دەمانەوێت بە خوێنەرانی گۆڤارەكەمان بڵێین، كاتێك دەڵێن بونیادی دیموكراتی پێویستی بە پارتی سیاسیی بەهێز هەیە، مەبەستمان ئەوەنییە پارتی سیاسیی تەنیا ئەو پارتانە بن كە دەسەڵات بەرێوە دەبەن، بەڵكو مەبەستمان تێكرای پارتە سیاسیەكانە ( بە پارتی دەسەڵاتدار و پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە، هەروەها بە هاوپەیمانی حكومڕان و هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆنەوە ) بەهێز بن، كاتێك دەڵین قۆرخكردنی ئابوری لەلایەن دەوڵەتەوە، لە قۆرخكردنی كەرتی تایبەت لەیەلان حزب و سیاسەتمەدارەكانەوە باشترە، مەبەستمان ئەوەنیە كە بڵین ئابوری مەركەزی لە ئابوری بازار باشترە، هەروەها كە راشكاوانە دەست دەخەینە سەر زامەكان و بەدەنگی بەرز بە هاوڵاتیان دەڵێن هەموو حزبێكی سیاسیی ناتوانێت دیموكراسی بەرهەم بهێنێت، یان هەوڵەكانی ناكەونە خزمەتی بونیادی دیموكراتیەتێكی ساغلەمەوە، مەبەستمان ئەوەنییە بانگێشە بۆ ئەوە بكەین حزبە سیاسیەكان لە قاڵب بدرێن و بیانوو بدەینە دەست حكومەت بۆ ئەوەی سیاسەتی سەركوتكردن پیادەبكات و فرە لایەنی لە كوردستاندا بشێوینێت یان بارەگای حزبە سیاسییەكان دابخات، بەڵام زۆر مەبەستمانە ئازادیەكان رێكبخرێن، هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵگە بەیاسا بەرێوە بچێت، بۆ ئەوەی زەمینەی لەبار بۆ بونیادی دیموكراسی



برەخسێت.

**دیموکراسیەت واتە ئۆپۆزسیون و دەسەڵات**

لەبەر ئەوەی داوا دەکرێت ئەمساڵ ساڵی بایەخدانی حکومەت بێت بەکەرتی کشتوکاڵ، ئێمەش پێمان باشە نموونەیەکی زانستی کشتوکاڵ بکەینە دەروازەی ئەم باسە، ئەوانەی دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵن یان بە شێوەیەکی پراکتیکی بە شێوازی مۆدێرن کاری کشتوکاڵ دەکەن، ئەو راستیە دەزانن، کە لە نێوان کەشوهەوای خانووە پلاستیکی و شوشەکان و کەشوهەوای کێڵگەکاندا جیاوازیەکی گەورە هەیە و ئەو رووەکەی لە کەشوهەوای ئەو خانووە شوشە و پلاستیکیانە گەورە دەبن، بەرگەی ئەوە ناگرن راستەوخۆ بگوازرێنەوە بۆ کەشو هەوای کێڵگە، بۆیە لە نێوان کێڵگەکان و خانوە شوشە و پلاستیکیەکاندا، خانوویەکی دیکە دروستکراوە پێی دەڵێن خانووی تەختە، کەشو هەوای ئەم خانووە تەختەیە ٥٠٪ی کەشوهەوای خانووە شوشەکانەو لە ٥٠٪شی کەشوهەوای کێڵگەیە، ئەم قۆناخە لەزانستی کشتوکاڵ پێی دەگوترێت ( راهاتن، اقلمە)

**خەڵکی پیرۆ هێندە دیموکراتیان بەر چاو کەوتووە، ئۆمێد بۆ دیکتاتۆریەکی هاوشێوەی بینۆشی چیلی دەخوازن**

دیموکراسیەتیش پێویستی بە راهاتن هەیە، نەك هەر بۆ ئێمە وەك کورد، بەڵکو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەش کە هاوشێوەی ئێمە بوون و بە قۆناخی ئینتقالیدا تێپەریون، هەربۆیە لەبەر ئەوەی زۆربەی نەتەوەکان کە دەست بە بونیادی دیموکراتی دەکەن، ئەم خۆراهێنان و خۆراهاتنەی دیموکراسی لەبەر چاو ناگرن، دەبینین رێژەی ئەزموونە شکستەکان لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان زیاترە، بە داخەوە ئەو نەتەوانەی لەگەڵ دیموکراسی خۆیان راهێناوە تائێستاش لە جیهاندا کەمینەن، ئێستاش رێژەی ئەو دەوڵەتانەی بە ناو بروایان بە دیموکراسی هەیە لەگەڵ ئەوانەی بە فیعلی دیموکراتی لیبرالی پیادەکەن زۆرترن و بەداخەوە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی لە جیهاندا کەمینەن نەك زۆرینە، هۆکاری ئەمە چیە؟ بێگومان فێڵکردنی شەرعیە لە بنەماکانی دیموکراسی، واتە بەشداری هەڵبژاردن دەکات بەڵام ئامانجی تەنها دەسەڵاتە نەك پیادەکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی، دەچێتە پەرلەمان بەڵام ئامانجی ئەوەنییە بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی بکات و چاودێریکی راستەقینە بێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، بەڵکو هەموو مەبەستی ئەوەیە لە میانەی

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی گەلی بیروّی ئیسپانی زمان ئۆمێد بۆ دیکتاتۆرێکی وەك بینۆشی دەخوازن، بەڵام هاو زمانەکانیان لە ئیسپانیا ئومێد بۆ گەرانەوەی فرانکۆ ناخوازن ؟**



گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە شاشەی تیڤیەکانەوە موزایەدەی سیاسیی بکات و بەرنامەی حکومەت تێکبدات؟ هەروەك چۆن لە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتیدا خەریك بوو حکومەت بە دژی ئایین تۆمەتبار بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی راسپێردرابوو بۆ هەموار کردنی ئەو یاسایە و سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو زانایەکی ئاینی بوو بە پلەی پرۆفیسۆر لە زانستی شەریعەت و یاسادا،داوای ئازادی رادەربرین و رێگە پێدانی چالاکی سیاسیی دەکات، بەڵام ئامانجی لەم رێگە پێدانە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە نییە، بەڵکو هەموو ئامانجی ئەوەیە بەم رێگەیە خەڵك بگەیەنێتە قەناعەت کۆمەڵگەی داخراو لە کۆمەڵگەی کراوە باشترە. ئافرەت بگەیەنێتە قەناعەت بەوەی قبوڵی بێت مافەکانی لە مافی پیاو کەمتربێ. هەرەها ئافرەت ناچار بکات بەو حکومە رازی بێت، دەبێت ملکەچی فەرمانی مێردەکەی بێت ئەگەر ئەو فەرمانەش ئازادیەکانی ئافرەت پێشێل بکات، ئامانجی ئەوەیە رێگە لە کارکردنی ئافرەت بگرێت ئەگەر مێردەکەی رازی نەبێت لەسەری،

ئەمانە هەموویان خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادیانەیە کە دیموکراسیەت بەرهەمی دەهێنێت و بە فێڵکردن لە بنەماکانی دیموکراسی، بنەماکانی دیموکراسی پێ لە ناو دەبەن، ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ ئازادی تاك رەنگدانەوەی خراپی نییە، بەڵکو بۆ ئازادی سیاسی و کامڵبوونی پارتە سیاسیەکانیش لە کۆمەڵگە زیانی هەیە و مەترسیدارە،چۆن؟ بێگومان کاتێك فێڵ لە دیموکراتی دەکرێت و بنەماکانی دیموکراسی بۆ تێکشکانی دیموکراسی بەکاردەهێنرێت، ئەوا دەسەڵات یان حکومەت ناچار دەبێت بۆ راستکردنەوەی ئەو خراپ بەکارهێنانە پەنا بۆ یاسا بەرێت، راستە چارەسەرکردنی یاسایی هۆکارێکە بۆ سەقامگیری و تەبایی کۆمەڵگە، بەڵام کە کێشەکە گەورە بوو چارەسەرکردنە یاسایەکەش دەبێتە هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی، دروست بوونی باری نائاسایی، بۆیە ئەرکی ئەوانەیە کە خۆیان بە داکۆکیکار لە دیموکراسی دەزانن، بەردەوام لە هەوڵی خولقاندنی ئەو کەشوهەوایە بن کە کۆمەڵگە لەگەڵ دیموکراتی رابهێنن و بەو ئاستە هۆشیار بن کە نەتوانن پارتە سیاسیەکان لە پرۆسەی دیموکراتی فێڵیان لێبکەن، فێڵکردنیش لە دیموکراتی تەنها فێلکردنی سیاسی نییە، بەڵکو ئەگەر میللەت هۆشیار نەبوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا فێڵدەکرێت، لەپێش هەموانەوە دەبێت میللەت هۆشیار بێت ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتدان فێڵ لە دیموکراسی نەکەن، هەروەها دەبێت لەوەش هۆشیار بن بەدیلیان لەسەر بنەمای فێڵکردن بۆ دروست نەکەن، ئەگەر دروستیشیان کرد، میللەت هۆشیار بێت متمانەی پێنەدات.

هەربۆ نموونە:

١- ماوەیەك پێش پرۆژەکەی جەنابی مام جەلالیش ( کە ئەو هەندێك لایەنی دیاریکردووە ) بیروبۆچونێك هەبوو کە دەبێت پارتە سیاسیەکان بە شێوەیەکی رەها لە حکومەت جیابکرێتەوە، ئەمەش واتە حکومەت نە رەنگدانەوەی سیاسەتی پارتی نە سیاسەتی یەکێتی بێت، کە ئەوانەی ئەم بانگێشەیە دەکەن، بەو جۆرە دەیخەنە روو کە پارتی ویەکێتی حکومەتیان کۆنترۆڵ کردووە، هەروەها نە رەنگدانەوەی ئەو هاوپەیمانیەش بێت کە هاوکات لەگەڵ پارتی ویەکێتی چەند حزبێکی دیکەش بەشدارن، تێکرای پارتە سیاسیەکانی کوردستانیش بە پارتی مۆدێلی ستالینی و حزبی

بەعسی سوری پیشانی رای گشتی دەدەن، لەمەش خراپتر بانگێشە بۆ ئۆپۆزسیون دەکەن، بەڵام ئۆپۆزسیونێکی غەیرە حزبی و بۆئەوەی دیموکراسیەتێك بونیادبنرێت بەبێ بوونی پارتی سیاسیی Building Democracy without political parties )، ئەوانەی تاقەتیان هەیە بەدوای ئەم باسە بچن، بۆئەوەی بزانن دەگەنە ئەو هەقیقەتەی کە ئەم قسەیە بێجگە لە بۆچوونێکی ئایدیالی هیچی دیکە هەیە، ئەمەش وەك کۆمارەکەی ئەفلاتون لە رووی موناقەشەی فەلسەفی و فیکریەوە، لەوانەیە پاساوی خۆی هەبێت، پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمارەکەی ئەفلاتون دروست دەبێت؟ لە وەڵامدا شارەزایانی سیاسی دەڵێن لەبەر ئەوەی هیچ شتێك مەحاڵ نییە، بەڵێ دروست دەبێت، بەڵام زۆر زەحمەتە، ئێمە وەك گوڵان لەسەر ئەم چەمکە ناواقیعیە لەگەڵ زۆر بیریاری دیاری جیهانی وەك رۆبەرت داڵ و لاری دایمۆند و چەندنینی دیکە موناقەشەمان کردووە، ( ئەوانەی بە دواداچوون لەسەر پرسی دیموکراسی دەکەن دەزانن، رۆبەرت دال و لاری دایمۆند کێن ) هەموو پێمان دەڵێن بەڵێ مەحاڵ نییە بەڵام زۆر زەحمەتیشە،ئەگەر پرسیاری دیکە لە چوارچێوەی دیموکراسی بوروژێنین بڵێن ئایا فەلسەفەی دیموکراسی حزب دەکاتە مەرجی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراسی؟ بێگومان دەڵێن فەلسەفەی دیموکراتی نەك هەر حزب ناکاتە مەرجی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی بەڵکو هەتا سەدەی نۆزدەهەمیش حزبەکان وەك هۆکارێك بۆ تێکدانی دیموکراتی سەیر دەکران، باشە ئەگەر دیسان بپرسین ئەو هۆکارانەچین کە حزبی سیاسیی کردۆتە پێویستیەك بۆ بونیادی دیموکراسی؟ لە وەڵامدا پسپۆرانی دیموکراتی دەڵێن لەبەر ئەوەی فەلسەفەی دیموکراسی بەبێ دامەزراوە دروست نابێت، پارتە سیاسیەکانیش دامەزراوەی سیاسیسن بۆ بونیادی ئەو سیستەمە سیاسیە.

بۆئەوەی فێڵ لە هاوڵاتییانی خۆمان نەکەین، دەبێت کاتێك موناقەشە دەکەین، ئەو راستیە بە هاوڵاتیانی خۆمان بڵێین: ( دیموکراتی هاوچەرخ واتە دیموکراتیەتی دامەزراوەیی، مێژووی دیموکراسی وئەزموونی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت دیموکراسیەتی دامەزراوەیی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ئەم دیموکراسیەتەش بەرهەمی ئەو دامەزراوە یاسایی وسیاسیانەیە کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە ) خۆ دەکرێت بە هەمان بۆچوون بەس راستگۆیانە ( راستگۆیی سیاسیی و بە وەفایی بۆ جێبەجێکردنی بە لێنەکان سیمای مرۆڤ و پارتی دیموکراتخوازە ) ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی دیکە بخرابایە روو، بە راشکاوانە بە گەلی خۆمان بگوتایە دیموکراسیەت بەرهەمی حزبە سیاسیەکانە بە ئۆپۆزسیون و حزبەکانی دەسەڵاتیشەوە و بەڵام حزبە سیاسیەکانی ئێمە هەم ئۆپۆزسیون ( بەداخەوە لە کوردستان ئۆپۆزسیونی رەها نییە ) هەمیش ئەوانەی لە دەسەڵاتدان بەم رەفتارانەی ئێستایان ناتوانن دیموکراسی بەرهەم بهێنن و پێویستە ئەم گۆرانکاریانە لە ناو حزبەکانی خۆیان ئەنجامبدەن و هەتا حزبەکانیش خۆیان چاك نەکەن پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتی ئێمە راستە رێ نابێت، دەبێت ئەوانەی خۆیان بە دیموکراتیخواز دەزانن، هاوکاری سەرخستنی پرۆسە دیموکراسیەکە بن، نەك کۆڵەگەکانی دیموکراسی بشکێنن و بۆ شکاندنی ئەو کۆڵەگانەش پەنا بۆ هەموو شێوازێکی ناشەرعی ببرێت، هەر بۆنموونە:

١- ئایا پارتی ویەکێتی لەوە نیگەران دەبن، میدیایەکی ئازاد یان ئەوانەی بانگێشەی ئەوە بۆ خۆیان دەکەن کە پشتگیری میدیای ئازاد دەکەن و خۆیان بە دامەزرێنەری میدیای ئازاد لە کوردستان دەزانن،بە بەڵگە ناوی ئەو بەرپرسانەی پارتی و یەکێتی بڵاو بکەنەوە کە قۆرخکردنی ئابوری دەوڵەتیان گۆریوە بۆ قۆرخکردنی شەخسی خۆیان، ئایا ئەم بەڵگانە لەلایەن هاوڵاتییەوە متمانەی پێدەکرێ یان نە؟، ئایاهەولێك نەبوو بۆ ئەوەی خەڵك لە پێناوی جێبەجێنەکردنی یاسا نارەزایی دەربرێت. ئەوەی کە تائێستا بڵاویان کردۆتەوە بریتیە لەوەی فڵان بەرپرس بەبێ یاسایی کارەبای دزیوە، یان فلان بەرپرس بروانامەکەی ساختەیە و بەبڕوانامەی ساختە چۆتە زانکۆ، یان فلان بەرپرس دوای دەوام ئۆتۆمبیلی حکومەت بەکاردەهێنێت، ئەمانە راستە کەموکورتین، راستە پێویستە ئاشکرا بکرێن، بەڵام لەمانە زۆر گەورەتر هەن و چاوپۆشی لێکراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك رەخنەی لەوە گرتووە و بڵێت: ئەرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆ یاسایی وەبەرهێنانت دەرکردووە و دەستت خۆش بێت، بەڵام تاکەی باج لەو کۆمپانیانە وەرناگریت؟ هاتوون بڵێن ئەرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە ماوەی پێنج ساڵە تۆ بە فراوانی هانی وەبەرهێنان دەدەیت و زەوی دابەش دەکەیت بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت فراوان بکەیت، بۆچی ژمارەی کارمەندەکانت هەر زیاد دەبێت؟ ئایا بە حکومەتیان گوتووە حکومەتی هەرێم تۆ وەزارەتێکت بۆ رێکخستنی بازرگانی داناوە، ٤ساڵ یان ٢ ساڵ لەمەو پێش هەمان کەلوپەل کە لە دەرەوەدەهێنرێت و هەر بە هەمان نرخ و دراوی قورس دەکرێت، نرخەکەی زۆر لە ئێستا هەرزانتر بوو؟ ئایا هۆکاری ئەم گرانیە چیە؟ لانی کەم با وەزیری بازرگانی بانگ بکرێت بۆ پەرلەمان نالێن بۆ لێپرسینەوە، بابانگ بکرێت گوێی لێبگیرێت ( بانگ کردنی وەزیر بۆ پەرلەمان یان کەسی پەیوەندار بەکێشەیەك، هەموو کات بۆ لێپرسنەوە نییە، بەڵکو هەندێك جار تەنها بۆ گوێگرتنە و ئەو دانیشتنەش پێی دەگوترێت – دانیشتنی گوێگرتن لە پەرلەمان ) بۆئەوەی بزانرێت ئەو ئاستەنگانە چین کە نایەڵیت وەزارەتی بازرگانی، بازرگانی لەم وڵاتە رێکبخات، یان وەزیری پەروەردە بانگ بکرێت بۆئەوەی هاوڵاتیان بزانن ئەو هۆکارانە چین کە رۆڵەکانیان لە قوتابخانەی



**بە داخەوە ئەو نەتەوانەی لەگەڵ دیموکراسی خۆیان راهێناوە تائێستاش لە جیهاندا کەمینەن، هۆکاری ئەمە چیە ؟ بێگومان فێڵکردنی شەرعیە لە بنەماکانی دیموکراسی، واتە بەشداری هەڵبژاردن دەکات بەڵام ئامانجی تەنها دەسەڵاتە نەک پیادەکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی**

**هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك رەخنەی لەوە گرتووە و بڵێت : ئەرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆ یاسایی وەبەرهێنانت دەرکردووە و دەستت خۆش بێت، بەڵام تاکەی باج لەو کۆمپانیانە وەرناگریت ؟**

ئەو ئاستەنگانە چین کە نایەڵێت وەزارەتی بازرگانی، بازرگانی لەم وڵاتە رێکبخات

پەنابردن بۆ ناشرینکردنی پرۆسە دیموکراسیەکەمان لەسەر ئاستی جیهان و دەستخۆشی کردن لەو بەکرێگیراوانەی کە بە پارەی دەوڵەت دراوسێکانمان رووی پرۆسە دیموکراسیەکەمان لە جیهاندا ناشرین دەکەن و لەمەش زیاتر ناردنی زانیاری رۆژانە بۆی بە رێگەی ئیمێل، مایکل رۆبن هەرچیەکی پێدەگات، بەچەند دێرێکی کورت بە ئینگلیزی بڵاویدەکاتەوە، زیاد لەمەش شکاتی خۆیان دەبەنەوە لای ئەو بەکرێگیراوە بەوەی سەرۆکی کۆماری وڵات پەنای بردۆتە بەر یاسا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانە و پەنابردنی سەرکۆمار بۆ یاسا بە لغاوگیری ئازادی رادەربرین لە وڵاتدا پیشانی خەڵک دەدەن، یاسا وەک درندەیەک لەبەرامبەر ئازادی رادەربرین پیشاندەدەن

سێ دەوامی و چوار دەوامی دەخوێنن، ئــەو هۆکارانە چین کە ٤٠ خوێندکار لــە پۆلێکدا وانەی پێدەگوترێتــەوە، لە کاتێکدا بۆ دەوڵەمەندەکان و چینی سەرەوە قوتابخانەی تایبەت هەیە و لەبری ٣ کاتژمێــر رۆژانە ٦ کاتژمێر دەخوێنن و لە پۆلێکشــدا ١٤-١٦ قوتابی هەیە؟، ئایا کەی چاودێری پەروەردەیی و تەندروســتی بۆ هاوڵاتیانی کوردســـتان یەکســان دەبێت؟ ئەمانە هۆکارن بۆئەوەی هاوڵاتیانی خۆمان فێربکەین چۆن لە حکومەتی خۆی بپرســێتەوە نــەك هاوڵاتیانی خۆمان هانبدەین حکومەتەکەی خۆی بروخێنێت، بێگومــان روخاندن بەرهەمی ئەو ئەقلیەتانەیە کە بە هاوشــێوەی حزبە ســتالینیەکان بیردەکەنەوە و حزبیشی هەر بە شێوەی ستالینی دروستکردووە.

٢- پەنابردن بۆ ناشرینکردنی پرۆسە دیموکراسیەکەمان لەسەر ئاستی جیهان و دەستخۆشی کردن لەو بەکرێگیراوانەی کە بە پارەی دەوڵەت دراوسێکانمان رووی پرۆســە دیموکراسیەکەمان لە جیهاندا ناشرین دەکــەن و لەمەش زیاتر ناردنی زانیــاری رۆژانە بۆی بە رێگەی ئیمێــل، خۆش بەختانە مایکل رۆبن هەرچیەکی پێدەگات، بەچەند دێرێکی کورت بە ئینگلیزی بڵاویدەکاتەوە، زیاد لەمەش شــکاتی خۆیــان دەبەنەوە لای ئەو بەکرێگیراوە بەوەی ســەرۆکی کۆماری وڵات پەنای بردۆتە بەر یاســا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانە و پەنابردنی سەرکۆمار بۆ یاســا بە لغاوگیری ئازادی رادەربرین لە وڵاتدا پیشانی خەڵك دەدەن، یاسا وەك درندەیەك لەبەرامبەر ئازادی رادەربرین پیشاندەدەن، لەسەر ئەم بارە شێواوەی کە رۆژنامەنوسانی بازارگەرمی بۆ دەکەن، ساڵی پار لە یادی رۆژنامەگەری کوردیدا دیدارێکمان لەگەڵ پرۆفیســۆری رۆژنامەنووس و ســتون نوسی رۆژنامی واشتنۆن پۆست داڤید برۆدەر ئەنجامدا و لێمان پرسی ئێوە هیچ سانسۆرێکتان بۆ رۆژنامەگەری نییە، رۆژنامەنوسەکانتان بە چیــەوە پابەندن؟ لە وەڵامدا پێی وتوویــن بە بنەما ئەخلاقیەکانی کاری رۆژنامەنووسیی(Code of Ethic)، هەروەها رێزگرتن لە یاســا، پێمان دەڵێت کە هیچ یاسایەك نییە سانسۆر بخاتە سەر کاری رۆژنامەنووســی، بەو مانایە نییــە رۆژنامەنوس بوختانیش بکات لێپرسینەوەی نەبێت، یان رۆژنامەنوس رێز لە گڵۆپی سوری ترافیك لایت نەگرێت و بڵێت کاری رۆژنامەنوســیم هەیە،بەداخەوە ئەوانەی لە کوردستان بانگێشە بۆ میدیای ئازاد دەکەن رۆژنامەنوس هانددەدەن رێز لە یاســا نەگرێت، رۆژنامەنوسێك یان نوسەرێك بنەما ئەخلاقیەکانی نوســین و رۆژنامەوانــی دابەزێنێت، کەچی ئیمزا کۆدەکرێتەوە یاســا رێچکەی خۆی نەگرێت، یان کەسێك پێی وایە تەشهیری پێکراوە، دەچێت لە دادگا شکات دەکات لە رۆژنامەیەك یان سایتێك، کەچی ئەوانەی خۆیان بە رۆژنامەنوسی ئازاد دەزانن، هەزار ناوناتۆرەی خراپ بۆ ئەو کەســە هەڵدەبەســتن کە رێگەی یاســایی گرتووە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکەی، ئەمەش فێڵکردنێکی دیکەیە لە کەشــوهەوای دیموکراسی کە پێشێلکردنی ئازادیەکان بە ناوی پاراستنی ئازادیەکان پەردە پۆش دەکرێن.

## رۆڵی ئۆپۆزسیون لە پرۆسەی دیموکراسیدا

ئۆپۆزســیونی بەهێز نیشــانەی دیموکراســیەتی تەندروستە، کە ئۆپۆزســیون لاواز بوو، یــان کاملنەبوو، دەشــێت بڵێین حکومەت دەتوانێت حکومرانی تارادەیەك باش پیادەبکات، بەڵام دیموکراسیەت لە ئاســتێکی باشــدا نابێت، لە هەندێك وڵات بە تایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئاســتی حکومرانی باش لە ئاستی دیموکراتی بەرزتــرە، لە هەندێــك وڵاتیش ئاســتی دیموکراتی لە ئاســتی حکومڕانــی باش بەرزترە،ئــەم ووردەکاریانە نیشــانەی جیاوازی سیستەمە حکومرانیەکانی جیهانە، بۆیە لەوانەیە هیچیان دەقاودەق بۆ وڵاتی ئێمە راســت نەبن، بەڵام دەکرێت هەریەکەیان بە جۆرێك و لەبەر رۆشنایی تایبەتمەندیەکانی خۆماندا سوودی لێوەربگرین،هەر بۆنموونە دیموکراســیەتیش پێوانەی جیاوازی هەیە ' ئەگەر تورکیا کە یەکێکە لە دەوڵەتە دراوســێکانمان وەك دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی بۆ دیموکراسی هەڵبسەنگێنین، دەبینین تورکیا ئەگەر وەك نموونەی دیموکراتی رۆژهەڵاتی وئیســلامیش پۆلێننەکرێت، ئەوا لەریزی پێشــەوە دادەنرێت، بــەڵام ئەگەر هەر تورکیا وەك ئەو دەوڵەتە هەڵبســەنگێنین کە زیاتر لە ٤٠ ســاڵە داوا دەکات ببێتە ئەندامــی یەکێتی ئەوروپــا و وەك دەوڵەتێکی لیبــڕاڵ دیموکراتی رۆژئاوا هەڵیسەنگێنین، ئەوا مەرجە دووروودرێژەکانی یەکێتی ئەوروپا دەبینین چۆن ریزکراون، کــە هەندێك جاری وا هەبووە، دەوڵەتێکی



وەك فەرەنسا بە تەواوەتی ئەوەی رەتكردۆتەوە ئەسلەن وتووێژ لەسەر ئەوە بكرێت توركیا ببێتە ئەندامی یەكێتی ئەوروپا، كەواتە ئێمەش لەم راپۆرتە زۆر پێداناگرین و لەبەر رۆشنایی باردۆخی ئێستای كوردستان چاوێك بەو راپۆرتە بخشێنین كە ئەو چوار حزبە كوردستانیە نوسیویانە و پێشكەشی رای گشتی كوردستانیان كردووە، ئەگەر بەوە تاوانبارمان نەكەن دژی ئۆپۆزسیونین، ئەم سەرنجانە دەخەینەروو:

• كە راپۆرتی ٤ حزبەكە دەخوێنیتەوە هەست دەكەیت ئەم حزبانە نەك هەر لە كاروباری وڵات و بەڕێوبردنی حكومەت كەم ئەزموونن، هەستدەكەین ئومێدیان بە خۆشیان نییە كە رۆژێك ببنە ئۆپۆزسیونێكی بەهێز و كاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دیموكراتی ئەم وڵاتە هەبێت، ئەم سەرنجە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت كە قسەكانیان زیاتر لە ریز كردنی وشە و راپۆرتی كادرێكی مامناوەندی دەچێت كە بۆ لقێك یان مەڵبەندێكی بەرزدەكاتەوە و لە روانگەی پێشاندانی دلسۆزی بۆ حزبەكەی یان بەرپرسەكەی سەروو خۆی موبالەغە لەهەندێك شتدا دەكات و بەڵگەی ئەوەشی لانیە كە بەشێك لەو موبالەغەیەی كردوویەتی بیسەلمێنێت. هەربۆنموونە هۆكاری كێشەكانی نێوان بەغدا و هەرێم دەگێرنەوە بۆ لاوازی توانای سەركردایەتی سیاسیی كوردستان لە هونەری بەرێوەبردنی وتووێژەكاندا، بێگومان كاتێك ٤ حزبی سیاسیی كە بە حساب خۆیان بە ئۆپۆزسیون و بەدیل دەخەنە پێش چاوی خەڵك، بەمجۆرە باس لە سەركردایەتی سیاسیی وڵاتەكەی دەكات،دەبێت بەڵگەی بەدەستەوە بێت، یان دەیەوێت خەڵك چەواشە بكات و ئەو دەسكەوتانە بشارێتەوە كە هاوپەیمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی پارتی ویەكێتی بەدەستهاتوون لەوانە:

١- بۆ یەكەمجار لە مێژوودا پارتی ویەكێتی توانیان بەپەیرەو كردنی سیاسەتێكی مۆدێرنانە و بە هونەری بەرێوەبردنی دانوستانەكان بۆ دانانی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەت و دواتریش دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، یەكێك لە پۆستە سیادیەكانی عێراق، كە یەكەمجار سەرۆكایەتی پەرلەمانی عێراق بوو، دواتریش هەر بەهەوڵی هاوپەیمانی كوردستان و بەزیرەكی پارتی ویەكێتی بووە پۆستی سەرۆك كۆمار.

٢- لەو رۆژەوەی مام جەلال وەك نوینەری هاوپەیمانی كوردستان بۆتە سەرۆك كۆماری عێراق گوێمان لێ نەبووە بێجگە لەم ٤ حزبە لایەنێكی سیاسیی دیكە بێجگە لە ساڵح موتڵەگ بڵێت مام جەلال سەرۆك كۆمارێكی لاوازە.

٣- پارتی ویەكێتی بۆ یەكەمجار لە مێژووی عێراق توانیان بە رێگەی هونەری دانوستاندن و هاوپەیمانی پەرلەمانی سەرۆك وەزیرانی عێراق د.ئیبراهیم جەعفەری ناچار بكەن دەست لە كاربكێشێتەوە.

٤- پارتی ویەكێتی بۆ یەكەمجارە لە مێژووی عێراقدا بوونە شا دروستكەری سیستەمی سیاسیی و حكومەت لە عێراقدا و لەسەر جێبەجێكردنی مافە دەستوریەكانی گەلی كوردستان هەرەشەی گۆرینی حكومەتی عێراق دەكەن و تائێستاش ئەم رۆڵی شا دروستكەرە بەدەست هاوپەیمانی كوردستانەوە ماوە.

٥- پارتی ویەكێتی توانیان لە نووسینەوەی یاسای كاتی دەوڵەتی عێراق ماددەی ٥٨ بۆ چارەسەركردنی كێشەی كەركوك و ناوچە دابراوەكان بچەسپێن و دواتریش ئەم ماددەیە بكەنە ماددەی ١٤٠ لە دەستوری عێراقدا.

٦- پارتی ویەكێتی توانیان هێزی پێشمەرگەی كوردستان وەك پاسەوانی هەرێمی كوردستان ( نەك پۆلیسی پاسەوانی سنور ) بهێڵنەوە و بیكەن بەبەشێك لە سوپای دەوڵەتی عێراق.

٧- پارتی ویەكێتی توانیان لەناو پەرلەمان و حكومەتیشدا بەشی كورد لە پۆستە سیادیەكانی حكومەت و پەرلەمان مسۆگەر بكەن. وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق، وەزارەتی دەرەوە ( بێگومان دەبێت بزانن وەزارەتی دەرەوە مانای چیە ) جێگری سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە بێجگە لە چەندین وەزارەت و بریكاری وەزارەت و پۆستەكانی دیكەی حكومەت و باڵیوزەكانی عێراقیش لەدەرەوە، لە هەموو ئەم پۆستانەی كادرە پێشكەوتوو سەركردایەتیەكانی یەكێتی وپارتی بۆ پاڵیوراون، نەمانبیستوە كەس بڵێت هۆشیار زیباری كە ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە وەزیری دەرەوەی عێراقە كەسێكی لێنەهاتوو و لاوازە، یان د.بەرهەم لە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقدا كەسێكی شایستەو لێهاتوو نییە، ئایا ئەگەر ئەو سەركردە لێهاتوانەی



**كەی چاودێری پەروەردەیی و تەندروستی بۆ هاوڵاتیانی كوردستان یەكسان دەبێت؟**

**ئەوانەی لە كوردستان بانگێشە بۆ میدیای ئازاد دەكەن رۆژنامەنوس هاندەدەن رێز لە یاسا نەگرێت**

**ساڵی پار لە یادی رۆژنامەگەری كوردیدا دیداریكمان لەگەڵ پرۆفیسۆری رۆژنامەنووس و ستون نوسی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست داڤید برۆدەر ئەنجامدا و لێمان پرسی ئێوە هیچ سانسۆرێكتان بۆ رۆژنامەگەری نییە، رۆژنامەنوسەكانتان بە چیەوە پابەندن ؟ لە وەڵامدا پێی وتووین بە بنەما ئەخلاقیەكانی كاری رۆژنامەنووسیی**



که ڕاپۆرتی٤ حزبەکە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت ئەم حزبانە نەک هەر لە کاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی حکومەت کەم ئەزموونن، هەستدەکەین ئومێدیان بە خۆشیان نییە کە ڕۆژێک ببنە ئۆپۆزسیونێکی بەهێز و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دیموکراتی ئەم وڵاتە هەبێت

پارتی ویەکێتی لە بەغدا نەبوونایە ئێمە بەشـداریمان لە حکومەتی فیدرالی بەو جۆرە دەبوو.

٨- لەو ماوەیەی بەڕێز کاك مسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتانە و بەڕێز نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانە، کوردستان لەسەر ئاسـتی ئیقلیمی، عێراق، جیهانی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تەنگژەی گەورە بۆتەوە، وەك هەرەشـەکانی تورکیا، بیانوەکانی حکومەتی عێراق بۆ گێرانەوەی سـوپا بۆ ئەو ناوچانەی کێشـەیان لەسـەرە، پەنابردن بـۆ دوژمنایەتی کورد و عەرەب راکێشانی دەستی ئیقلیمی، هەروەها ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی بەدناوی بیکەر هاملتۆنیش، ئەم هەموو کێشـانە چارەسەرکراون و ئەم هەموو تەنگژانە بەڕێوەبراون بەبێ ئەوەی تەنها کاتژمێرێك باری نائاسایی لە کوردستاندا ڕابگەیەنرێت، ئایا ئەمە نیشانەی لاوازی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانە؟

• باسـی نەبوونی هەڵوێستی سیاسیی یەکگرتوو داڕێژراوی نیوان پارتـی و یەکێتی دەکـەن، لێرەدا دوونموونـە دەهێنینەوە: یەکەم / کاتێك سەرۆك بارزانی لەبەغدا پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردسـتانی کۆکردەوە و پێی گوتن، جێبەجێکردنی ڕاپۆرتی بیکەر –هاملتۆن کارەسـات دروسـت دەکات، ئایا بەڕێز مام جەلال ڕای جیاوازی هەبوو، دووەم / ئایا کاتێك مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێـراق دەچێتە کەرکوك و فەرمان دەدات کە پۆسـتە ئیدارییەکانی کەرکـوك دابەش بکرێن، ئایا پارتی رایەکـی پێچەوانەی هەبووە، ڕاسـتە مام جەلال یان کاك مسعود کە قسە دەکەن وتار ناخوێننەوە، بـەلام ئەمە مانـای ئەوەنییە کە پارتی ویەکێتی هەڵوێسـتێکی داڕێژراو و نووسـراویان نەبێت وئەمە لە پێشنیاری حزبی سیاسیش ناچێت.

• لەبەشێکی دیکەدا ڕێنمایی حکومەت دەکەن بەم خاڵانە:

أ- گۆڕینی یاسای خزمەتگوزاری مەدەنی

سەبارەت بەم یاسـایە دەکرێت هەموار بکرێت، بەڵام گۆڕینی ئەم یاسایە بە یاسایەك کە لەگەڵ یاسای خزمەتگوزاری مەدەنی عێراق یەکنەگرێتەوە یـان پێچەوانە بێت، نابێت، هەربۆ نموونە حکومەتی عێراق موچە زیاد دەکات یان ساڵەکانی خزمەت بۆ خانەشینی زیاد دەکات یان کەم دەکات ئایا دەبێت یاسایەکی دیکەی خزمەتگوزاری مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کاری پێبکرێت، بۆیە باشتر بوو باس لە هەموارکردنی بکرێت نەك گۆڕینی.

ب- دروسـتکردنی لیژنـە بـۆ کەمکردنـەوی ڕۆتیـن لەهەر وەزارەتێکدا.

لە کوردسـتان قسـەیەك هەیە دەڵێت ویسست هەر شتێك جێبەجێ نەکرێت لیژنەیەکی بۆ دروسـت بـکات، کەمکردنەوەی ڕۆتین یان پیادەکردنی بیرۆکۆاسـیەتێکی سـەرکەوتوو پێویستی بەوەهەیە کە سیستەمی دامەزراوەی و لامەرکەزیەتی دەسەڵات دروست دەبێت، واتە کارێك پێویسـتی بە ئیمزای بەڕێوەبەرێك هەیە، نەچێتە لای بەڕێوەبەری گشتی ٬ لای بەڕێوەبەری گشتی تەواو دەبێت نەچێتە لای وەزیر. نەك بە دروستکردنی لیژنە و ئەلقەی زیادی ڕۆتین.

• باسـی ئەوەدەکەن لەبەرنامـەی حکومەتدا ئەولەویەت بدرێت بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاو ئاوەڕۆ.

باشـە پرسـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ پرۆژەیەك وەك پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە کوردستان ئەولەویەتی پێدراوە، ئایا ئەم ٤ حزبە بەڕێزەئاگاداری ئەوەن حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بەچەند شێوە کار لەسـەر ئەم پرۆژەیە دەکات، بۆئەوەی ئاگاداربن دەڵێن،بۆ ئەوەی کێشـەی خزمەتگوزاری ئاو ئاوەڕۆ لە کوردستان چارەسەر بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێگەی وەزارەتی پەیوەندار بەمجۆرە هەوڵیداوە:

أ- داواکردنی یارمەتی لە دەوڵەتانی هاوپەیمان.

ب- تەرخانکردنی بەشـێکی باشـی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

ت- پەنابردن بۆ قەرزی درێژخایەن لە دەوڵەتانی هاوپەیمان.

ث- هەوڵدان بۆ بەشی کوردسـتان لەو یارمەتیانەی کە دەوڵەتانی بەخشەر بۆ عێراقی دەنێرن.




بۆئەوەی زیاتر لەم مەسەلەیە ئاگاداربین و بزانرێت ئەم خزمەتگوزاریە چەند لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەولەیەتی پێدراوە دەڵێین:

ئەو پرۆژانەی کە پێویستن لە کوردستان بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پاك لە کوردستان ئەنجامبدرێت، هەر هەمووی دیزاینی بۆ کراوە و دیراسەتی تێچوونی بۆکراوە و ئامادەکراون بۆ ئەوەی بەپێی ئیمکانییەتی حکومەت و ئەو قەرزانەی بۆ ئەم بوارە داوا دەکرێن بکەونە واری جێبەجێکردنەوە.

ئەوەی تائێستاش لەژێر جێبەجێکردندایە و لەم ٢-٣ ساڵەتەواوبوون زیاتر لە بڕی ٢ملیار دۆلاری تێچووەو لە ٪٨٠ی ئەم پارەیەش لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بۆیە هەق بوو ئەم ٤ حزبە دلوای ئەوەبکەن شتی دیکە بکرێت بە ئەولەیەت، بۆ ئەوەی نەشگوترێت ئەی پرۆژەی ئاوی سلێمانی، لەوەڵامدا دەڵێین پرۆژەی ئاوی سلێمانی لەگەڵ ئەوەی ئێستا تەواو بووە، بەڵام دواکەوتنی پەیوەندی بەوەوە نەبووە کە ئەو پرۆژەیە لە ئەولەیەتی نەك حکومەت بەڵکو ئیدارەی سلێمانیش نەبووە، نەخێر ئەو پرۆژەیەش لەئەولەویەتی ئیدارەی سلێمانی بووە، بەڵام سەرچاوەی دابینکردنی بودجەکەی گۆڕانی بەسەردا هات و تا بودجەی دیکەی بۆ دابینکرا ماوەیەك دواکەوت، ماوەتەوە بشڵێین پرۆژەی ئاو بەتەنیا راکێشانی ئاو نییە بە بۆری لە دەریاچەیەکەوە بۆ شارە گەورەکان بەڵکو پرۆژەیەکی گەورەیە و، هەرە بچووکەکەی بڕی ٥٠ -٧٥ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و هەندێکیان وەك پرۆژەی ئاوی شارە گەورەکان ( تەنیا هێنانی ئاوەکە ) زیاتر لە ٢٠٠ — ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و ئەگەر حساب بۆ تۆڕی دابەشکردنی شارەکانیش بکرێت، ئەوکاتە دەزانرێت حکومەتی کوردستان چ بایەخێکی گرنگی بەم خزمەتگوزاریە گرنگە داوە و ئەو بەرێزانەشی ئەو راپۆرتەیان نوسیوە دەتوانن لە زاخۆ تا هەڵەبجە بگەڕێن وسەیر بکەن چەند پرۆژەی گەورە ئەنجامدراوە.

• ڕێنمایی حکومەت دەکرێت کە پرۆژە گەورەکان پێش ئەوەی جێبەجێ بکرێن ڕەزامەندی وەزارەتە پەیوەندارەکانی لەسەر وەربگیرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە مەبەست لە کام پرۆژەیەی گەورەیە کە وەزارەتی پەیوەندار پرسی پێنەکراوە، ئەگەر مەبەست پرۆژە ستراتیژیە گەورەکان بێت، کەپێشتر پێیان دەگوت پرۆژە تایبەتەکان، ئێستا ئەم پرۆژانەش دابەشکراونەتەوە بەسەر وەزارەتە پەیوەندارەکان، گەورەترین پرۆژە لە کوردستان پرۆژەی دامەزراندنی وێستگەی کارەبای هەولێر و چەمچەماڵە کە بە هەردوکیان بڕی ١ ملیار دۆلاری تێدەچێت، پرسیار ئەوەیە ئایا پرس بە وەزارەتی کارەبا نەکراوە؟ یان ئەوە یەکێکە لەبەرنامەکانی وەزارەتی کارەبا، ئینجا بەرێگەی کەرتی تایبەت جێبەجێ دەکرێت یان کۆمپانیا ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی کارەبا سەرپەرشتی دەکرێت، دوای کارەبا پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە ڕاستەوخۆ وەزارەتی شارەوانی بەرنامەی بۆ دادەنێت و سەرپەشتی جێبەجێکردنی دەکرێت، ئەگەر مەبەست پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و بیناسازیە، کە ئەوانیش بە پرۆژەی گەورەو ستراتیژی حساب دەکرێن وپێکەوە خۆی لە ملیار دۆلار زیاتر دەدات، ئەوە ڕاستەو خۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە جێبەجێی دەکات و کۆمپانیاکانیش لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان گرێبەستەکان مۆردەکەن.

بۆیە ئێستا ئەم مەسەلەی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەو شێوەیە نییە، لە کوردستانیشدا سەقفەی گەورەمان نیە بۆ کرینی چەك هەتا ئەنجوومەنی وەزیران بە نهێنی بیکات و وەزارەتی پەیوەندار ئاگادار نەکرابێتەوە.

لە کۆتایی ئەم راپۆرتە جارێکی دیکە ئەوە دووپاتدەکەینەوە کە ئەم سەرنجانە بۆ کەمکردنەوەی راپۆرتەکەنییە، بەڵکو دەمبوایە راپۆرتی ٤ حزبی سیاسیی لەمە گرنگتر بوایە و باشتر دەستیان بخستایە سەرکێشەکان و ئەم راپۆرتەش کۆتایی هەموو شتێك نییە، دەکرێت لە ئایندەدا باشتر لە واقیعی کوردستان وردبنەوە و زیاتر خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆن بە کێشەکانی خەڵکەوە ماندوو بکەن.

●●●

**لەو رۆژەوەی مام جەلال وەك نوێنەری هاوپەیمانی کوردستان بۆتە سەرۆك کۆماری عێراق گوێمان لێ نەبووە بێجگە لەم ٤ حزبە لایەنێکی سیاسیی دیکە بێجگە لە سائح موتلەگ بڵێت مام جەلال سەرۆك کۆمارێکی لاوازە**

●●●

سەرۆ قادر(بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان )بۆ گوڵان:

# کە باسی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکەین هەست دەکەین ڕووبەڕووی بەد حاڵیبوونێک دەبینەوە

ڕۆژنامەنووس ئەگەر بەرپرسیارێتیش وەربگرێت، لە کاتی گفتوگۆو باسکردنی بابەتە سیاسیی و هەستیارە گرنگەکاندا بە تەوای لایەنە کراوەکەی ڕۆژنامەنووسی داناخات، بەڵام وەك ڕۆژنامەنووسێکی لیبرالیش سەیری مەسەلەکان ناکات و موناقەشەیان لەسەر ناکات، ئەم حاڵەتە لەبەر ئەوەنییە بەر پرسیارێتیەکەی بڕوابوونی بەکرانەوە دەگۆڕێت، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکە وایکردووە خەڵك قسە و موناقەشەکانی وەك ڕای شەخسی خۆی نەخوێننەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری وەك هەڵوێستی سیاسیی ئەو پارتە سیاسیە بۆ دەکەن کە ئەو بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندنەکەی لە ئەستۆدایە، لەم سەردانەماندا بۆ لای بەرێز سەرۆ قادر و بۆ هەلسەنگاندنێکی بابەتێکی گرنگی وەك پەیوەندی نێوان پارتە سیاسیەکان و حکومەت لە سیستەمی دیموکراسی و ڕۆڵ و هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن لەو سیستەمەدا، هەستمان بەوەکرد کە ئەم ڕۆژنامەنووسەی دوێنی بە وتار و دیمانە ڕۆژنامەنووسییەکانی گۆمی مەنگی دەشڵەقاند، ئەمرۆ بەتەنها وەك ڕۆژنامەنووسێکی لیبرال سەیری پرسەکان ناکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی لە باسە گشتیەکاندا کرانەوە و لیبرالیەتەکەی دەردەکەوێتەوە، بەڵام لە مەسەلە هەستیارەکانی پەیوەندار بە باری ناوخۆی کوردستانەوە بەرپرسانە هەڵوێستەیان لەسەر دەکات .

ئەم دیمانەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرۆ قادر وەك ڕۆژنامەنووس بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکانی لە نێو ڕای گشتی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنن وهەمیشە لە کاتی هەر پرسێکی گەرمدا قسەی خۆی هەبووە. ئەم دیمانەیە دەبێتە بەشێك لەو ڕاپۆرتەی کە چەندین ڕۆشنبیر و پسپۆری دیکە لەسەرانسەری جیهان هاوکاریان کردووین و ئامانجمان شەنوکەوکردنی ئەو پرسە هەستیارانەی ناوخۆی کوردستانە، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی جیهان بەڕای گشتی بگەیەنین .

بەهەرحاڵ وەك لە دیمانەکەشدا بە ڕوونی ئەو لایەنە دیارە، سەرۆ قادر لەسەر چەمکە فیکرییەکان و شرۆڤەی سیستەمی دیموکراتی و ڕۆڵ وگرنگی پارتە سیاسیەکان بۆ بونیادی دیموکراسی بە هەمان جورئەتەکەی دوێنێ بوێرانە دەستی دەخستە سەرکێشەکان و ئاماژەشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرد، بەڵام کە دەهاتینە سەر باسی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی و بایەخ و کاریگەری سلبی و ئیجابی ئەم هاوپەیمانێتیە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا، لێرە وەك بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسەلەکانی هەڵدەسەنگاند و شرۆڤەی بۆ دەکرد . لە ڕاستیدا قسەکردن لەبارەی سەرۆقادر وەك خۆی، پیشەکییەکی لێدەکەوێتەوە کە کتێبێکی پڕ دانسقە دەبێت، چونکە سەرۆ قادر یەکێك لە دیارترین ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کوردستانە کە لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەمەندترین ئەزموونی بەرهەمهێناوە، بۆیە ئەگەر لە هەموو بوارەکاندا دیمانەی لەگەڵدا بکرێت، کتێبێکی جوانی لێدێتە بەرهەم، بەڵام ئێمە وەك گوڵان مەبەستمان بوو لە گەرمترین ئەو پرسانە بیدوێنین، کە ڕاو سەرنجی ئەو بۆ خوێنەرانی گوڵان زۆر پێویستە، بۆیە دیمانەکەمان لێرە بەم شێوەیە دەبینی گفتوگۆیەکە بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە، لەگەڵمانکردووە،کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.



**گوڵان: ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت بۆ ئەوەی بونیادی حکومەت و دیموکراتی لە کوردستان بەهێز بێت، دەبێت حزب و حکومەت لێکجیابکرێتەوە، پرسیار ئەوەیە،ئایا دەکرێت لە سیستەمی دیموکراتیدا حزب لە حکومەت جیابکرێتەوە ؟**

سەرۆ قادر : لەبەر ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا ئەزموونمان نیە، کە باسی جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکەین، هەست دەکەین رووبەرووی بەد حاڵیبونێك دەبینەوە، ئەمەش لە دوو لایەنەوەیە :

یەکەم،لایەنێك وەك ئێمە کە لەدەسەڵاتداین پێمانوایە لایەنەکەی دیکە پێمان دەڵێت ئێوە دەسەڵات بە هەڵبژاردن وەربگرن بەڵام هەرچی ئەندامانی حزبە نەیەتە ناو حکومەت.

دووەم، هەروەها ئەو دەنگانەی دیکەش چ وەك ئەوانەی دەنووسرێن یان ئەو حزبانەی بەشدارن لە حکومەت و داوا دەکەن کە حزب لە حکومەت جیابکرێتەوە،ئەوانیش لەبەر کەم ئەزموونی خۆیان دیسان ئەم قسانە دەکەن و داوادەکەن حزبی دەسەڵاتدار ئەگەر بەهەڵبژاردنیس دەسەڵاتی بردبێتەوە داوادەکەن کادرو ئەندامانی خۆی لە حکومەت بهێنێتە دەرەوە.

من وای دەبینم لە هەردوو بۆچوونەکەدا بەد حاڵیبوون هەیە و دەبێت بەدحاڵیبوونی هەردوو حاڵەتەکەش چارەسەر بکرێت .بۆ ئەمەش هەنگاوی یەکەم ئەوەیە ئەگەر ئۆپۆزسیون لە وڵاتی ئێمە خۆی رێکخست، هەرگیز نابێت باس لەوە بکات، ئەگەر حزبێك بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی بردەوە نابێت ئەندام و کادرەکانی خۆی بخاتە ناو حکومەتەوە، بۆچی ؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە هەر حزبێکی سیاسیی کە بە شداری هەڵبژاردن دەکات بەرنامەی خۆی دەخاتە بەردەمی میللەت و دەنگدەران و پێیان دەڵیت ئەگەر متمانە یان دەنگی خۆتان بدەن بەمن، ئەوا من ئەم بەرنامەیەتان بۆ جێبەجێ دەکەم .هەربۆیە کاتێك میللەت دەنگی خۆی بەو بەرنامەیە دەدات، ئەوا ئەو حزبە مافی خۆیەتی کادرو ئەندامانی خۆی یان ئەو کەسانەی متمانەیان پێدەکات پۆستە سیاسیەکانی حکومەتیان پێبسپێرێت .

بۆیە دەبێت ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن روانگەی خۆیان روونبکەنەوە، یان راستر بڵێم دەبێت فێربن، ئەو حزبەی هەڵبژاردن دەباتەوە کادرو ئەندامانی خۆی دەخاتە ناو حکومەت و هەروەها لەو ماوەیەی ئەو حزبەش لە دەسەڵاتدایە دەتوانێت هەندێك پێگەی ئیداری بەهێزیش کە لە ناو حکومەتدا هەیە، پۆستەکانی بە کادرەکانی خۆی ئاڵوێر پێبکات .

ئینجا ئەگەر بێینەوە سەر روانگەی حزبی دەسەڵاتدار کە ئێمەین و دەست بخەینە سەر برینەکانی واقیعی کوردستان وەك خۆی دەبینین رێکخراوەکانی حزب لە دەرەوەی حکومەت دەست لە کاروباری حکومەت وەردەدەن، کێشە بنەرەتیەکە لێردا ئەمەیە کە نابێت رێکخراوەکانی حزب یان ئەو ئەندام و کادرانەی حزب کە لەدەرەوەی حکومەتن، دەست لە کاروباری حکومەت وەربدەن .بۆ نموونە لقەکان، کەسایەتیە سیاسیەکان،ئەندامانی سەرکردایەتی ئێمە یان هی حزبی هاوپەیمانی ئێمە کە یەکێتی یە و لە دەرەوەی حکومەتن نابێت هیچ دەستێوەردانێکیان بۆ کاروباری حکومەت هەبێت،بەڵکو دەبێت بە رێگەی حزبی خۆیان بگەرێنەوە بۆ سەرکردایەتی خۆیان و لەرێگەی سەرکردایەتی هەردوولاوە ئەو کارە بەو کادرەی خۆیان بڵین کە دەیانەوێت پێیان بڵێن،ئەوەی گرفتی ئێمەیە ئەوەیە لە کوردستان ئێمە ئەمە ناکەین و ناگەرێینەوە بۆ سەرکردایەتی، بەڵکو لق و مەڵبەندەکان، ناوچە وکۆمیتەکان لە شارو شارۆچکەکان راستەوخۆ دەست لە زۆر کاروباری حکومەت وەردەدەن،لەو بوارانەی کە راستەوخۆ دەستێوەرنادەن ناراستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ئەندامەکانی خۆیان هەیە و ئیرادەیان ئیفلیج دەکەن .بێگومان ئەمە گرفتە سەرەکیەکەی ئێمەیە، دەبێت فێربین چی هەقی حزبە و چی هەقی حزب نییە، هەربۆنموونە، پارتی ویەکێتی مافی خۆیانە ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بن، بەرپرسی لق یان بەرپرسی مەڵبەند بکەنە پارێزگار، یان قایمقام . یان وەزیر،بۆیە ئەگەر ئەو وەزیرە یان ئەو پارێزگارە لە یەك کاتدا وەزیریش بێت و بەرپرسی لق یان مەڵبندیش بێت کارێکی زۆر ئاساییە و پێچەوانەی هیچ یاسایەکیش نییە،بەڵام لەوانەیە لەهەندێك وڵات ئەم مەسەلەیان کردبێت بە نەریتێك لەو کاتەی ئەو کادرە یان ئەو ئەندامەی حزب کە پۆستی گشتی وەردەگرێت، مومارەسەی پۆستە حزبیەکەی نەکات،بەڵام ئەمە یاسایەك نییە بگوترێ دەبێت هەموو کاتێك بەو جۆرە بێت، دەکرێت هەردوو پۆستەکە پێکەوەبن دەکرێت لێکیش جیابکرێنەوە .هەروەها دەبێت ئاماژە بە واقیعی خۆشمان بکەین، لە کوردستان و دەوڵەتی فیدرالی عێراق پۆستی سیادی و حکومی، کەسی سیاسیی لە پۆستە حزبیەکەی مەحروم ناکات، هەر بۆنموونە، سەرۆك کۆماری عێراق، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقیە، سەرۆك وەزیرانی عێراق سەرۆکی حزبی دەعوای ئیسلامیە .سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئینجا لە خوار ئەم بەرێزانەشەوە هەر بەو جۆرەیە، لەبەر ئەوەی لە دەستوری عێراقدا بەهیچ جۆرێك برگەیەك یان مادەیەکی دەستوری نیە کە بڵێت ئەو کەسانەی لە پۆستەکانی سەروەری یان ئەندامی پەرلەمان یان وەزیرەکانن ..هتد .نابێت کەسانی حزبی کاریان تێدابکەن، یان ئەگەر کاریان تێداکرد نابێت مومارەسەی کاری حزبی خۆیان بکەن.

کەواتە دەبێت مەسەلەکە بەمشێوەیە تێبگەین، هەر حزبێکی سیاسیی ئەگەر لە هەڵبژاردن بردیەوە بۆی هەیە پۆستی حکومە بە کادر یان ئەندامەکانی خۆی بسپێرێت،بەڵام کە حزب پۆستی حزبی نەسپارد بە کادرەکەی خۆی، ئەو کادرە لەناو حزب هەر پلە وپایەکی هەبێت بۆی نییە دەست لە کاروباری حکومەت وەربدات .

**گوڵان: پێتوانیە گرفتەکە مەسەلەی تێکەڵاوی حزب و حکومەت نییە، بە ڵکو گرفتەکە ئەوەیە حزب کادری هەڵسوراو دەستەبژێرەکانی خۆی ناپاڵیوێت بۆ پۆستە حکومیەکان ؟**

سەرۆ: ئەوە یەکێك لە ئەشکالیەتەکانە،بە مەزندەی من ماوەی ئەو ١٦-١٧ ساڵەی کە ئەزمونێکی حوکمڕانی لە کوردستان بەرێوە دەچێت، ماوەیەکی کەمە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسی لەسەرەوە هەتا خوارەوە بەکادرو ئەندامەکانی حزبیشەوە لە وردەکایەکانی کاروباری دەوڵەت و حکومرانی لە سیستەمێکی دیموکراتیدا تێبگەن، یان چەند شێوازێکی تاقیکردبێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کام شێواز لە هەموویان بۆ وڵاتەکەی گونجاوترە . ئێمە هەموو

●●●

**دەبێت فێربین چی هەقی حزبە و چی هەقی حزب نییە**

●●●

●●●

**لە کوردستان و دەوڵەتی فیدرالی عێراق پۆستی سیادی و حکومی، کەسی سیاسیی لە پۆستە حزبیەکەی مەحروم ناکات، لەبەر ئەوەی لە دەستوری عێراقدا بەهیچ جۆرێک برگەیەک یان مادەیەکی دەستوری نیە کە بڵێت ئەو کەسانەی لە پۆستەکانی سەروەری یان ئەندامی پەرلەمان یان وەزیرەکانن.. هتد. نابێت کەسانی حزبی کاریان تێدابکەن، یان ئەگەر کاریان تێداکرد نابێت مومارەسەی کاری حزبی خۆیان بکەن**

●●●

●●●

**دیموکراسی وەک قاتی کوردی وایە کەمن بە قەبارەی لەشی خۆم دەیدرووم و تۆ بە قەبارەی لەشی خۆت دەیدروویت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەردووکمان قاتی کوردیمان لەبەرە، دیموکراتیەتیش ئەو نەرمیەی تێدایە بەپێی باردۆخی رۆشنبیری وکولتووری پێکهاتەی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی کۆمەڵگە تۆ دەتوانیت بیگونجێنیت**

●●●

دیموکراسی قاڵبێکی ئامادەکراو نیە تا بۆ هەموو وڵاتێك وەك یەك بێت،بەڵکو ئەگەر کوردانە نموونەیەکی بۆ بهێنمەوە، دیموکراسی وەك قاتی کوردی وایە کەمن بە قەبارەی لەشی خۆم دەیدرووم و تۆ بە قەبارەی لەشی خۆت دەیدووریت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەردووکمان قاتی کوردیمان لەبەرە، دیموکراتیەتیش ئەو نەرمیەی تێدایە بەپێی باردۆخی رۆشـــنبیری وکولتووری پێکهاتـــەی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی کۆمەڵگە تـــۆ دەتوانیت بیگونجێنیت،هەربۆیە بزووتنەوەی سیاســـیی یان پارتە سیاسیەکان دەرهاویشتەی ئەو واقیعەن و هەر ئەوانیشن کە سیســـتەمە دیموکراتیەکە دادەرێژن و پیادەشی دەکەن .ئەجا لێرەوە ئەگەر ئەو پرســـیارە بکەین بۆچی کادری لێهاتوو بە توانای حزب لە هەندێـــك حاڵەتدا نەدەچوونە ناو حکومەت، لەبەر ئەوەبوو لە دەرەوەی حکومەت و لە پۆستەکەی خۆیدا دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی وەزیرێك بە هێزتربوو،لەماوەی ئەم ١٧ ساڵەی حکومرانیی کوردستاندا هەبووە دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هێزتر بووە، بۆ نموونە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ رێزم بۆ ســـەرۆکی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، بەڵام بەهێزترین کەســـی یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان سەرۆکی کابینەی یەکەم نەبوو، بە هەمان شـــێوەلەماوەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەبینین سەرۆکی کابینەی سێیەم بەهێزترین کەســـی پارتی دیموکراتی کوردســـتان نەبووە،ئینجا لەم ئاســـتەوە وەرە بۆ خوارەوە دەبینین بەرپرســـی لق لە پارێزگا یان لە قەزاکان فەرمان بەسەر پارێزگار یان قائیمقام دەسەپێنرا،یان فەرمان بەســـەر بەرێوەبەرە گشتیەکان یان سەرۆکی زانکۆکاکان دەسەپێنرا، تەنانـــەت لە هەندێك لە کابینـــە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا فەرمانیان بەسەر سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا دەکرد .هەربۆیە کاتێك پۆستی حکومی لە پۆستی حزبی نزم تر بی، ئەوا کادری حزبی هاننادرێت کە هەوڵبدات بچێتە پۆستە حکومیەکان .بێگومان ئەو ئەشکالیەتە هەتا ئێستاش هەیە، بەڵام پرســـیار ئەوەیە ئەم دیاردەیە زیادیکـــردووە یان کەمیکردووە، ؟ بێگومان کەمیکردووە،بەڵام کۆتایی نەهاتووە، هەرئەمەشـــە کە وا گلەیی لە سیســـتەمی سیاســـیی و لە پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت لە کوردســـتاندا دەکرێـــت .هەربۆیە جاری واش هەیە بە مەبەســـت و نیازی خراپ دەســـەڵاتی حزب و حکومەت تێکەڵ دەکرێـــت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە واقیعیانە ئەم مەســـەلەیە باس بکەیـــن دەبێت دان بـــەوەدا بنێن کە ئەشـــکالیەتەکە هەیە و دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوە بێت ئەو ئەشکالیەتە چارەسەر بکرێت .

**گوڵان: لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا دەبینین حزبە سیاسیەکان کێشەکان چارەسەر دەکەن و لە مبارەشەوە نموونە زۆرن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێمە خۆمان بە ئەزموونێکی دیموکراســـی دادەنێین کەچی حزبە سیاســـیەکانیش بە ئاســـتەنگی دیموکراسی دەزانیین،پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێمە ئەم جیاوازیەمان هەیە .؟**

سەرۆقادر: پێش هەموو شتێك لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەگەر حزبە سیاســـیەکان بوونیان نەبێت دەسەڵات بەرێوە ناچێت،هەربۆیە ماکینەی هەڵسووراندی دەسەڵات لە سیستەمی دیموکراسیدا حزبە سیاسیەکانن و لە هیچ شوێنیکی ئەم جیهانەشدا نیە بە بێ بوونی پارتە سیاســـیەکان دیموکراسی بوونی هەبێت،بەڵام چەند ئەو وڵاتە پێشـــکەوتوو بێت چەند ئەزموونی حوکمڕانی زیاتر بێت، ئەوا حزبە سیاسیەکانیش وەك وڵاتی ئێمە ناخزێنە ناو هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ئابووری و سیاســـی و سەربازی کۆمەڵگەکە . لەم حاڵەتدا جۆرێك لە تایبەتمەندی بۆ دەســـتەبژێری سیاسیش دروست دەبێت بـــەوەی کاری ئەوانیـــش ململانێیە لەســـەر بەرێوەبردنی وڵات و دارشـــتنی یاساکان .لە وڵاتە پێشـــکەوتووەکاندا ئەم دیاردەیە بۆتە نەریتی کۆمەڵگـــە هەربۆیە دەڵین لەو وڵاتانە هەموو کەس خۆی تێکەڵاوی سیاســـەت ناکات .بەڵام هەموو کەسێك بەلایەوە گرنگە چۆن وڵاتەکەی بەرێوە دەچێت،هەربۆیە ئەگەر بۆچوونێکی وا هەبێت بەوەی ئێمە لە کوردستان دەتوانین خۆمان زیاتر بەرەو پێشەوە ببیەین و زیاتر دیموکراتی بین و پارتی سیاســـیمان نەبێت، بێگومان ئەوە تێروانیکی هەڵەیە،ئەمە ناکرێت و جۆریکە لە روانگە ئەنارشســـتی ( ئاژاوەگێـــری یان فەوزەویی )بێگومان ئەم بیروبۆچوونەش رەگ و ریشـــەیەکی مێژوویی دوورو درێژی هەیە،لەســـەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەنارشیســـتەکان دەیانگوت باحزب نەبێت و تەنانەت بـــا حکومەتیش نەبێت،بەڵام کۆتایی ئـــەم بیربۆچوونە بە ئاژاوە و فەوزا تەواو بوو،لە هەندێك وڵات بە خوێنرشـــتنێکی هێجگار زۆر کۆتایی هات .

حاڵەتێکـــی دیکە هەیە ئێمە دەڵێیـــن ئەگەر حزب لە حکومەت بەشـــدار بوو نابێت نەفەسی ئۆپۆزسیونیشی هەبێت، باشە باپرسیار لە خۆمان بکەیـــن ئایا ئەم تێروانینە لە جیهانیش بەمشـــێوەیە ؟ لـــە زۆربەی وڵاتانی جیهان حزبی بـــراوەش هەیە بەڵام حزبەکانی تریش لە حکومەتدا لەگەڵیدا بەشـــدارن و لە هەمانکاتدا دیدێکی ئۆپۆزسیونیشیان هەیە، ئەم حاڵەتە جیاوازە لەو حزبانەی کەبەتەواوی لەدەرەوەی حکومەتن رۆڵی ئۆپۆزســـیون دەبیین،لە هەندێك وڵات بەشـــێك لە حزبەکان بەتەواوی لە حکومەت دەچنە دەرێ و رۆڵی ئۆپۆزسیون دەگێرن و بەرنامەی ئەوەیە حکومەت لە حزبی دەسەڵاتدار وەربگرێت،وەك فەرنســـا بەریتانیا، هەربۆیە زۆر بەدەگمەن دەبینین، لەنێوان دوو حزبە ســـەرکیەکەدا هاوپەیمانی هەبێت بۆ بەرێوەبردنی حکومەت، بێگومان حزبی دیکەی بچووك هەن بەشـــداریش دەبن لە دەســـەڵات و هـــاوکاری ئەو حزبە دەکەن کە دەســـەڵات دەبات بەرێوە، ئەم شێوازەیان لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسی بوونی هەیە، بەڵام هەشـــە بـــۆ نموونە ئەمریکا بە تەنها یـــەك حزب حکومەت دەبات بەڕێوە و حزبەکانی دیکە بەتەواوەتی لەدەرەوەی حکومەتدان، لە وڵاتانی بچووك یان هاوشـــێوەی ئێمە، حکومەت هەمیشـــە بە شـــێوەی هاوپەیمانی بەرێوە دەچێت،بەڵام ئاستی ئەو هاوپەیمانیە جیاوازە بەپێی قەوارەی ئاستی ئەو دەنگانەیە کە لەهەڵبژاردنەکەدا بەدەســـتهاتوون، هەربۆنموونە ئەو حزبەی کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەســـت هێناوە پۆســـتە ســـەروەرییەکانی دەوڵەت بەرێوەدەبات و هاوکاری بـــە حزبەکانی دیکەش دەکات، ئیســـرائیل یەکێکە لەو دەوڵەتانە، عێراقی ئێستا بەو شێوەیە،هەروەها لە لوبنان و پێشتریش لە تورکیا، لای ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەو شێوەیە بووە، بەڵام پێویستە بپرسین ئایا هەموو ئەو حزبانەی لەو حکومەتە بەشدارن، هەموویان بەیەك ئەندازە هاوبەش و بەرپرسیارن لەبەردەم رای گشتی ؟بێگومان لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر،ئا لێرەدا دەبێت ئێمە رەخنە لە خۆمان بگرین

**ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین بۆچی کادری لێهاتوو بە توانای حزب لە هەندێک حاڵەتدا نەدەچوونە ناو حکومەت، لەبەر ئەوەبوو لە دەرەوەی حکومەت و لە پۆستەکەی خۆیدا دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی وەزیرێک بە هێزتربوو**

**لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهێزترین کەسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆکی کابینەی یەکەم نەبوو، بە هەمان شێوەلەماوەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەبینین سەرۆکی کابینەی سێیەم بەهێزترین کەسی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبووە، تەنانەت لە هەندێک لە کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا فەرمانیان بەسەر سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا دەکرد**

**کاتێک پۆستی حکومی لە پۆستی حزبی نزم تر بی، ئەوا کادری حزبی هاننادرێت کە هەوڵبدات بچێتە پۆستە حکومیەکان**

وەك حزبی دەسەڵاتدار لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە زۆر تۆخ دەكەینەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك جار دەڵێین لەبەر ئەوەی حزبێك لە حكومەتدا وەزیرێكی هەیە و وەزارەتەكەشی زۆر كاریگەر نییە و كەچی داوای لێدەكەی نابێـــت هیچ دەنگی نارەزایی لێوەبێـــت لەبەر ئەوەی لە حوكمدا بەشدارە.من وەك شەخسی خۆم ئەمە بەراست نازانم چونكە بەشـــداری ئەو حزبە لە حكومەت بۆئەوەیە لە پرۆسە نیشتمانیەكە بەشـــدار بێت، ئەم حزبە با بچووكیش بێت بەڵام بەشداریشـــی لە حكومەتـــدا زۆر كەمە، دەبێت ئەو پرســـیارە لە خۆمان بكەین ئایا بۆ لێی قبوڵ نەكەین ئەگەر نەفەسێكی ئۆپۆزسیۆنانەشی هەبێت ؟بەشێوەیەكی گشتی، بێگومان تەجرەبەكانی جیهانیش بەو شێوەیە ئەو حزبـــەی زۆرینەی دەنگەكانی بەدەســـت هێنـــاوە و جومگە گرنگەكانی حكومەت دەجووڵێنێت، ئەو بەرپرسی یەكەمە لەبەردەم رای گشتی و لەبەرامبەر یاساشدا، ئەو حزبانەش كە لە حكومەتدا لەگەڵی بەشـــدارن .بێگومان ئەو بەشـــداربوونە لە چوارچێوەیەی هاوپەیمانی یان رێككەوتنێكی پەرلەمانیە، بەڵام نابێت ئەو حزبەش لە پرۆژەیەكی وەهادا بەشـــدار دەبێـــت كە بەتەواوەتی لە دژی ئەو پرۆژەیەیە كە تیایدا هاوكاری حزبی دەســـەڵاتدار دەكات .هەروەها بەتەواوەتیش بەرپرســـیارەتیەكەی هەڵناگرێـــت .ئەمەش ئەو درزە دەهێڵێتەوە بۆئەوەی ئەو حزبە بچووكە نەفەسێكی ئۆپۆزسیونانەی هەبێت .پێموایە پرۆســـەی سیاســـیی وڵاتی ئێمە بەم شێوەیەیە بۆ یە نابێت زۆر هەســـتیارانە مامەڵە لەگەڵ ئـــەم واقیعە بكەین و هەرحزبێك چەند ئەندام پەرلەمانێكی هەبێت یان بە وەزیرێك بەشدار بێت لەحكومەت، ئیدی نابێت هیچ بۆچونێكی ئۆپۆزســـیونانەی هەبێت یان داوایان لێبكەین وەك دوو حزبە ســـەرەكیەكە بیر بكەنەوە .

**گوڵان: ئایا پێیت وانیە واقیعی وڵاتی ئێمە لەگەڵ هەندێك لەو نموونانە جیاواز بێت كە بەرێزت ئاماژەت پێكرد، چونكە بەشداری پەرلەمانی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەحكومەت بەشدارە،مەبەســـتم ئەوەیـــە دەكرێت حزبێك دەیـــان ئەندامی پەرلەمانـــی هەبێت ولە هەمانكاتدا ئۆپۆزیســـیۆنیش بێت، ئۆپۆزیسیونیش چوارچێوەیەكی هەیە بۆ كاركردن، بەڵام لێرە هەندێك جار هەســـت دەكەین حزبەكان بۆ ورووژاندنی هەســـتی خەڵك هەندێـــك رەفتار دەكەن جۆرێك لە زیادەرۆیـــی پێوەیە، لەبـــەر ئەوەیە هەندێك جـــار رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێـــت ئیوە لە ناو حكومەتن نابێـــت وا بكەن، چونكە ئەوان بـــە بەرنامەیەك ئەو كارە ناكەن كە هۆكارێك بێت بۆ چارەســـەری كێشـــەكان بەڵكو ورووژاندن كە دواجار ببێتە هۆی بۆ رووخاندنی حكومەت،دەمانەوێ بزانین بۆچوونی ئێوە لە رووەوە چۆنە ؟**

ســـەرۆقادر: پێش هەموو شـــتێك لە دیموكراتیەتـــدا رووخاندن نییـــە، رووخاندن كودەتایە دەســـتور رێگـــەی پێدەگرێت، هەربۆیە گەوهەری دیموكراسی دەستاودەســـتكردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە لەرێی یاسا و ســـندوقی دەنگدانەوە،هەر حزبێك هەڵبژاردنی بردەوە حكومەت دەگۆڕێت، بەڵام حكومەت نارووخێنێت،واتە ئەو حزبەی لە دەســـەڵاتدایە پاشەكشـــە دەكات و حزبی ئۆپۆزسیۆن جێگەی دەگرێتەوە،بەڵام من لە قســـەكانی پێشترم لەســـەر بەدحاڵیبوون و ئیشكالیەتی حزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان ( پارتی ویەكێتی ) قســـەم كرد، بـــەڵام بە دحاڵیبـــوون و ئیشـــكالیەتەكە لای حزبە بچووكەكان زۆر زیاترە،واتە پارتە بچووكەكانی كوردســـتان كاتێك باس لەرەخنە دەكەن یان پرۆژەیەك پێشكەش بكەن، دەبینین جۆرێك لە كەم ئەزموونی و نەزانین و ناسەربەخۆیش لە بیرورادا لە ناویاندا هەیە،چۆن؟

لەوەڵامدا دەڵێین ئەگەر حزبە سیاسیەكانی كوردستان بەو پەری سەربەخۆیی نیشتمانی كاریان كرد،واتە بە توانای ماددی و سیاسی و ئەجیندای رێكخستنی ناوخۆیی كاریان كرد،ئەو كاتە لە هەموو كاتێكی دیكە لە زۆرانبازی سیاســـیی بۆ وەرگرتنی دەســـەڵاتی سیاسیی بەهێزتر دەبن، لە هەموو كاتێكی دیكە بۆ رەخنەگرتن بە هێزتر دەبن، بەڵام ئەگەر حزبێك خوانەخواســـتە لەگەڵ ئەجیندای دەرەكی یەكبگرێتەوە،كە هەمیشـــە وڵاتانـــی ئیقلیمی خێریان بۆ دراوســـێكانی خۆیـــان ناوێت،یان لەدەرەوە پـــارەی بۆهات، هەموو دەزانیین پـــارە بەبێ بەرامبەر نایەت،یان بەبـــێ دیقەتی ملی لە هەڵكۆلیـــن و بنكۆلكردنی حكومەت نا،ئەوا ئەم رەفتارانە پێگەی ئۆپۆزســـیۆن بوونی ئـــەوان لاواز دەكات و هەر رەخنەیەكیش بگرن سەنگی نابێت لای جەماوەر .با نموونەیەك لەسەر بێدیقەتی بێنمەوە، ئەم نامەیەی ئەو چوار حیزبە داویانە، من لەســـەر ئەم نامەیە بە دوو ئەلقە وتارێكـــم بڵاوكردەوە،ئاماژەم بەوەكردووە ئەو نامەیە هەم بێدیقەتی تێدایە هەم نەزانینیشی تێدایە،لەمەش زیاتر پەلپگرتنی بە حكومەتیشیی تێدایە،هەربۆیە ئەم نامەیە پێگەی ئەم چوار جزبە و بیروباوەرەكانیشی لەبەردەم رای گشتی كوردستان لاواز كردوون،من تەنها نموونە بە داوایەكی ئەوان دەهێنمەوە،كە دەڵین دەبێت سەرۆكی هەرێم واز لە ســـەرۆكایەتی حزب بهێنێت،لێرەدا ئەگەر پرســـیاریان لێبكەیـــن و پێیان بڵێین ئایا ئێوە بە پشـــت بەســـتن بەكام ماددەی دەستوری لەعێراقدا داوادەكەن سەرۆكی هەرێم واز لە سەرۆكایەتی پارتەكەی خۆی بهێنێت ؟ لە مادەی دەســـتوریش كەمتر فەرموو ئاماژە بۆ یاسایەكی دەركراوی پەرلەمانی عێراقیش بكەن بۆ پاڵپشتی قســـەكانتان ئێمە هەر قبوڵمانە،یان ئاماژە تەنانەت بە یاســـایەكی ١٥-١٦ ساڵی رابردووی كوردستان بكەن بۆ پاڵشتی قسەكانتان با داواكەتان قبوڵ بكەین،با بڵێین یاسایەك نییە ماددەیەكی دەستوری بوونی نیە، بابێین دیراســـەتی سەنتەرێكی نیشمانی لەبواری یاسا بكەن بە پاڵپشتی قسەكانیان هەتا داواكەیان جێگەی هەڵوەستەكردن بێت،هەربۆیە كاتێك ئەم حزبانە شـــتێك باس دەكەن نە پاڵپشـــتێكی دەستووری نە یاسایی، هەروەها پێچەوانەی دابونەریتی پیادەكردنی سیاسەتە لە كوردســـتان و لەعێراقیش،بۆیە ئەو كاتە ناچارین پێی بڵێین پێشـــنیارەكەتان هیچ بناخەیەكی نییە،ئایا ئەم پێشـــنیارە بۆ ئەوەندەیە تەنها لایەنی بەرامبەر ئیســـتیفزاز بكەی،یان پێشنیارێكە بۆ ئەوەی باردۆخەكە بەرەو پێشەوە بچێت و كێشەكان چارەسەربكرێن ؟ بێگومان كە ئەم پێشنیارە هیچ بناخەیەكی دەستووری و یاسایی و نەریتی سیاسەتی وڵاتی تیا نەبێت، واتە ئەم حزبانەش وەك هەر یەكێك لە كەناڵ و رۆژنامانە حسابیان بۆدەكرێت، كە تەنها كاریان پەرلامـاردان و ئیستفیزاركردنە،سەیركەن حزبێك چەند زوڵم لە خۆی دەكات لە پێگەی ئۆپۆزســـیون و بەشداری سیاسیەوە خۆی بێنێتە خوارێ و قســـەی چەند رۆژنامە و سایت و گۆڤارێك بڵاوبكاتەوە كە هیچ ئیعتیبارێكی سیاســـیی و كۆمەڵایەتیان لە وڵاتی ئێمەدا نییە،بەداخەوە ئەوەی باسمكرد لە بانگەوازی ٤حزبەكەدا

●●●

**ماكینەی هەڵسووڕانی دەسەڵات لە سیستەمی دیموكراسیدا حزبە سیاسیەكانن و لە هیچ شوێنیكی ئەم جیهانەشدا نیە بە بێ بوونی پارتە سیاسیەكان دیموكراسی بوونی هەبێت، هەربۆیە ئەگەر بۆچوونێكی وا هەبێت بەوەی ئێمە لە كوردستان دەتوانین خۆمان زیاتر بەرەو پێشەوە ببەین و زیاتر دیموكراتی بین و پارتی سیاسیمان نەبێت، بێگومان ئەوە تێروانینێكی هەڵەیە**

●●●

●●●

**ئەو حزبەی زۆرینەی دەنگەكانی بەدەست هێناوە و جومگە گرنگەكانی حكومەت دەجووڵێنێت، ئەو بەرپرسی یەكەمە لەبەردەم رای گشتی و لەبەرامبەر یاساشدا**

●●●

●●●

**ئەو چوار حیزبە كە دەڵین دەبێت سەرۆكی هەرێم واز لە سەرۆكایەتی حزب بهێنێت، بە پشت بەستن بەكام ماددەی دەستوری لەعێراقدا داوادەكەن سەرۆكی هەرێم واز لە سەرۆكایەتی پارتەكەی خۆی بهێنێت**

●●●

**ئایا ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەندەیە تەنها لایەنی بەرامبەر ئیستیفزاز بكەی،یان پێشنیارێكە بۆ ئەوەی باردۆخەكە بەرەو پێشەوە بچێت و كێشەكان چارەسەربكرێن ؟ بێگومان كە ئەم پێشنیارە هیچ بناخەیەكی دەستووری و یاسایی و نەریتی سیاسەتی وڵاتی تیا نەبێت، واتە ئەم حزبانەش وەك هەر یەكێك لە كەناڵ و رۆژنامانە حسابیان بۆدەكرێت، كە تەنها كاریان پەرلاماردان و ئیستفیزاركردنە،سەیركەن حزبێك چەند زوڵم لە خۆی دەكات لە پێگەی ئۆپۆزسیون و بەشداری سیاسیەوە خۆی بێنێتە خوارێ**

**لەو وڵاتانەی كە دیموكراسیەتێكی تۆكمەیان هەیە حزب بۆی نیە راستەوخۆ بەناوی خۆی رادێۆ و تەلەفزیۆن و دەزگای راگەیاندنی هەبێت**

**پێویستە دامودەزگاكانی راگەیاندن لە دامودەزگای راستەوخۆی حزبەوە بكرێنە دامودەزگای یاسایی، بەپێی ئەو یاسایەی كە ئێستا نیە و دەبێت بۆی دابنرێت**

هەیە،ئەوانەی دیكەشی باسیانكردووە من لێرەدا نامەوێت كاتی ئێوە بكوژم و یەكەیەكە باسیان بكەم، هەر هەمووی دووبارەیە و هیچ شتێكی تازەی تێدانییە،بێگومان ئەمەش نیشانەی كەم ئەزموونی و بەدحاڵیبوون و ناكامڵی و ناسەربەخۆبوونی ئەم حزبە سیاسیانەیە كە لەكوردستاندا بە نیازن رۆڵی ئۆپۆزسیون بگێرن،سەرباری هەموو ئەمانەش،لێرەدا من پشتگیری ئەو نەفەسەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان وحكومەتی هەرێمی كوردستان و جۆری ئەو مامەڵەیە دەكەم كە لەگەڵ ئەم حزبانە دەیكەن، كە پشوویان فراوانە و ئەگەر ئەم حزبە سیاسیانە خوار وخێچیش بڕۆن، یەكەم : لە حكومەت دەریان ناكەن . دووەم : زۆر دنیایان لێ تەنگناكەنەوە بەجۆریك كە جارێكی دیكە نەتوانن قسە بكەن،بەراستیش بۆ ئەم باردۆخە ئەركی سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەتی هەرێمی كوردستانیشە كە یارمەتی ئۆپۆزسیونیش بدەن بۆ ئەوەی پێبگات،لەبەر ئەوەی ئەم قۆناخە قۆناخی پێگەیاندنی دامەزراوەكانی كوردستانە، بە دامەزراوی سەرۆكایەتی و دامەزراوەكانی حكومەتی كوردستان، هەروەها بە دەستدرێژكردنیشیان بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆنیش بۆ ئەوەی ئەویش پێبگات و فێربێت چۆن ئۆپۆزسیۆن بێت، فێربن چۆن ململانێ دەكەن، فێربن چۆن پرۆژەی خۆیان دەنووسن،هەروەها كەی دەگەنە ئەو ئاستەی ئەجیندای خۆیان لە ئەجیندای دەرەكی جیابكەنەوە و مقەستێكی لێبدەن و بیقرتێنن و كۆتایی پێبێنن .

**گولان: ئەگەر هەر لەسەر ئۆپۆزسیۆن بمێنینەوە، دەبینین پارتە ئۆپۆزسیونەكانیش دەبێت وەك پارتی دەسەڵات بە هەندێك رێوشوینەوە پابەند بن،پێش هەموو شت دەبێت رێز لە دامەزراوە شەرعی و دەستووری و هەڵبژێراوەكانی وڵاتەكەی خۆی بگرێت،بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەم رێوشوێنانەی پێویستن لەسەر ئۆپۆزسیون وەك پێویست رێزی لێناگیریت،بۆ نمونە هەموو تەلەفزیون و رادیۆ و بڵاوكراوەیان هەیە و، لەهیچ كام لەم هۆكارانەی راگەیاندن لە شێوازی پرۆتۆكۆلی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانیاندا، رێزگرتنی لە سەروەریی نیشمانی و دامەزراوە شەرعیەكانی وڵات لە بەرچاو ناگرن، هەربۆنموونە ئەگەر میوانێك هەر بۆسەردان سەردانی بارەگای حزبەكەی كردبن، دەبینن ئەم هەواڵە پێش هەواڵی سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت وچالاكیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش دەكەوێت، ئایا چۆن ئەم بارە خوارە راستدەكرێتەوە ؟**

سەرۆقادر: من لێرە و لە دەسپێكی وەڵامی ئەم پرسیارەتان بە پەندێكی كوردی دەست پێدەكەم كە دەڵیت :(گەورە ئاو دەرێژێت، بچووك پێی لێدەخشێنێت ) ئەگەر پێویستە راگەیاندنی حزبی بەشێوەی راستەوخۆ چارەسەر بكرێت و بخزێتە چوارچێوەی یاسا و بكرێتە دەزگا و هەتا راستەوخۆ بەناوی حزب قسەنەكات، كە لە هەموو دنیاشدا وایەدەبێت پێش ئەوان پارتی و یەكێتی ئەو كارە بكەن و، یاسای بۆ دەربكەن و بەپێی یاسا خۆیان جێبەجێی بكەن بۆ ئەوەی راستەخۆ پاش پارتی ویەكێتی حزبەكانی دیكەش ناچاربن هەمان هەنگاو هەڵبگرن،تا حزبی خاوەن دەسەڵات لە كوردستاندا هەموو دەزگاكانی راگەیاندنی بە ناوی خۆی بێت، تۆ ناتوانی بە حزبێكی دیكە بڵێیت نابێت تەلەفزیۆن یان رادیۆ یان بڵاوكردنەوەكەت بە ناوی خۆتەوە بێت،لە هەموو دنیادا وا باوە و دەڵین كە راستەوخۆ بە ناوی حزبەوە تەلەفزیون و رادێۆ و نەبێت، لەبەر ئەوەی زۆر مەترسیدارە، دەكرێت حزب لە پشتەوە و ناراستەوخۆ لەپشت تەلەفزیون یان رادیۆیەكەوە بێت و هەرچی پرۆژەی هەیە لەو كەناڵەدا جێبەجێی بكات،ئەمە جیاوازی چیە لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ بەناوی حزبەكەوە بێت ؟ بێگومان لەوەڵامدا دەڵین ئەگەر راستەوخۆ بەناوی حزبەوە تەلەفزیون هەێت وەك ئەوەی ئێستا لە كوردستاندا هەیە، ئەوا هەر لە پرۆگرامی ناوخۆی حزبەكەوە تا ململانێی سیاسیی چەند لایەنەی ئەم حزبە رۆژانە دەرخواردی هەموو خەڵكی دەدەیت،ئەمەش ئاكەمە پەروەردەییەكەی ئاكامێكی باشی نابێت .،هەربۆیە لەو وڵاتانەی كە دیموكراسیەتێكی تۆكمەیان هەیە حزب بۆی نیە راستەوخۆ بەناوی خۆی رادێۆ و تەلەفزیون و دەزگای راگەیاندنی هەبێت، بێجگەی لە بۆڵتنێكی حزبی یان جاری وا هەیە لێدەگەرێن رۆژنامەیەكی هەبێت ئەویش رۆژنامەیەكی گشتی نابێت، بەڵكو رۆژنامەیەك دەبێت بۆ گەیاندنی بیروراكانی حزبەكەی بە ئەندامانی خۆی،بۆ مەسەلەكانی دیكە ئەگەر حزب بەپێویستی زانی، ئەوا حزب سەرمایەی خۆی دەخاتە گەر بۆ رۆژنامەی كاریگەر و رادیۆ و تەلەفزیون، بەڵام ئەمەیان لە چوارچێوەی دامەزراوەیی یاسایی چارەسەردەكەن، نەك راستەوخۆ بەناوی حزبەوە،گرنگترین سوودی دامەزراوەی یاسایی ئەوەیە كە ئەو دامەزراوە ناچاردەبێت هەرچی گوتاری راستەخۆی لایەنگیری حزبی هەیە بیخاتە چوارچێوەی یاساوە،بیخاتە ناو ئەو رێنماییانەی حكومەت دایناوە،دەبێت مەزاجی گشتی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرێت، ئەمەش واتە هەمان خیتابی سیاسیی حزب لە چوارچێوەی یاسا و بەپێی ئەو چوارچێوەی دیراسەتی تێدا كراوە و رێنمایی بۆ دانراوەپێشكەش دەكرێت.بەڵام ئەگەر راستەوخۆ حزب دامەزاروەی راگەیاندنی هەبوو، ئەوا هیچ شتێك لەوانە لەبەرچاو ناگیرێت، كە دامەزراوە یاسایەكە لەبەر چاوی دەگرێت،لەبری یاسا حزب بریاردەدات و خیتابەكەش هەر ئەو خیتابە دەبێت كە حزب دەیەوێت وبەس،لەبەر ئەم هۆكارانە پێویستە دەمودەزگاكانی راگەیاندن لە دامودەزگای راستەوخۆی حزبەوە بكرێنە دامودەزگای یاسایی، بەپێی ئەو یاسایەی كە ئێستا نیە و دەبێت بۆی دابنرێت دامودەزگاكانی راگەیاندن بەرێوەبچن، ئەو كات بوار بۆ لێهاتوویی و ئیمكانیەتی راگەیاندكاریش باشتر دەرەخسێت،ئەو گرفتانەی ئێمە ئێستا لەراگەیاندنی حزبی هەمانە كەم دەبێتەوە،كاتێك تۆ دامەزراوەیەك یان دەزگایەك دادەمەزرێنی دەبێت بەرێوەبەری هەبێت، ئەوكاتە شتێك بەناوی بەرپرس نامێنێت،بێگومان بۆ بەرێوەبەریش پێوانەو پێوەری خۆی هەیە،هەربۆیە لەم كاتەدا ئەگەر حزبێك بیەوێت دامەزراوەیەك دابمەزرێنێت و خۆی ئەندامێكی شایستەی نەبێت بۆ ئەوەی بیكاتە بەرێوەبەری ئەو دەزگایەی راگەیاندن ئەوا دەچێت پەنا دەبات بۆ كەسێكی شارەزا كە هەندێك لە بیروبۆچوونی حزبەكەی نزێك بێت بەم جۆرە دەرگای دەزگاكانی راگەیاندن بۆ كەسانی غەیرە حزبیش دەكرێتەوە،هەربۆیە هەتا رێگە بەخۆمان بدەین بەو شێوەیەی ئێستا كاربكەین دەبێت رێگە بە بەرامبەریش بدەین بەهەمان شێوە كاربكات،ئینجا ئەویان ئەو نەفەسە معاریزە ناكاملە بەدحاڵیبووەشی هەیە ئینجا تلەفزیون و رادیۆشی هەیە، دێت بەم كاڵ وكرچیەی خۆی قسەدەكات،بێگومان ئاكامەكەی ئەو گلەیی و گازندانە دەبێت كەرۆژانە هەموومان باسی دەكەین.هەر

ئەم حزبانە خۆشیان پێشـــی حزبی دەسەڵاتدار یاسا پێشێل دەکەن، هەربۆ نموونە ئەم ٤ حزبە دەڵێن و لە تەلەفزیونەکانی خۆشـــیانەوە بڵاویانکردەوە، کە پێش ساڵێك ئەم تێبینیانەمان داوە بە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، باشە پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوان خۆیان ناڵێن نابێت حزب دەخالەت لە کاروباری حکومەتدا بکات ؟باشـــە بە چ هەقێك ئەو ٤ حزبە ئەو پێشـــنیارەیان پێشکەشـــی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد؟من دەستخۆشی لەسەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم کە هەر جوابیشی نەدانەوە لەبەر ئەوەی کارەکەیان نایاســـایی بوو، ئەو حزبانە ئەگەر بیانەویت پێشـــنیار بکەن دەبێت لەرێگـــەی پەرلەمانەوە ئەو کارەبکەن، خۆیـــان ئەندام پەرلەمانیان هەیە، بە قەوارەی خۆیان کوتلەیان هەیە دەیانتوانی ئەو تێبینیانەی خۆیـــان لەپەرلەمان باس بکەن و موناقەشـــەی لەســـەر بکەن و هۆیەکانی راگەیاندنیش دەیگوازتـــەوە و دەچووە بەردەمی هەموو خەڵك، بۆیە ئەگەر نەشیانتوانیبایە پێشنیارەکانیشیان بە حکومەت جێبەجـــی بکەن، ئەوا دەیانتوانی رای خۆیـــان بە هەموو خەڵکی کوردستان بگەیەنن،هەربۆیە لەم راستیانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەبوونی دامودەزگای راگەیاندنی راستەخۆی حزبەکان وادەکات ئەم حزبانە هیچ بە هایەك بۆ حکومەت و پەرلەمان دانەنێن،ئێســـتا لەمەش زیاتر هەنگاو هەڵدەگرن و بۆتە فرکان فرکان و هەر یەکێك هەڵدەستێت و کەناڵێکی ئاسمانی دە[redacted] بـــکات و چی لێوەبڵاوبکاتەوە،خۆ [redacted] و نەخرێتـــە چوار چێوەی یاســـاییەوە، ئەوا ئاکامێکی فەوزا و بێ ســـەروبەری زۆری لە کوردستان لێ[redacted] لەسیستەمی دیموکراسی کوردستانیش دەدات .

**گـــوڵان: هەر لەســـەر ئەم چـ[redacted] ئۆپۆزیســـیۆن ببینن، دەبینین لە د[redacted] بەشدارن لە حکومەت، بەڵام لە ٢-٣ ساڵی رابردوو، وەك ئێستانەبوون و خیتابیان لە هی ئێستایان جیاوازبو[redacted] بۆچی دەگەرێتەوە:؟**

ســـەرۆ قادر: لەبەر ئەوەی هەڵبـــژاردن نزیکبۆتەوە، لەمانگی ئایار هەڵبژاردن لەکوردستان دەکرێتەوە، هەربۆیە هەموو ئەجیندا دەرەکیەکان هەمـــوو هەوڵی خۆیان خســـتۆتە گەر بۆ ئەوەی سروشتی هاوسەنگی سیاسیی لە کوردستاندا بگۆرن ( هیوادارم ئەم قســـەیەم وەك تاوانبارکردنی هیچ لایەك نەخوێنرێتەوە ) بەڵام هەمـــوو وڵاتانی دەوربەرمـــان و دەوڵەتانی دورتریش بیرلەوە دەکەنەوە چۆن دەســـت لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری کوردســـتان وەربدەن، بەپێی ویست و بەرژەوەندی خۆیان گۆرانـــکاری تێدا ئەنجامبـــدەن .لەلایەکی دیکە ئەو حزبانەی کە مەیلی ئۆپۆزســـیونیان تێدا زیاترە هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان، خۆیان لە حکومەت دەکێشنەوە و بیانـــوو دەگرن، ئەمەش بەو مەبەســـتەیە کە بەرنامەی خۆیـــان بخەنە روو،دەیانەوێت بەخەڵـــك بڵێن ئـــەو کەموکورتیانەی ئەم حکومەتـــە هەیەتی، راســـتە ئێمە بە وەزیرێك تیایدا بەشـــدارین بەڵام ئێمە لێی بەرپرســـیار نین، بۆیە ئەوانیـــش دەکەونە رەخنەگرتن لێی،من ئەمـــە بە مافی ئەوان دەزانم بیکـــەن، بەڵام دەبێت بە زانایی و بە راستگۆیی و بە یاساییانە ئەو کارانە ئەنجامبدەن .بۆ ئەوەی کاریك نەکەن متمانەی خەڵك بدۆرێنن،بە داخەوە هەوڵیان نەداوە بە زانایی بیکـــەن، بەڵکـــو بەپەلەل دەیکەن، من هیوادارم بـــە زانایی بیکەن و هیچ رۆڵیکیشـــیان لە ئەجیندا دەرەکیانەشدانەبێت کە دەیانەوێت دەست لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان وەربدەن .

**گـــوڵان : بەپێـــی ئەوریککەوتنە ســـتراتیژییەی کـــە هەیە، هەڵبژاردنیس بکرێت پارتی ویەکێتی بە لیستی هاوبەش بەشداری دەکەن، پرســـیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر پارتی و یەکیتی بەلیســـتی هاوبەش دابەزن هیچ گۆرانکاریەك روودەدات ؟**

سەرۆقادر: سروشتی هەر وڵاتیك مۆرکی بزووتنەوە سیاسیەکەشی دادەرێژێت،هەمـــوو ئەوە دەزانین بزووتنەوەی سیاســـی داینەمۆی دیموکراسی و دەستاودەســـتکردنی دەسەڵاتە،ئەگەر حزبی سیاسی نەبێت ئەوا دەستاودەســـتکردنی دەسەڵاتیش روونادات، ئەی ئەگەر (٢) حزبی سەرەکی بەرنامەی سیاسی و نیشتمانی خۆیان لێکنزیك کـــردەوە و بڕیاریاندا بـــەردەوام یان بۆ ماوەیەك پێکەوە بەشـــداری هەڵبژاردن بکەنەوە و هەموو جارێکیش هەڵبژاردن ببەنەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا لە دیموکراسیەتدا رێگە لەم شێوازە دەگیرێت ؟یان ئایا ئەم شێوازە پێچەوانەی دیموکراتیەتە ؟



**هەتا رێگە بەخۆمان بدەین بەو شێوەیەی ئێستا کاربکەین دەبێت رێگە بە بەرامبەریش بدەین بەهەمان شێوە کاربکات**

**ئەو حزبانە ئەگەر بیانەویت پێشنیار بکەن دەبێت لەرێگەی پەرلەمانەوە ئەو کارەبکەن، خۆیان ئەندام پەرلەمانیان هەیە، بە قەوارەی خۆیان کوتلەیان هەیە دەیانتوانی ئەو تێبینیانەی خۆیان لەپەرلەمان باس بکەن و موناقەشەی لەسەر بکەن و هۆیەکانی راگەیاندنیش دەیگوازتەوە و دەچووە بەردەمی هەموو خەڵک**

**گوڵان: لێرەدا مەترسیەکە ئەوەیە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نامێنێت ؟**

سەرۆ قادر: کە تەفسیری باردۆخێك دەکەین، دەبێت بێلایەنانە تەفسیری بکەین، هەر لەم روانگەیەوە دەبێت لۆژیکی یاسایی و بەڕێوەبردن بێلایەنانە تەفسیر بکەین، بۆیە دووبارەی دەکەمە و دەڵیم ئایا ئەگەر دووحزبی گەورە یەکیان گرت ئایا لە دیموکراسیەتدا ڕێگەیان لێدەگیرێت ؟ وەڵامەکەی نەخێرە.

**گوڵان:با واز لە شێوە یاساییەکە بهێنین و پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا نموونەی لەم شێوە یەکگرتنەی پارتی و یەکێتی هەیە ؟**

سەرۆقادر: بەڵی هەیە، بۆ نمونە لوبنان .

**گوڵان: بەڵام لوبنان جیاوازە دابەشکردنی ٥٠-٥٠ نییە؟**

سەرۆقادر : نەخێر، نەك هەر دابەشکردنی ئەوان ٥٠- ٥٠ نییە، بەڵکو ترۆیکایە ( سێ کوچکەیە ) و بە راستە(مسگرە) دابەشی دەکەن، نموونەیەکی دیکە حکومەتی عێراقی ئێستا راستە مالیکی ئێستا هەندێك پێشێلکاری کردووە و، وەك جەنابی سەرۆك لە دوایین دیمانە ئاماژەی پێکردووە، ئەو پێشلکاریانە دەخرێنە روو و ناشتوانێت تا سەر لەسەر ئەو پێشێلکاریانەش بەردەوام بێت،ئەدی بۆ دەڵین دیموکراسی لەعێراقدا دیموکراسیەتی تەوافقیە،واتە دیموکراسیەتی پێکهاتنە،ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان بەشێکین لەو سیستەمە سیاسیەی کە لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت،هەروەها ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نزیکە و دەبینین سیستەمە سیاسیەکەی بەهەمان شێوەیە، زۆر جار لە هیندستان دیموکراسیەتی تەوافقی پیادەدەکرێت،ئەوجا بە ٥٠-٥٠ ڕێکدەکەون . کەمتر یان زیاتر ئەوە قەبارەی حزبە سیاسیەکان بریار لەسەر ئەوە دەدات، بۆ ئەمرۆی کوردستان دەبێت هەموو ئەو راستیەمان لەبەر چاو بێت دیموکراتیەت بە پارتی و یەکێتی بونیاد دەنرێت،بڕبرەی پشتی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان لەدەستی پارتی و یەکێتیدایە،دوو پارتی شۆڕشگێری قۆناخی خەباتی چەکداری شاخیشن و ئەو متمانە بەردەوامی هەیە و لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیشدا سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە توانیان مواکەبە بکەن،توانیویانە کارێك بکەن کە لایەنێکی سیاسیی دیکە نەبێت شان لە شانیان بدات، هەربۆیە ئەگەر ئێستا لەدەرەوەی بەرێزان سەرۆك بارزانی و مام جەلال، سەرکردەیەکی دیکەی مەدەنی هەبوایە کەس ڕێگەی لینەئەگرت .یان حزبی دیکە هەبونایە لە پارتیو یەکێتی بەهێزتر بونایە کەس ڕێگەی لینەدەگرتن،کەواتە متمانەی میللی بەم دووحزبەیە بە شێوەی جیاواز،ئەم دوو حزبەش ناچارن دەبێت حسابێك بۆ ئەو متمانەیە بکەن، ئەم متمانەیەش رەنگدانەوەی تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی و بەردەوامی حکومەتە، متمانەی جەماوەر بۆ ئەم دووحزبە پێش هەموو شتێك ئەوەیە ئەم حکومەتە بەهێز بکەن .ئینجا داوای ئەوەیان لێدەکەن سیستەمی دیموکراسی پیادەبکەن و فراوانیشی بکەن .هەربۆیە ئەگەر تەباییمان نەبوو، ئەوا ناشتوانین دیموکراتیشمان هەبێت .لەم روانگەیەوە پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن لەم قۆناخە ململانێی دەسەڵات نەکەن و، پێکەوە حکومەتەکە بەڕێوەبەرن، لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەم حکومەتە بەشی زۆرانبازی پارتی و یەکێتی ناکات.

**گوڵان : واتە بەڕای ئێوە دەبێت خەڵك باجی ئەوە بدات کە پارتی و یەکێتی تەبا بن و شەڕنەکەن ؟**

سەرۆقادر : بۆ باجدەدەن، باجەکە چییە ؟

**گوڵان: باجەکە ئەوەیە لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی تەبان، میللەت دەبێت بەو واقیعە رازی بێت، ئەوجا حکومەت باش بێت یان خراپ بێت،ڕێگایەکی دیکەی لە پێش نییە.بەدیل نییە.**

سەرۆقادر: سەیرکەن ئا لێرەدا ئیشکالیەتێك لە تێگەیشتنی رۆشنبیرانیشداهەیە، پرسیار ئەوەیە کێ ڕێگەی لە بەدیل گرتووە ؟پێش هەموو شتێك مەسەلەکە شەڕکردنی پارتی و یەکێتی نییە، لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی لەو قۆناخە دەرچوون جارێکی دیکە شەر لەگەڵ یەکتری بکەن،ئێمە قۆناخی شەری پارتی ویەکێتیمان بینی، هەروەها پێش ئەم قۆناخە قۆناخی دوای شەڕیشمان بینی کە قۆناخی دوو ئیدارەیی کوردستان بوو،هەموو بینیمان داواکاری گشتی خەڵکی کوردستان ئەوەبوو ئەم دوو ئیدارەیە یەکبگرێتەوە و بۆ ئەوەی ئیرادەی گشتی یەکبگرێتەوە،وەك وەڵامدانەوەیەکی ئیجابیانە لەلایەن پارتی ویەکێتیەوە بۆ ئەم داوایە ئەوەبوو هەردوو ئیدارە یەکیانگرتەوە و ئەم حکومەتەی ئێستای لێپێکهات،کەواتە نابێت باسی شەر بکەین، لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی ئێستا دەیانەوێت وەڵامی خواستەکانی جەماوەر بدەنەوە، پەندێکی کوردیش هەیە دەڵیت : ئاو بەری لێ هەڵدە ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە،یان دەڵیت کە کێشەیەك هەبوو لێی وردبەرەوە چارەسەری بۆ دەدۆزیتەوە، ئەمە لۆژیکی ژیانە،هەربۆیە ئەم دوو حزبە بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی و پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان هاوکاری یەکتریان کردووە، دەبێت بۆ بونیادی دیموکراسیش لە کوردستاندا هاوکاری یەکتری بکەن.لەم قۆناخەدا ئێمە دامەزراوەیەکی بەهێزی ئەوتۆمان نییە کە دوو حزبی بە هێز بە جیاوازی بەرنامە وبەرژەوەندیەوە ململانێی یەکتری بکەن،کەواتە لەم قۆناخەدا پێویستمان بەوە هەیە ئەم دوو حزبە پێکەوە پرۆژەی خۆیان گەڵاڵە بکەن و یارمەتی بونیادی دیموکراسیش بکەن و یاساش ئەو ڕێگەی پێداون، بۆیە من لێرەدا پرسیارێك لە پرسیارەکەی تۆ دروست دەکەم و دەڵێم: ئایا کێ ڕێگەی گرتووە پارتی ویەکێتی بەدیلیان نەبێت یان کێ ڕێگەی گرتووە بەدیل دروستنەبێت ؟با حزبێکی دیکە هەبێت لە هەڵبژاردن بەرەکە لە ژێرپێی پارتی ویەکێتی دەربهێنێت، ئایا کەس ڕێگەی لێدەگرێت؟ ئەگەر ڕێگەی لێگیرا ئەو کاتە هەقە بڵین پارتی ویەکێتی ڕێگرن و نایەڵن بەدیل دروستت ببێت .ئەگەر هاوپەیمانیەکی دیکە لە کوردستاندا هەبێت و بەسەر هاوپەیمانی پارتی ویەکێتی زاڵ بێت و باشتر کوردستان بەرێوە ببات کێ ڕێگەیان لێدەگرێت ؟هەربۆیە ئەوەی پارتی ویەکێتی دەیکەن بەشێکە لە پیادەکردنی ئەو مافە سیاسیانەی کە لە کوردستاندا ڕێگەپێدراوەو پیادە دەکرێن .هەروەك چۆن ناتوانین ڕێگە لەچوار حزبەکە بگرین کەپێکەوە ئیئتلاف دەکەن، ئاوا ناشتوانین ڕێگە لە هاوپەیمانی پارتی ویەکێتیش بگرین، هەندێك جار. خەڵك سەبارەت بە هاوپەیمانی چوار حزبەکە دەڵین ئەوە چۆن دەبێت لەوپەری راستەوە بۆ ئەو پەری چەپ،لەسەلەفیەتی ئیسلامییەوە تا ئەوپەری مارکسیەت لەناو ئەو هاوپەیمانیەدا هەیە .من پێموایە خەڵك بۆی هەیە ئەو پرسیارە بکات بەڵام بۆی نییە ڕێگەیان

**هەربۆ نموونە ئەم ٤ حزبە دەڵێن پێش ساڵێک ئەم تێبینیانەمان داوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوان خۆیان ناڵێن نابێت حزب دەخاڵەت لە کاروباری حکومەتدا بکات ؟باشە بە چ هەقێک ئەو ٤ حزبە ئەو پێشنیارەیان پێشکەشی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد؟من دەستخۆشی لەسەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم کە هەر جوابیشی نەدانەوە لەبەر ئەوەی کارەکەیان نایاسایی بوو**

**هەموو وڵاتانی دەوروبەرمان و دەوڵەتانی دورتریش بیرلەوە دەکەنەوە چۆن دەست لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری کوردستان وەربدەن**

**پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن لەم قۆناخە ململانێی دەسەڵات نەکەن و، پێکەوە حکومەتەکە بەڕێوەبەرن، لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەم حکومەتە بەشی زۆرانبازی پارتی و یەکێتی ناکات**

**ئەگەر دووحزبی گەورە یەکیان گرت ئایا لە دیموکراسیەتدا ڕێگەیان لێدەگیرێت ؟ وەڵامەکەی نەخێرە**

لێبگرێت، کەواتە لە دیموکراسییەتی کوردستاندا زۆر ئاساییە ئەوپەڕیتوندڕەوی و سەلەفییەتی ئیسلامی سیاسیی لەگەڵ ئەوپەری توندرەویی مارکسیەت لە بەرەیەکدا کۆبونەتەوە .کەسیش پێیان ناڵیت بۆچی کۆبونەتەوە، بێگومان ئەم بەرەیە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی کۆینەکردونەتەوە،بەڵام وەك خۆیان دەڵین ئەوەی کۆیان دەکاتەوە پرۆژەیەکی سیاسیە، ئێمەش دەڵین یاخوا سەرکەوتوو بن .

**گوڵان : ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی ویەکێتی بۆ قۆناخێکی دیاریکراو بۆ یەکبەندی جومگەکانی بزووتنەوەی سیاسیی لە کوردستان هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو، واتە ئەم ڕێککەوتنە بۆ قۆناخێکی دیاریکراو پێویست بوو، بەڵام ئێستاخەڵکیش پێی وایە ئەو قۆناخە کۆتایی هات، بۆیە دەبێت پارتی ویەکێتی ئیتر بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت و ئەگەر یەکێکیان لە دەسەڵات بوو بائەوی دیکەیان ئۆپۆزسیون بێت،بۆئەوەی ئەم دووحزبە پێشەنگ بن بۆ دروستکردنی ئەم مۆدیلێکی نوێ لە کوردستان و ببینە نمونە بۆ ناوچەکەو جیهانیش،ئایا کاتی ئەمە نەهاتووە ؟**

سەرۆقادر: ئەم پرسیارە دووبەشە، یەکەمیان ئەوەیە نابێت مافەکانی ئەو دووحزبە پێشێل بکەین و بەسەریاندا فەرز بکەین کە دەبێت ئێوە زۆرانبازی لەگەڵ یەکتری بکەن،دووەم ئەم دووحزبە ڕایانگەیاندووە دووخولی دیکەی هەڵبژاردنیش پێکەوە هاوپەیمان دەبن واتە تا ٨ ساڵی دیکە،هەروەها لە ڕێککەوتنی ستراتیژیاندا هاتووە ئەو دووئیدارەییەی کە هەبووە هەموو خەڵکی کوردستان ئازار دەدا،پارتی ویەکێتی پێیان وایە تۆکمەبوون و بەهێز بوونی حکومەت پێویستی بە دوو قۆناخی دیکەی هەڵبژاردن هەیە،بۆ ئەوەی ئیرادەی سیاسیی لە کوردستاندا کەرت نەبێت، ئەمەش نەك هەر لەبەرامبەر ناوخۆدا بەڵکو لەبەرامبەر عێراق ودەوربەردا زۆر گرنگە ئیرادەی سیاسیی لە کوردستاندا یەکگرتوو بێت .ئەگەر ئەو هاوپەیمانیەی نێوان پارتی ویەکێتی نەبوایە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرگەی ئەم هەموو پەلاماردانەی حکومەتی فیدرالی عێراق وهاوپەیمانەکانی لەدەرەوەو ناوەوە خۆی دەگرت .ئایا هەرێمی کوردستان دەیتوانی بەو ڕێکوپێکییەی ئێستای بەدوای کێشە یاساییەکانی خۆیدا بچێت لە ناو پەرلەمانی عێراقدا،هەروەها سەرۆکایەتی عێراق و نوێنەرایەتیکردنی عێراق، بۆیە پێویست بوو پارتی ویەکێتی هاوپەیمان بن و ئیرادەی سیاسیان یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی پشت ئەستووریەك هەبێت بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان،نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت دیموکراسی پێویستی بەسەروەریی هەیە، سەروەریی ئێمەش هەموو ڕۆژێك لەلایەن بەغداوە هەرەشەی لێدەکرێت، کەواتە دەبێت بەراستی بە پارتی و یەکێتی بگوترێت دەستان خۆش بێت کە یەکترتان گرتووە و ئیرادەی سیاسیتان یەکخستووە،لەبەر ئەوەی بەم یەکگرتوویی وهاوهەڵوێستیەی پارتی ویەکێتی نەبوایە سەروەریی نەدەپارێزرا .

**گوڵان :باشە بۆچی ئەگەر پارتی ویەکێتی دەستاو دەستی دەسەڵات بکەن،دەبێت سەروەریمان بکەوێتە مەترسیەوە؟**

سەرۆقادر : من پێموانییە یەکگرتنیپارتی و یەکێتی کردووە، باسەیری هیندستان بکەین، حزبی موئتەمەر هەتا جەواهیرلال نەهرۆ مابوو پاشتریش لەسەردەمی ئەندیرا گاندی کچی هەر حکومی هیندیستانی نەدەکرد، بەڵام لە پاڵ حزبی موئتەمەریشدا چەندین حزبی دیکە هەبوون بەشداریان لە حکومەتدا دەکرد،من دەڵیم هاوپەیمانی پارتی ویەکێتیش بۆ ئەم قۆناخە بە هەمان شێوەیە و هۆکاریکە بۆ تۆکمە بوونی دیموکراسی لە کوردستاندا،بۆیە کاتێك دەڵێین خەڵك باجی هاوپەیمانی پارتی ویەکێتی دەدات، هیچ بنەمایەکی لەپشتەوە نییە، بێجگە لە بەدیهێنانی ئامانجێك ئەویش ئەوەیە بایەك حزب حوکمڕانی بکات،ئینجا ئەگەر من پرسیارێك لە تۆ بکەم، ئایا ئەگەر ئەم نموونەیەی داوای دەکەیت لە کوردستاندا جێبەجی بوو، خەڵکی کوردستان چ سوودیك دەکات ؟ لە وەڵامدا هیچم پێ ناڵێیت بێجگە لەوەی دەڵێیت ئەو حزبەی لە دەرەوەی حکومەتە ڕەخنە لە حزبی حکومران دەگرێت .

**گوڵان :بەڵام پارتی موئتەمەری هیندستان یان با بڵین پارتی پارێزگارانی بەریتانیا کە ماوەیەکی زۆر لە حکومدا بوون، ئەمانە بەهاوپەیمانی پارتی و یەکێتی بەراورد ناکرێن، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئەوان لە هەڵبژاردن دەیانبردەوە بەڵام ترسی ئەوەشیان هەبووە دەسەڵات بدۆڕێنن، بەڵام پارتی ویەکێتی هەتا هاوپەیمان بن ئەو ترسەیان نییە ؟**

سەرۆقادر: لە وەڵامدا منیش پێت دەڵیم بارودۆخی ئێمەش لەو وڵاتانە جیاوازە، ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ نیمچە سەربەخۆییەکمان بۆ هاتە ئارا لە ساڵی ١٩٩٢ هەندێك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتمان بەرێگەی هەڵبژاردن دروستکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣چووینە ناو ململانێەکی زۆر توندەوەولە ١٩٩٤ کەوتینە قۆناخی ناخۆشی شەری ناوخۆوە، ئەمە بۆچی دەگێریتەوە ؟بێگومان تەجرەبەی تۆ بەم شێوەیەیە،هەموو شەرە ناوخۆیەکانی جیهان ڕاستە سیاسیەکان بڕیاری شەڕ دەردەکەن و فەرماندە سەربازییەکان جێبەجێی دەکەن، بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە کە ڕێگە دەدات پێکهاتەکانی بە گژ یەکدا بچن و شەڕی یەکتری بکەن، ئەگەر بشگەرێنەوە بۆ مێژوو، مێژووش هەر وامان پێدەڵیت، ئەمە جیاوازە لەوەی فلان سەرکردە چەند بەرسیارێتی شەڕەکەی لە ئەستۆیە و ئەوی دیکە چەندی لە ئەستۆیە،خۆ ئەبراهام لینکۆلینش لە ناو شەری ناوخۆدا بوو، ئەی بۆچی ئێستا ئەمریکیەکان ڕێزی دەگرن ؟هەربۆیە من پێموایە ئەم فۆناخەی هەرێمی کوردستانی پێدەتێدەپەرێت، ئەو قۆناخە دەڵەمەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەش بۆ بونیادی دەوڵەت پیادا تێپەریون،حکومەت خۆ تەنها بە ئیرادە دروست نابێت، بەڵکو یان دەبێت ئەزموونێکی دوور ودرێژی سەروەریی یاسا لەو وڵاتەدا ڕەگی داکوتیبێت،پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ڕێگە نەدات تاکەکانی ئەو وڵاتە لە یاسا لابدەن .بەداخەوە ئێمە نەگەیشتوونە ئەو قۆناخە،کە ئەمەمان نەبوو، یان دەبێت هاوسەنگی سیاسیی بە جۆرێك بێت کە بتوانێت سوپایەکی بەهێز دروستبکات و لەچوارچێوەی دەستوردا و گەلێك جار ئەم سوپایە سەرکردەیەکی کارێزماشی لەپشتەوە دەبێت، بەبێ لایەنی دەبنە پاسەوانی دەستوور و دیموکراتی،لە کاتی تەنگوچەڵەمەی وڵاتدا،بەداخەوە ئێمە ئەمەشمان نییە،یان لە وڵاتێکدا ئیرادەی سیاسیی دەبێتە یەك وئیرادەی عەسکەریش دەچێتە ژێر دەستی ئەو ئیرادە سیاسیە یەکگرتووە،ئەو کاتەش سەقامگیری دروست

●●●

ئەگەر ئێستا لەدەرەوەی بەرێزان سەرۆک بارزانی و مام جەلال، سەرکردەیەکی دیکەی مەدەنی هەبوایە کەس ڕێگەی لینەئەگرت .یان حزبی دیکە هەبونایە لە پارتی و یەکێتی بەهێزتر بونایە کەس ڕێگەی لینەدەگرتن،کەواتە متمانەی میللی بەم دووحزبەیە بە شێوەی جیاواز

●●●

●●●

وەک چۆن ناتوانین ڕێگە لەچوار حزبەکە بگرین کە پێکەوە ئیئتلاف دەکەن، ئاوا ناشتوانین ڕێگە لە هاوپەیمانی پارتی ویەکێتیش بگرین

●●●

●●●

خەڵک سەبارەت بە هاوپەیمانی چوار حزبەکە دەڵێن ئەوە چۆن دەبێت لەوپەری ڕاستەوە بۆ ئەو پەری چەپ،لەسەلەفیەتی ئیسلامییەوە تا ئەوپەری مارکسیەت لەناو ئەو هاوپەیمانیەدا هەیە .من پێموایە خەڵک بۆی هەیە ئەو پرسیارە بکات بەڵام بۆی نییە ڕێگەیان لێبگرێت

●●●

●●●

هەڵۆ چۆن بە چکەکانی خۆی فێری فڕین دەکات، حکومەت وسەرۆکایەتی وڵاتی ئێمەش دەیەوێت فێریان بکات چۆن ئۆپۆزسیۆن بن

●●●

**دیموکراسی پێویستی بەسەروەریی هەیە، سەروەریی ئێمەش هەموو رۆژێک لەلایەن بەغداوە هەرەشەی لێدەکرێت، کەواتە دەبێت بەراستی بە پارتی و یەکێتی بگوترێت دەستان خۆش بێت کە یەکترتان گرتووە و ئیرادەی سیاسیتان یەکخستووە**

**ئایا هەندێک لەم حزبانە قەساس رەتدەکەنەوە کە چاو لەبەرامبەر چاو دەردەهێنێت و دەست لەبەرامبەر دەست دەبڕێت ؟ئەم حزبانە رەجمکردنی ژن وپیاو رەتدەکەنەوە ؟کە ئەمرۆ هەموو دونیا بە قێزەوەنی سەیری دەکات .ئایا ئەم حزبانە هەموویان تۆڵەسەندنەوەی عەشائیری رەتدەکەنەوە ؟ئەم حزبانە هەموویان یەکسانی مرۆڤەکان (ژن وپیاو ) وەک یەک قبوڵ دەکەن ؟ئەم حزبانە بڕوایان بە مافەکانی منداڵ هەیە ؟ئەم حزبانە هەموویان بڕوایان بە پەروەردەیەکی هاوچەرخ هەیە ؟ئایا ئەم حزبانە هەموویان ئەسڵەن بڕوایان بە دیموکراسی هەیە؟**

**نیوەی ئەم هاوپەیمانیەی خۆیان راگەیاندووە دیموکراسی بەکوفر ئەزانێت، بە دروستکراوی دەستی مرۆڤی دەزانێت و ئەگەر بۆی بلوێت نایهێڵێت**

دەبێت،ئەمەش ئەو ئەزموونەیە کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین،ئێستا ئیرادەی سیاسیی لە کوردستان بووە بەیەك هەوڵدەدەین ئیرادەی عەسکەری بخەینە ژێردەستی ئەو ئیرادە سیاسیە، بۆیە لە کوردستانیشدا سەقامگیری دروست بووە، ئەم سەقامگیرییە بۆتە پشتیوانی دیموکراسیەت لە کوردستاندا، دەبێت هەموومان ئەوە لەبەرچاو بگرین دیموکراسیەت بەبێ پشتیوان سەرکەوتوو نابێت .،ئەمە لە هەموو جیهاندا وایە نەك لە کوردستان، کە پشتیوانی هەبوو دیموکراسیەت دەست پێدەکات .،و سەروەریش دەپارێزرێت، هەربۆیە ئەمەی ئێستای یەکێتی و پارتی وەك هاوپەیمانی دەیکەن مسۆگەرکردنی ئەو پشتیوانیە بۆ ئەوەی حکومەت لە کوردستاندا هەبێت،کە حکومەت هەبوو ئەوجا دیموکراسی دەبێت،هەربۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر پارتی ویەکێتی بەردەوام بن لەسەر ئەم پشتیوانیە و ململانی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە،ئەوا دەتوانن بەردەوام بن وەك دوو حزبە سەرەکیەکەی ئەمریکا،کەدەشڵێن پارتی ویەکێتی یەکن، ئەم یەکبوونە بۆ ماوەیەکە و پاش ٨ ساڵی دیکە دەبێتە هەڵبژاردنی بەجیا،ئەم ماوەیەش بەو هیوایەین تا ئەو کاتە کێشەکان لەگەڵ عێراقدا چارەسەر کرابن .،هەرەشەمان لەسەر نەمابێت،ئەو کاتە ئەگەر زۆرانیازیش دروست بێت بناخەی دامەزراوەیی دەوڵەتی ئێمە ناکەوێتە بەردەم مەترسیەوە.

**گوڵان: ئەگەر دوایین پرسیارمان گرێبدەینەوە بە خواستی ریفۆرم لە کوردستان و هەوڵەکانی حکومەت بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە ناوخۆیدا، پرسیارەکە بەوشێوەیە دەکەین کاتێك ئەم ٤ حزبە باسی گۆڕانکاری دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەك پێش ئەوان دەستی بەم کارە کردووەو بەرنامەی بۆ داناوە، هەربۆنموونە بەرنامەی پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە کوردستان، هەموو لایەك ئاگادارن جەنابی نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم بەرنامەیەی راگەیاند،ماوەیەك لەمەوپێشیش چەند لیژنەیەکی پێکهیناوە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی،کەچی ئێستا دەبیین ئەم حزبانە هەمان ئەو قسانە دەکەنەوە کە حکومەت دەستپێکردووە، ئایا ئەو قسانەی ئەوان تاچەند لەلایەن خەڵکەوە متمانەی پێدەرێت ؟**



سەرۆ قادر: من پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمانە ئۆپۆزیسیۆنی ناکامڵن و ئەوانیش لە قۆناخی دەڵەمەدان،پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا چەند لەم حزبانە بڕوایان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە؟ئایا هەندێك ئەم حزبانە قەساس رەتدەکەنەوە کە چاو لەبەرامبەر چاو دەردەهێنێت و دەست لەبەرامبەر دەست دەبڕێت ؟ئەم حزبانە رەجمکردنی ژن وپیاو رەتدەکەنەوە ؟کە ئەمرۆ هەموو دونیا بە قێزەوەنی سەیری دەکات .ئایا ئەم حزبانە هەموویان تۆڵەسەندنەوەی عەشائیری رەتدەکەنەوە ؟ئەم حزبانە هەموویان یەکسانی مرۆڤەکان (ژن وپیاو ) وەك یەك قبوڵ دەکەن ؟ئەم حزبانە بڕوایان بە مافەکانی منداڵ هەیە ؟ئەم حزبانە هەموویان بڕوایان بە پەروەردەیەکی هاوچەرخ هەیە ؟ئایا ئەم حزبانە هەموویان ئەسڵەن بڕوایان بە دیموکراسی هەیە؟نیوەی ئەم هاوپەیمانیەی خۆیان راگەیاندووە دیموکراسی بەکوفر ئەزانێت،بە دروستکراوی دەستی مرۆڤی دەزانێت و ئەگەر بۆی بلوێت نایهێڵێت،خۆ ئەگەر حکومەتی هەرێمی کورردستان بە لۆژیکی ئەوان بیر بکاتەوە دەبێت نیوەی ئەو حزبانە بارەگاکانیان پێدابخات،بۆیە وەك لەپێشەوەش ئاماژەم پێکرد سەرۆکی حکومەت بەو شێوەیە رەفتار ناکات و سەرۆکی کوردستان بەو شێوەیە رەفتار ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەو شێوەیە رەفتار دەکەن کە یارمەتی ئۆپۆزیسیۆن بدەن بۆئەوەی کە فێر بێت چۆن ئۆپۆزسیون بێت،وەك هەڵۆ چۆن بە چکەکانی خۆی فێری فڕین دەکات، حکومەت وسەرۆکایەتی وڵاتی ئێمەش دەیەوێت فێریان بکات چۆن ئۆپۆزسیۆن بن .

**گوڵان : لە یاسای پارتە سیاسیەکانی زۆر وڵاتدا، مەرجی بڕوابوونی پارتە سیاسیەکانیان بە دیموکراتی کردۆتە مەرجی پێشوەختە، واتە حزبێك بڕوای بە دیموکراسی نەبێت نابێت لە کۆمەڵگەی دیموکراسی بوونی هەبێت، بۆچی حکومەتی ئێمەش ئەم هەنگاوە هەڵناگرێت ؟**

سەرۆقادر: یاسا جێبەجێکردن پێویستی بە کات هەیە،یاسا کە دەردەچێت پێویستیەکی کۆمەڵایەتی وسیاسیی فەرزی دەکات ئەو یاسایە دەربچێت .هەندێك لەو یاسایانەی زەمینەی لەباریان بۆ جێبەجێکردن هەیە زوو جێبەجی دەکرێن،هەندێکیان دەمێنیتەوە ساڵەهای پێدەچێت جێبەجێ ناکرێت،هەمووشیان دەزانن کە جێبەجی ناکرێت،بەڵام کار لەسەر ئەوە دەکەن زەمینەیەکی لەبار دروست بکەن بۆ ئەوەی یاساکە جێبەجێ بکەن،هەربۆیە دەڵێن یاسا بەدرەنگ دەچەسپێ بەڵام کەچەسپا بەدرەنگیش دەلەقێت، بۆیە دەبێت یاسا لەگەڵ قەناعەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بێت،بۆ ئەوەی رێزی یاساکە بگرن،یاسای پارتە سیاسیەکانیش لە وڵاتی ئێمە دەبێت زەمینەی جێبەجێکردنی بۆ برەخسێنین .

## کریستۆفەر ئەلێن بۆ گوڵان:

# دوای دامەزراندنی حکومەت رۆڵی پارتە سیاسییەکان دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتە



■ ■ ■

**پرۆفیسۆر کریستۆفەر ئەلێن ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرۆژەی مارشاڵ و بونیادی دیموکراسی لە ئەڵمانیا و ئەورووپا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، لەمبارەوە کتێبکی بە ناونیشانی ( سیاسەتی دیموکراسی وەبەرهێنانی سەرمایە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا )ئەم قۆناخە کە دەکرێت قۆناخی ئینتیقالی بۆ بونیادی دیموکراسی یەکێکە لەو باسە گرنگانەی کە پرۆفیسۆر کریستۆفەر بایەخێکی گرنگی پێدەدات، لەروانگەیە و بۆ چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و پرۆسە دموکراسییەکەی پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر کریستۆفەر کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان رایەکانی خۆی دەربڕی.**

■ ■ ■

*** لە وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمەدا هەمیشە باس لە جیاکردنەوە و دابڕینی پارتە سیاسییەکان دەکرێت لە حکومەت، ئەمە لە کاتێکدا پارتە سیاسییەکان دڵی سیستەمە سیاسییەکە پێکدەهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەبەست لە جیاکردنەوەی پارتە سیاسییەکان لە حکومەت چییە؟**

- پارتە سیاسییەکان یەکێکن لە دامەزراوە گرنگەکان بۆ بنیاتنانی دیموکراسی. لە کاتی نەبوونی پارتە سیاسییە چالاك و هەڵسوڕاوەکاندا، سیاسەت لەو تاکەکەسانەدا چڕدەبێتەوە کە بەو شێوەیە پارتەکە دادەڕێژنەوە کە ببنە دڵسۆزی ئەو تاکەکەسە یان جێگرەوەکەی. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی یارمەتیدەر نەبووە لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا، لە دیموکراسییە گەشەکردووەکاندا پارتەکان حکومەت پێکدەهێنن. هەر کاتێك هەڵبژێردران، پێویستی پارتی سەرکەوتوو یاخود ئەو هاوپەیمانێتییەی پێکدێت بەرپرسیارێتی خۆی بگرێتە ئەستۆ وەك پارتی حکومڕان. ئەگەر لەم ئەرکەیدا سەرکەوتووبێت ئەوا دووبارە هەڵدەبژێردرێتەوە. ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو، پارتە بەرهەڵستکارەکان جێی دەگرنەوە. هەرکاتێك ئەم حاڵەتە سەقامگیربوو ئەوا ئاسانترە ئەو بەرپرسە حکومییانە (بیرۆکرات) دەدۆزرێنەوە کە دەتوانن پۆستە هەمیشەییەکان لە دەزگا ئیدارییەکاندا بەڕێوەببەن کە ئامانجی خزمەتکردنی حکومەتە هەڵبژێدراوەکەیە. نموونەکان بریتین لەو نوسینگە حکومیانەی کە "ناحزبین"، وەك خزمەتگوزاری پۆستە، دەزگا گشتییەکان، هەروەها ئەو وەزیفە حکومییانەی دیکە کە گرنگ نییە چ پارتێك یان هاوپەیمانێتییەك لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووبووە.

***دوای دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەت، ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان چی دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- کاتێك پارتە سیاسییەکان جێی خۆیان گرت لە کۆمەڵگەدا. ئەوا گەورەترین تاقیکردنەوە بۆ دیموکراسییەکە بریتییە لەوەی ئایا پارتە حکومڕانەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەگۆڕێن و بە پێی رێساورێ و شوێنە چەسپاوەکان. بە چەشنێك پارتی حکومڕان ببێتە بەرهەڵستکار و بە پێچەوانەشەوە. ئەگەر وڵاتێك بەلای کەمەوە دووجار ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا رووبدات (ماوەکە لە٨-١٠ ساڵ بێت) ئەوا ئەگەری زۆرە وەك دیموکراسییەکی سەقامگیر بمێننەوە. زۆرێك لە خەڵکی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە نیگەران بوون لە پابەندبونی ئەڵمانیا بە دیموکراسییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دوای یەکەم هەڵبژاردنەوە لە ساڵی ١٩٤٩، ئەوا چوار جار ئاڵ و گۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات روویداوە. لە لایەکی دیکەوە روسیا، لە مێژوی خۆیدا چ وەك یەکێتی سۆڤییەت و چ وەك روسیا هەرگیز ئاڵ و گۆڕێکی حکومەتی تێدا روونەداوە کە کوشت و تەسفیەکردنی سەرکردەکان لەخۆنەگرتبێت. یاخود ئاڵ و گۆڕێکی زۆر نائاسایی بووە ( تەنانەت دەستوریش نەبووە). بۆ نموونە گۆڕانی دەسەڵات لەی یەڵسنەوە بۆ پۆتین و لەم دواییەدا لە پۆتینەوە بۆ مێدڤێدێڤ چەند گومانێکی جیددی وروژاند لەسەر دیموکراسییەتی روسیا وەك وڵاتێکی مودێرن.

**● لە وڵاتانی دوای شەڕ یان وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا ئاسەوارەکانی شەڕ نەسڕاونەتەوە و ئاستی هەژاری بەرزە، چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم حاڵەتەدا هەنگاوی پێویست بنێن بۆ بنیاتنانی حکومڕانێتی باش؟**

- ئەمە ئەرکێکی زۆر قورسە. ئەگەر بتوانین بەراوردێك بکەین ئەوا باشترە بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوادا وەك ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەو وڵاتانەی داگیریان کردن. تەنانەت ئەڵمانیاش -لەگەڵ ئەو یارمەتییە گەورەیەی لەلایەن ئەمەریکاوە پێشکەشی کرا لە شێوەی پلانی مارشاڵدا- دە ساڵی پێچو تاوەکو توانیتی پەرە بە ئابوورییەك بدات کە بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت. هەروەها زۆربەی داهاتەکان بۆ پرۆژە مەدەنییەکان تەرخان کران نەك بۆ پشتیوانی کردن لە سوپا. پارتە سیاسییەکان لە دیموکراسییە ئینتیقالییەکاندا وەك ئەوەی لە وڵاتی ئێوەدا هەیە پێوستیان بە ئاستێکی بەرزی متمانە هەیە لە نێوخۆیاندا بۆ ئەوەی وەك رکابەری سیاسی لێیان بڕوانرێت نەك وەك دوژمنی یەکتری کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێت، کە بریتیە لە حکومڕانیکردنی دیموکراسی.

***لە وڵاتانی دوای شەڕدا دو کەلتوور لە ئارادان، یەکەمیان کەلتووری کۆلۆنیالی و دیکتاتۆرییە دووەمیان کەلتووری خەبات و تێکۆشانە، چۆن دەتوانین لەم حاڵەتەدا هەڵبستین بە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی کەلتووری دیموکراسی و لێبوردەیی؟**

- لە رێی سڕینەووە دوژمنایەتی لە نێوان ئەو دوو کەلتوورەدا، چۆن دەتوانین ئەم کارە بکەین؟ لە رێی بنیاتنانی متمانەوە کە ئەو باوەڕە لای هەردوولا دروست بێت کە گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەت چیتر لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدا نییە. بەڵام بنیاتنانی ئەو متمانییە پێویستی بە هاوبەشیکردنێکی راستەقینە هەیە لە دەرفەت و بەرپرسیارێتییەکانی ئەو خۆبەڕێوەبردنەدا. تا زووتر ئەو متمانییە بنیات بنرێت لە نێوان رکابەرە سیاسییەکاندا لە بڕی جۆشدانی دوژمنایەتی لە نێوان گرووپەکاندا ئەوا زووتر ئەگەری سەقامگیربوونی دیموکراسی دروست دەبێت.

*** بۆچی نەتوانراوە دیموکراسییەتی لیبراڵی لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیات بنرێت؟**

- لەبەر ئەوەی ئەمە کاتی دەوێت، دیموکراسیە گەشەکردووەکان چەندین دەیەیان خایاندووە یاخود رەنگە چەندین سەدەیان خایاندبێت- بۆ ئەوەی بگەنە ئەو دیموکراسییەی حاڵی حازر لە ئارادایە. خەڵکانێك هەن ئەسڵی هەندێ لە دیموکراسییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی ١٢١٥ (بەریتانیا)، ١٧٧٦ ( وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)، ١٧٨٩ (فەرەنسا). لەگەڵ ئەوەشدا لەم وڵاتانەدا ئەو کەسانەی خاوەنی مولك و ماڵ نەبوون تاوەکو سەدەی ١٩ مافی دەنگدانییان نەبوو. هەروەها تا بیستەکانی سەدەی رابردوو ئافرەتان مافی دەنگدانیان نەبوو، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تاوەکو ساڵی ١٩٥٦ ئەمەریکییە رەشپێستەکان مافی دەنگدانییان نەبوو. واتە پێویست بەم ماوە دورودرێژە دەکات تاوەکو دیموکراسییە تازەگەشەکردووەکان بتوانن لایەنە باشە و خراپەکانی هەوڵەکانییان بۆ هێنانەدی دیموکراسی دەستنیشان بکەن. ئەگەر خۆشبەختیش بن، ئەوا رەنگە بتوانن بە کاتێکی کەمتر هەڵەکان راستکەنەوە و هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێن.

***ئایا لە سەر چ بنەما و هەلومەرجێك چاودێرانی دەرەکی هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی هەوڵ و کۆششەکانی وڵاتێك بۆ بنیاتنانی حکومڕانێتی باش؟**

- پەرەپێدانی متمانە لە نێو تێکڕای گرووپەکانی کۆمەڵگەدا ئەوانەی خواستی هێنانەدی حکومەتێکی دیموکراتییان هەیە. ئەمەش پێویست بە خیتابێکی مەدەنی دەکات لە نێوگرووپە رکابەرەکان و ئامادەی تەواو بۆ قبوڵکردنی ئەو تێڕوانینەی کە نابێت پارتەکان پێداگیری بکەن لەسەر بەدی هێنانی تێکڕای داواکارییەکانییان بە چەشنێك پارتە رکابەرەکانییان هیچ شتێك بەدەست نەهێنن. بنیاتنانی متمانە ئاسانتر دەبێت ئەگەر سەرکردەکان رێز لە هەڵوێستی یەکتری بگرن و تێگەیشتنییان هەبێت بۆ هەڵوێستی یەکتری و پەیوەندییەکی پیشەگەرانە پەرەپێدەن لە نێو خۆیاندا.

لیۆنارد پاوڵ ڕەی بۆ گوڵان:

# دیموکراتییەتی تەوافقی هەموو کاتێک سەرکەوتوو نابێت، لە بەلجیکا سەرکەوت بەڵام لە لوبنان شکستی هێنا



پرۆفیسۆر لیۆنارد پاوڵ ڕەی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی لیوسیانە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پارتە سیاسییەکان و چۆنییەتی گۆڕینی رای گشتی لەسیستەمی دیموکراتییدا، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا، و یەکێك لە دیراسەتەکانیشی بە ناونیشانی ئەو هەلومەرجەیە کە پارتی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت تیایدا کاریگەری لەسەر دەنگدەر هەبێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ڕەفتاری پارتە ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر لیۆنارد پاوڵ ڕەی کرد وبەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**• کەباسی دیموکراسی دەکەین مەبەستمان سیستەمی لیبرال دیموکراسی دەستورییە، ئایا دەستور ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دیاریدەکات ؟**

- بەڵی ڕۆڵی بەرهەڵستکار دەوەستێتەسەر دەستوری وڵاتەکە، واتە لە دیموکراسییە جیاوازەکاندا ڕۆڵی جیاواز هەیە بۆ پارتی بەرهەڵستکار، بۆ نموونە لە بەریتانیا پارتی حکومڕان تێکرای بڕیارەکان دەردەکات و پارتی بەرهەڵستکار چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مەسەلەکە جیاوازترە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە سەرۆکی وڵاتەکە سەر بە پارتێك بێت و زۆرینەی کۆنگرێس سەر بە پارتێکی دیکەبن، واتە هەردوو پارتەکە هاوبەشی دەکەن لە دەسەڵاتدا.

**• تاچەند ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ڕۆڵی چاودێر بگێڕێت لەسەر حزبی دەسەڵات ؟**

- دەبێت جۆرێك لە بەرهەڵستکاری هەبێت بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوە هەبێت دەنگ لە دژی پارتی حکومڕان بدرێت. بەڵام زەحمەت دەبێت ئەگەر هەردوو پارتەکە بەشداری لەدەسەڵاتدا بکەن، لەبەر ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێك ڕوونادات. لە ئەڵمانیا هاوپەیمانێتی حکومڕان دوو پارتەکە گەورەکە لە خۆدەگرێت، لەبەر ئەوە هیچ دەرفەتێك نییە بۆ ئەوەی دەنگ لە دژی دەسەڵات بدرێت، ئەمەش دژوارایە بۆ دیموکراسی. کاری بەرهەڵستکاران ڕەخنەگرتنە لە کاری حکومەت و ئاشکراکردن و خستنەڕووی هەڵەوکەم و کورپییەکانی حکومەتە بۆ ڕای گشتی. هەروەها پێویست بە بوونی دەزگاگەلێکی ڕاگەیاندنی ئازاد دەکات بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاران بتوانن زانیارییەکانی خۆیان بگەیەننە ڕای گشتی، لە هەمان کاتدا دەبێت ڕاگەیاندن هەڵوێستی حکومەتیش بڵاوبکاتەوە بۆ ڕای گشتی.

***زۆرجار هەڵبژاردن سازدەکرێت، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنەوە تێکرای پارتە سیاسییەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، واتە پارتی بەرهەڵستکار بوونی نییە. ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەکی دیموکراسییە لە کاتێکدا حکومەت هەڵبژێدراوە و تێکرای پارتەکانیش بەشدارن لە حکومەتدا؟**

- ئەمە حاڵەتێکی نائاساییە بۆ هاوڵاتییان، لەبەر ئەوەی دەتوانن دەنگی زیاتر یان کەمتر بۆ پارتێکی دیاری کراو بدەن، بەڵام ناتوانن بەرهەڵستکاران بگەیەننە دەسەڵات. کاتێك حکومەت هەڵەیەك دەکات دەبێت هاوڵاتییان ئەو بڕیارە بدەن ئەوە هەڵەی چ پارتێك بوو، دیاری کردنی لایەنی بەرپرس لەم هەڵەیە کارێکی زەحمەتە لە کاتێکدا تێکرای پارتەکان لە دەسەڵاتدابن.

*** ئایا دەکرێت بەم حاڵەتە بڵێن دیموکراسییەتی تەوافقی، ئایا دیموکراسییەتی تەوافقی چەند سەرکەوتوو بووە ؟**

- دیموکراسییەتی تەوافقی لەو کۆمەڵگایانەدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە کە دابەشبوونێکی قوڵ هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی بەلجیکادا کە دابەشبونێکی قوڵ هەیە لە ڕووی زمانەوە و ئەم جۆرە دیموکراسییە یارمەتی پێکهێنانی سیستەمێکی ئاشتییانەی دا، بەڵام لە لوبناندا سەرکەوتوو نەبوو، بەو پێیە سەرکەوتنی ئەم جۆرە دیموکراسییەتە لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەکە. لەلایەکی دیکەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا تا چ ڕادەیەك مروونەتی تێدایە، واتە تا چ ڕادەیەك کراوەیە بۆ لەخۆگرتنی گۆڕانکارییەکان بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە بێت، بۆ نموونە بەشێکی شکستی دیموکراسییەتی لوبنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی نەگونجاندووە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای جێگیرکردنی ئەم سیستەمەوە ڕویاندا بە چەشنێك ئێستا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە نییە.

*** ئەگەر پەیڕەوی دیموکراسییەتی تەوافقی نەکراولایەنی ئۆپۆزسیۆن لاواز بوو، ئایا لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە چۆن دەبێت؟**

- لە هەندێ وڵاتدا لاوازی بەرهەڵستکاران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی لە ئەدای حکومەت ڕازین و دەنگ بۆ پارتێکی بەدیل نادەن، بەڵام لە هەندێ وڵاتی دیکەدا ئاماژەیە بۆ شکستی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی دەرفەت بە بەرهەڵستکاران نەدراوە و دەسەڵات لەلایەن پارتێکی کۆنترۆڵکراوە، بۆ نموونە لە وڵاتی مەکسیك بۆ چەند دەیەیەك تەنیا پارتێکی دیاری کراو هەڵبژاردنەکانی دەبردەوە، بەڵام هۆکارەکە ئەوەبوو کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرا و ڕێگە لە بەرهەڵستکاران دەگیرا، بەڵام دواتر ئەم حاڵەتە گۆڕا کاتێك دەرفەت بە پارتەکانی دیکەش درا. بەو پێیە دەبێت بە گومان بین کاتێك پارتی حکومڕان هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو دەبێت. مەترسییەکەش ئەوەیە کاتێك هاوڵاتییان لە حکومەت ناڕازین ئەوا متمانەیان بەو حکومەت نامێنێت، بەڵام کاتێك ناتوانن ئەو حکومەتە بگۆڕن ئەوا متمانەیان بە تەواوی سیستەمەکە نامێنێت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بارودۆخێکی شۆڕشگێری.

***لەو وڵاتانەدا کە دو پارتی سەرەکی هەیە و دەسەڵات تەنیا لە نێوان ئەم دو پارتەدا ئاڵ و گۆڕ دەکرێت، ئایا لە حاڵەتی یەکگرتنی ئەم دو پارتەدا وەك ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکەین، تا چ ڕادەیەك ئەم دو پارتە سەرکەوتوو دەبن لە خولقاندنی دیموکراسی و بەڕێوبردنی دەوڵەتدا؟**

- لەم حاڵەتەدا هاووڵاتییان هیچ ئیختیارێکیان نابێت و ئەو کاتە هەلومەرجەکە بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە دەوڵەتی تاقە حزب و ئەمەش دیموکراسی نییە، دەبێت جۆرێك لە بەرهەڵستکاری هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر هاوڵاتیان لە ئەدای حکومەت ناڕازی بوون بەدیلیان هەبێت.

جیسیکا پیۆمبۆ بۆ گوڵان:

# پارتی ئۆپۆزسیۆن دەبێت ئاگاداری بارودۆخ و رووداو و واقیعی وڵاتەکەی خۆی بێت



خاتوو جیسیکا پیۆمبۆی ئوستادی زانستی سیاسەتەو رێکخەری هەرێمی یە بۆ کاروباری پۆلیساریۆ (بیابانی رۆژئاوا) هەروەها یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە بەرێگەی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کار لەسەر پرۆسەی دیموکراسی ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی دەکات، هەربۆیە راستەو خۆ لەگەڵ کێشەکانی دیموکراسی لەو وڵاتانە دەژی و هەوڵی چارەسەرکردنیشی دەدا و هەربۆیە خاتوو جیسیکا لە تایبەتمەندی بارودۆخە جیاوازەکان و سروشتی جیاوازی پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیونیش زیارتر هەڵوەستەدەکات، ئەم تایبەتمەندیەی پرۆفیسۆر جیسکا زۆر لەو راپۆرتەی ئێمە نزیکە هەربۆیە پەیوەندیمان پێوەکرد و بەسوپاسەوە بەشداری ئێمەی کردو وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی لێدوانەکانی خاتوو جیسکایە بۆ گوڵان.

***لە دیموکراسیدا پارتی حکومڕان و پارتە بەرهەڵستکارمان هەیە، رۆڵی پارتی حکومڕان بریتیە لە ئیدارەکردنی دەوڵەت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رۆڵی پارتی بەرهەڵستکار چیە؟**

- پارتە بەرهەڵستکارەکان هەڵدەستن بە خستنەڕوی بیروبۆچون و پرۆژەی جیاواز، هەڵدەستن بە رێکخستنی ئەم بیروبۆچونە جیاوازانە، ووردتر بڵێم بەدیلی جیاواز دەخەنەڕو و ئەوە روون دەکەنەوە کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بە چ شێوەیەك حکومڕانی دەکەن.

*** ئایا بێ بوونی پارتی بەرهەڵستکار هێنانەدی دیموکرای شتێکی مەحاڵ دەبێت؟**

- مەحاڵ نییە بەڵام زۆر زەحمەتە، دیموکراسی پێویستی بە ململانێی پارتەکان هەیە و بوونی پارتی بەرهەڵستکار ئەم ململانێیە دەخوڵقێنێت.

*** زۆرێك لە چاودێران بوونی پارتی بەرهەڵستکار بە پێویست دەزانن لەبەر ئەوەی پارتی حکومڕان روبەڕوی بەبرپرسیارێتیەکانی خۆی دەکاتەوە، ئایا ئەو میکانیزمانەچین کە دەبێت پارتی بەرهەڵستکار بیگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە؟**

- دەبێت لە پەرلەماندا خۆیان رێکخستبێت، هەروەها دەبێت ئاگاداری بارودۆخ و رووداوەکانی وڵاتەکەبن، لە لایەکی دیکەوە دەبێت پەیوەندیەکی باشیان هەبێت لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا. راستە دەبێت پرۆژە و بۆچوونی جیاواز و بەدیل بخەنەڕوو بەڵام مەرج نییە لە هەمو مەسەلە و لە هەموو هەل و مەرجێکدا بەرهەڵستی بکەن.

*** ئایا ئەو ژینگە و هەل و مەرجە خوازروانە چین کە پێویستن بۆ هێنانەدی هاوسەنگیەك لە نێوان پارتی حکومڕان و پارتی بەرهەڵستکاردا؟**

- پێویستە دەستورێکی عادیلانەهەبێت، هەروەها دەبێت سیستمە سیاسیەکە دەرفەت بۆ تێکڕای گروپ و لایەنە سیاسیەکان بڕەخسێنێت، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئازادی بۆ تێکڕای ئەو لایەنانە دابینکرابێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت لە سەرانسەری وڵاتەکەدا بتوانن چالاکیان هەبێت بێ ئەوەی ترسی هەڕەشە و سەرکوتکردنیان هەبێت. هەروەها دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن سەربەخۆبن و لایەنگیریان نەبێت بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست و دروست تەغتیەی مەسەلەکان بکەن.

*** زۆرجار هەلبژاردنە سازدەکرێت، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنەوە تێکڕای پارتە سیاسیەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، واتە پارتی بەرهەڵستکار بوونی نییە. ئایا ئەمە تا چ رادەیەکی دیموکراسیە لە کاتێکدا حکومەت هەڵبژێدراوە و تێکڕای پارتەکانیش بەشدارن لە حکومەتدا؟**

- لەم حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە بتوانن وەك پارتێکی بەرهەڵستکار رەخنەبگرن لەبەر ئەوەی بە رەسمی بەشێکن لە حکومەت، ناکرێت بەشداربیت لە حکومەتدا و رۆڵی بەرهەڵستکار ببینیت. هەندێ جار لە پێناو هێنانەدی یەکێتیەکدا حکومەت هەڵدەستێت بە بەشداری پێکردنی پارت و لایەنە جیاوازەکان، کە مەرج نییە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی خراپ بێت بەڵکو ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن ئەو کارە دەکەن.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا پەنا بۆ دیموکراسیەتی تەوافوقی دەبردرێت، بۆچی پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبردرێت، ئایا ئەمە مەترسی ئەوەی هەڵنەگرتووە کە پارتی بەرهەڵستکار نەتوانێت ئاشتیانە رۆڵی خۆی ببینێت، یان دەسەڵات لە لایەن پارتی حکومڕانەوە ئیستیغلال بکرێت؟**

- لەم جۆرە دیموکراسیەدا تێکڕای لایەنە جیاوازەکان هەڵدەستن بە هاوکاری کردن لە بری ئەوەی زۆرینە حکومڕانێتی بکات و ئەمەش ئەرکەکان قورستر دەکات، لەبەر ئەوەی پارتە بچوکەکان دەسەڵاتی رەتکردنەوەی هەندێك لە مەسەلەکانیان دەبێت، واتە دەسەڵاتێکی زیاتر لە سەنگی راستەقینەی خۆیان بەدەست دەهێنن، بە پێچەوانەی حکومڕانێتی زۆرینەوە، واتە لە دیموکراسیەتی تەوافوقیدا ئەگەر پارت و لایەنە بەشداربوەکان رازی نەبن بە سیاسەتێك ئەوا ئیمکانی جێبەجێکردنی نابێت.

*** لە هەندێ لە وڵاتاندا کە سیستمی فرەحزبی هەیە، بەڵام پارتێکی بەرهەڵستکاری لاواز هەیە، واتە ئەم پارتە ناتوانێت دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت بۆ گۆڕینی حکومەت، ئایا مەترسی بوونی پارتی بەرهەڵستکارێکی لاواز چیە؟**

- لەو حاڵەتەدا ناتوانن وەك لایەنێکی یەکسان بەشداری لە سیستمە سیاسیەکەدا بکەن و ناتوانن بە شێوەیەکی کارا بیروبۆچون و سیاسەتە جیاوازەکان بخەنەڕوو، کە رەنگە لە کاتی بوونی پارتێکی بەرهەڵستکاری لاوازدا پەنا بۆ دیموکراسیەتی تەوافوقی ببردرێت و ئەو کاتە ناتوانێت وەك پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت.

***لەو وڵاتانەدا کە دو پارتی سەرەکی هەیە و دەسەڵات تەنها لە نێوان ئەم دو پارتەدا ئاڵ و گۆڕ دەکرێت، ئایا لە حاڵەتی یەکگرتنی ئەم دو پارتەدا وەك ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکەین، تا چ رادەیەك ئەم دو پارتە سەرکەوتو دەبن لە خوڵقاندنی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا؟**

- ئەوە دەوسێتەسەر ئەوەی ئایا لە پێناو چیدا یەکدەگرن، رەنگە ئەمە کارێکی خراپ بێت بە تایبەتی ئەگەر ئامانجەکە بەرتەسککردنەوەی دەرفەت بێت لە بەردەم لایەنەکانی دیکەدا، لە لایەکی دیکەوە رەنگە هەلێك بۆ پێکهاتن و دروستبونی پارتێکی بەهەرڵستکاری دیکە بڕەخسێنێت.

مایکل مەنگور بۆ گوڵان:

# کە ئۆپۆزسیۆن لاوازبوو واتە خەڵک لە حکومەت رازین



پرۆفیسۆر مایکل سی مەنگور سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی دیوک Duke پسپۆڕو تایبەتمەندە لە بواری سیاسەتی گشتی و سیاسەتی ئابووری حکومەت و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لە بونیادی دیموکراسیدا، ماویەکیش لە کۆنگریس بەریوەبەری پرۆگرامی سەرەکی ئیدارەی گشتی بووە، هەربۆیە پرۆفیسۆر مەنگور هەم وەک ئەکادیمیەک کاری لەسەر کۆڵەکە گرنگەکانی حکومەت کردووە هەم وەک کەسێک کە پۆستێکی گرنگیشی لە کۆنگریسدا هەبووە، هەربۆیە بە پێویستمان زانی پەیوەندی پێوە بکەین لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان بە ئۆپۆزسیون و پارتی دەسەڵاتیشەوە چەند پرسیارێکی لە بکەین بەسوپاسەوە پرۆفیسۆر مایکل مەنگور بەشێویە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ئایا بێ بوونی بەرەی بەرهەڵستکار بنیاتنانی دیموکراسی زەحمەت دەبێت؟**

- رۆڵی پارتی بەرهەڵستکار خستنەڕووی بەدیلە، واتە ئەوە روون دەکەنەوە کە ئەوان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە پارتی حکومڕان هەڵدەستن بە حکومڕانی کردن و بەڕێوبردنی کاروبارەکان، ئەوەش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ دەنگدەر بەجێدەهێڵرێت کە ئایا چ دەنگ بۆ چ بەدیلێک دەدەن. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتە ئەوروپییەکان بە گشتی خەڵکی لەو باوەڕەدان کە ناتوانرێت دیموکراسی بنیات بنرێت بێ ئەوەی دەرفەت بە کاری بەرهەڵستکاری بدرێت و بێ ئەوەی بەرەی بەرهەڵستکار دووچاری تەنگپێهەڵچنین ببنەوە.

*** کە ئۆپۆزسیۆن ئەم رۆڵە گرنگەی هەبێت ئایا ئەو میکانیزمانە چین بۆئەوەی بە رێکوپێکی ئەو رۆڵەی پیادەبکات ؟**

- لە سیستمی پەرلەمانیدا پارتی بەرهەڵستکار تەنها دەتوانێت لە پەرلەماندا رەخنە و لێدوان بدات و سەرنجی رای گشتی رابکێشێت بۆ هەڵە و کەموکورییەکانی حکومەت، بەڵام دەبێت ئازادیان پێبدرێت و دووچاری سەرکوتکردن نەبنەوە، هەروەها دەبێت دەرفەتی ئەوەیان پێ بدرێت کە بگەنە دەزگاکانی راگەیاندن.

*** لە هەندێک حاڵەتدا دوای هەڵبژاردنەکان هەموو پارتە سیاسییەکان لە حکومەت بەشدار دەبن . ئایا ئەمە تا چ رادەیەکی دیموکراسیە لە کاتێکدا تێکڕای پارتەکانیش بەشدارن لە حکومەتدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و من وەڵامەکەی نازانم، تەنها ئەوەندە دەڵێم دەبێت دەرفەت بە دەزگاکانی راگەیاندن بدرێت کە چالاکی و لێدوانەکانی بەرەی بەرهەڵستکار تەغتیەبکەن و ئەم دەزگایانەش لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ نەکرابن.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پەنا بۆ دیموکراسیەتی تەوافوقی دەبردرێت، بۆچی پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبردرێت، ئایا ئەمە مەترسی ئەوەی هەڵنەگرتووە کە پارتی بەرهەڵستکار نەتوانێت ئاشتیانە رۆڵی خۆی ببینێت، یان دەسەڵات لە لایەن پارتی حکومڕانەوە ئیستیغلال بکرێت؟**

- من لەو باوەڕەدانیم کە " دیموکراسیەتی تەوافوقی" بوونی هەبێت. ئەرکی حکومەت ئەوەیە رێگایەکی ئاشتیانە و عەمەلی بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و جیاوازیەکان. شتێکی حەتمیە کە دوو پارت یان زیاتر لە دوو پارت لە ئارادا بن. ئەگەر پارتە بەرهەڵستکارەکان بە یاسا قەدەغەبکرێن، ئەوا تەنها توندوتیژی دەمێنێتەوە بۆ بەرهەڵستکارەکان بۆ ئەوەی پەنای بۆ ببەن. ئەو هەڵبژاردنانەی ململانێی لەخۆدەگرن رێگە لە سەرهەڵدانی توندوتیژی دەگرن. هەروەها ململانێی رێ لەوەدەگرێت ئەو پارتەی لە دەسەڵاتدایە رەفتاری خراپ بنوێنێت لە ئاست هاووڵاتیانی کەمینەدا، لەبەر ئەوەی ئەوەی ئێستا کەمینەیە رەنگە لە حکومەتی داهاتوودا ببێتە بەشێک لە زۆرینە.

*** ئایا مەترسی بوونی پارتی بەرهەڵستکاری لاواز چیە؟**

- ئەگەر هەڵبژاردنەکان ئازاد و کراوەبن و پارتی بەرهەڵستکار لاوازبێت ئەوا هۆکارەکەی ئەوەدەبێت کە خەڵکی لە پارتی حکومڕان رازین. بەڵام بوونی بەرهەڵستکار پارتی حکومڕان ناچاردەکات راستگۆیانە رەفتار بکات و لە ئاست داخوازیەکانی دەنگدەراندا بێت.

*** لەو وڵاتانەدا کە دوو پارتی سەرەکی هەیە و دەسەڵات تەنها لە نێوان ئەم دوو پارتەدا ئاڵ و گۆڕ دەکرێت، ئایا لە حاڵەتی یەکگرتنی ئەم دوو پارتەدا وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکەین، تا چ رادەیەک ئەم دوو پارتە سەرکەوتوو دەبن لە خولقاندنی دیموکراسی و بەڕێوبردنی دەوڵەتدا؟**

- ئەمە حاڵەتێکی باوە لەو دیموکراسیانەی کار بە سیستمی حکومڕانی زۆرینە دەکەن بە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانیەوە ( کە سیستمی حکومڕانێتی نوێنەرایەتیە نەک حکومڕانێتی زۆرینە). باشتر و رەواترە، ئەم سیستمە پێچەوانە بکرێتەوە ئەگەر هاتو هەردوو پارتەکە زۆر نزیک بوون لە یەکەوە. لە راستیدا بوونی دیموکراسی لەم هەل و مەرجەدا رێگە لە توندوتیژی و شۆڕش دەگرێت.

هارۆڵد ستانلی بۆ گوڵان:

# ئۆپۆزسیونی لاواز گرفت بۆ دیموکراسییەت دروست دەکات

*** ئایا ڕۆڵی پارتی بەرهەڵستکار لە بونیادی دیموکراسیدا چییە؟**

- بریتییە لە ڕووبەڕووکردنەوەی پارتی حکومڕان بە بەرپرسیارێتییەکانی خۆی، بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە پارتی حکومڕان و خستنەڕووی هەڵوێست و سیاسەتی بەدیل و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی بۆ ئەم سیاسەتە جیاوازانە، واتە هەڵدەستن بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتی ئەوان بە چ شێوەیەك حکومڕانی دەکەن و کامانەن ئەو سیاسەتانەی دەیگرنەبەر.

*** کەواتە ئۆپۆزسیونیش فاکتەری سەرەکی بونیادی دیموکراسییە وەك ئەو حزبەی کە حکومەت پێکدەهێنێت؟**

- ئۆپۆزسیون ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە، زۆر زەحمەتە بتوانین بێ بوونی پارتی بەرهەڵستکار بە شێوەیەکی کارا حکومڕانییەکی دیموکراسی بنیات بنێین و بتوانین چالاکانە کاری سیاسی بکەین و بێ بوونی پارتی بەرهەڵستکاری ئەگەری هاتنەدی دیموکراتی لە ئارا دانایێت.

*** ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە دەبێت پارتی بەرهەڵستکار بیگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە؟**

- دەتوانن لە ڕێی کارکردنیانەوە لە دەسەڵاتی یاسادانانداا بەم کارە هەڵسن، دەتوانن لە ڕێی گەیشتنیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئەم کارە بکەن بە چەشنێك بە شێوەیەکی بەربڵاو دەنگ و پەیامی خۆیان بگەیەننە ڕای گشتی. واتە تەنیا یەك شێوە و میکانیزم لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی پارتی بەرهەڵستکار ئەم ئەرکەی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵکو شێوازی جیاواز و جۆراجۆر هەیە بۆ ئەوەی پارتی حکومڕان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییە گشتییەکان بکاتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت ئەگەر هاتوو سیاسەتەکانی خزمەتی بە بەرژەوەندییە گشتییەکان نەدەکرد.

*** زۆرجار لە دوای هەڵبژاردنەوە تێکرای پارتە سیاسییەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن، واتە پارتی بەرهەڵستکار بوونی نییە. ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك دیموکراسییە لە کاتێکدا حکومەت هەڵبژێدراوە و تێکڕای پارتەکانیش بەشدارن لە حکومەتدا؟**

- لەم حاڵەتەدا لە بری بوونی پارتی حکومڕان و پارتی بەرهەڵستکار هاوپەیمانێتییەکی گەورە و بەربڵاو هەیە کە حکومڕانێتی دەکات، لە هاوپەیمانێتییەکی ئاوا گەورەدا دابەشبوون و جیاوازی هەیە، بەڵام ڕەنگە بوونی ئەم لایەنە جیاوازانە دەرفەتێك بێت بۆ نوێنەرایەتی دیموکراسی و بۆ بەرپرسیارێتی دیموکراسی، مەبەستم ئەوەیە حکومەت نوێنەرانی تێکڕای گروپ و لایەنەکان لەخۆدەگرێت. واتە مەرج نییە ئەو پارتانە هەمیشە لەناکۆکیەکی بەردەوامدابن و ڕەنگە کار بۆ ئەو ئامانجە بکەن کە ئەو پشتیوانیان هەیە درێژەی پێبدەن و پشتیوانی زیاتر بەدەست بهێنن. واتە ئەمە هاوچەشنی ئەو حاڵەتە نییە کە پارتی حکومڕان و پارتی بەرهەڵستکار هەیە، بەڵام چەندێك توخمێك لەخۆدەگرێت کە دەکرێت ببنە بنەمای بنیاتنانی دیموکراسی.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پەنا بۆ دیموکراسییەتی تەوافوقی دەبردرێت، بۆچی پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبردرێت؟**

- من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا دەبێت هاوڕابوونێك هەبێت لەسەر چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی، بەڵام ئەمە جیاوازە لەو دیموکراسییەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بۆ کردووە.

*** لە هەندێك وڵات بە تایبەتی ئەوانەی لە دەستپێکی پرۆسەی دیموکراتین، ئۆپۆزسیون کامڵ نییە، ئەگەر هەشبێت لاوازە، ئایا لاوازی ئۆپۆزسیون تاچەند گرفتە بۆ دیموکراسی؟**

- ئەمە هەڵگری چەند گیروگرفتێکە، بەڵام ڕەنگە حاڵەتەکە بە پێچەوانەوەبێت، واتە ڕەنگە کەمینەیەك حکومڕانی بکات و ئەمەش بۆی هەیە چەندین کێشە بۆ پارتی حکومڕان بخوڵقێنێت و دەرفەتێك دروستبێت بۆ ئەوەی پارتی بەرهەڵستکار بتوانێت پێگەی خۆی بەهێزبکات. واتە چەندین دژواری و تەحەددا هەیە کە ڕووبەڕووی پارتەکان دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی خۆیاندا و لە هێنانەدی چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی خەڵکدا. من شارەزام لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا و ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ پرسیارێکی پێشووتان دەربارەی بوونی پارتی بەرهەڵستکاری لاواز ئەوا دەتوانم بڵێم هەلومەرجەکە وەك هەلومەرجی ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکای لێدێت لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا تاوەکو شەستەکانی ئەوە سەدەیە، مەبەستم ئەوەیە پارتی کۆماری لەو ناوچانەدا لاوازبو و نەیتوانی ببێتە بەدیلی حکومڕانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گفتوگۆ و مشت و مڕێکی کەم لەبارەی مەسەلە گشتییەکانەوە بکرێت لە کاتی هەڵمەتە سیاسییەکاندا یاخود لە دەسەڵاتی یاسادانانداا.



■ ■ ■

پرۆفیسۆر هارۆڵد ستانلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسێۆشیتدی باشوور و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانی پارتە سیاسییەکان لە سیستەمی دیموکراسی و هەروەها کاریگەری پارتە سیاسییەکان بۆ هاندانی گرووپی پشتگیری لە هەڵبژاردنەکاندا، زیاتر لەسەر دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا شارەزایە هەتا دیموکراسییەتی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ئێمە ئامانجمان لەم دیمانەیە زیاتر بۆ چۆنییەتی کارکردنی پارتەکانی ڕۆژئاوا لە پرۆسەی دیموکراتی و هەروەها بەراوردکردنییەتی لەگەڵ دیموکراسییەتی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنەش پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ستانلی کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

■ ■ ■




# لەنێوان لە خۆبایبوونی ئیـ
# شەڕی غەزە کارەساتێکە بـ

**ئەم شەڕەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، وەک شەڕی عێراق یان ئەفغانستانیش نییە، پێمانوایێت هەموو جیهانی ئیسلامی پشتگیری تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ناکات، هەروەها هەموو ڕۆژئاواش پشتگیری ئەمەریکا ناکات**

محەمەد حەسەنێن هەیکەل یەکێك لەو هۆکارانەی کە بە هۆکاری کوشتنی ئەنوەر ساداتی دادەنێت، بەو هۆکارەی دەزانێت سەردەمی ئەنوەر سادات سەردەمی تەلەفزیۆن بوو، کاتێك چوو بۆ ئیسرائیل هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بینی، هەیکەل لەمەش زیاتر لە کتێبی پایزی تورە ئاماژەی پێدەکات و دەڵیت، پێشتر عەرەب هاوولاتی ئیسرائیلی نەبینبوو، میدیای عەرەبیش هێندە بە خراپ کاریگەری لەسەر هاوولاتییانی عەرەب کردبوو، وێنەی ئیسرائیلی لێکردبوونە شتێکی سەیر هەربۆیە عەرەب بەگشتی و هاوولاتییانی میسر بە پەرۆش بوون بزانن سەرۆکەکەیان کە دەچێتە ئیسرائیل کێن ئەوانەی پێشوازی لێدەکەن، پێدەچێت هاوولاتییانی ئیسرائیلیش هەمان دیدوبۆچوونیان بەرامبەر بە عەرەب هەبێت، لەبەر ئەوەی یەکێك لە هۆکارەکانی کوشتنی ئیسحاق رابین ئاکامی تەوقەکەی بوو لەگەڵ یاسر عەرەفات، ئاماژەکردن بۆ ئەم واقیعەی شەستەکان واقیعی ئێستای ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینیمان دێنێتە بەرچاو و کاردانەوەکانی ئیسرائیلیش هەمان کاردانەوەی شەستەکانمان بیر دێنێتەوە، کە ئەویش سەردەمی (نا ) کانی لایەنی عەرەبی و وەڵامدانەوەی توندی ئیسرائیلە.

بەم پێوانەیە ئینجا وەرە شەستەکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم بەراورد بکە، ئەو سەردەمە شەڕەکان شەڕی سەردەمی رادیۆ بوون و پرۆسەکانی ئاشتی هی سەردەمی تەلەفزیۆن بوون، بینمان کاردانەوەکان چۆن بوون، بەڵام ئێستا شەڕەکە بۆتە شەڕی سەردەمی ئەنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان و شەڕەکە وەك یارییەکانی تۆپی پێی جامی جیهان لە کات و ساتی خۆی دەگوازرێتەوە و دیمەنە جەرگبڕەکان لە ناکاو و لەپڕ بەردەمدا تێدەپەڕێت و دێتە ناوشاشەی تەلەفزیۆنەکەوە، بێگومان ئەم حاڵەتە لەوە کاریگەرترە کە تۆ سەیری دیمەنێك بکەیت لە شاشەی تەلەفزیۆن و پێت بڵین هەفتەیەك لەمەوپێش روویداوە و یان لەوانەیە خودی تەلەفزیۆنەکە هەندێك دیمەن لاببات ,بۆئەوەی هەستی بینەر نەوروژێت، ئێستا نەخێر، نەك تەلەفزیۆنەکە ناتوانێت ئەو دیمەنانە لابەرێت، بەڵکو کامێرامانەکە کە وێنەی شەڕەکە دەگرێت و ئەوەشی لە دووری هەزاران میلەوە سەیری دەکات هەمان حاڵەتیان هەیە و وەك یەك لەیەك کاتدا واقیعی شەڕەکە



# ...سرائیل و عینادی حەماسدا
# ...ـە بەرچاوی مرۆڤایەتیەوە

دەبیین و لەمەش خراپتر ئەم شـــەڕەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، وەك شـــەڕی عێراق یان ئەفغانســـتانیش نییە، پێمانوابێت هەموو جیهانی ئیســـلامی پشـــتگیری تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ناکات، هەروەها هەموو رۆژئاواش پشـــتگیری ئەمەریکا ناکات، بەڵام لەم شەڕەدا ئەگەر یەکێك پشتگیری حەماسیش نەکات بەڵام کە دیمەنی بۆمبارانکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دەبینی و دەبینێت ژن و منداڵی بێتاوان لە ناو قوربانییەکان و بریندارەکاندانن هەست دەکەیت زوڵمێك بەرامبەر کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنی دەکرێت، کە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی ڕێگە نادات ئەو شوێنە مەدەنیانە وەك پێگەی ســـەربازی حســـابیان بۆ بکرێت، ئێمە لەم راپۆرتە هەوڵمانداوە هێندەی لەسەر لایەنە مرۆییەکەی ئەم شەڕە هەڵوەستە بکەین کە چەند ویژدانی سەرجەم مرۆڤایەتی ئازاردەدات و هێندە بـــەدوای هۆکاری ئەوە نەکەوتبین هۆکاری ئەم شـــەڕە چۆنە و کێ براوەیە و کـــێ دۆراوە ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە هەردوو لایەنی شەڕەکە دۆراون و ئەگەر رۆژێك زووتر بچینە سەر مێزی دانووســـتاندن و هەوڵبەن کێشـــەکە بە زمانی ئاشتییانە چارەسەر بکەن رۆژێك زوتر کارەســـاتەکە لە هـــەردوولا کۆتایی دێت، هەم غەزە لەژێر هێرشی ئیسرائیل و هەمیش شارەکانی ئیسرائیل لەژێر موشـــەکەکانی حەماس رزگاری دەبێت، ئەوانەی بۆ ئەم راپۆرتە قســـەیان بۆ کردووین، بێجگە لە پرۆفیسۆر ئامۆس کە دەربڕی دیدو بۆچوونی رای گشـــتی ئیسرائیل پیشـــانددەن، هەموویان ســـەرکۆنەی ئەو سیاسەتە دەکەن کە ئیسرائیل بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشـــەیە گرتویەتەبەر هەروەها ســـەرکۆنەی عینادییەکانی حەماســـیش دەکەن کە دانووستاندن لەگەڵ ئیسرائیل ڕەتدەکاتەوە، هەموو ئەو چاودێرانە پێیان وایە ئەگەر ئیســـرائیل وا بیر بکاتەوە دەتوانێت حەماس بە تەواوەتی لە ناوبەرێت و حەماس وابیر بکاتەوە دەتوانێت ئیسرائیل بروخێنێت، ئەوا هەردوولایان خۆیان ڕووبەڕووی خۆکوژی سیاسیی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی نە ئیسرائیل حەماسی پێ لە ناودەبرێت، نەحەماسیش ئیسرائیلی پێدەروخێت، بۆیە بێجگە لە ملدان بۆ دانووســـتاندنی سیاسیی و ڕێگە چارەی ئاشتییانە و ئاگری ئەم کێشـــەیە مەترسی گەورەتری لێدەخوێنرێتەوەو ئەگەر زوو کۆتایی پێنەیەت شوێنی دیکەش دەگرێتەوە.

•••

**نە ئیسرائیل حەماسی پێ لە ناودەبرێت، نەحەماسیش ئیسرائیلی پێدەروخێت، بۆیە بێجگە لە ملدان بۆ دانووستاندنی سیاسیی و ڕێگە چارەی ئاشتییانە و ئاگری ئەم کێشەیە مەترسی گەورەتری لێدەخوێنرێتەوەو ئەگەر زوو کۆتایی پێنەیەت شوێنی دیکەش دەگرێتەوە**

•••

**فیلیپ ویلکۆکس جێگری یاریدەری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# لەبەر ئەوەی ئیسرائیل بە چارەسەری دروستبوونی دوو دەوڵەت ڕازی نییە، ئەم شەڕە لە ڕووی سیاسییەوە بە قازانجی حەماس دەشکێتەوە

**دیبلۆماتی گەورەی ئەمەریکا فیلیپ سی. ویلکۆکس، ماوەی ٣١ ساڵ لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٩٧ لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاریکردووە و بەرزترین پلەی دیبلۆماتی کە پۆستی یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایە وەریگرتووە و بەڕێوبەری کاروبارەکانی سیاسەتی ئەمەریکا بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەربۆیە ویلکۆکس ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم کێشەیە کاریکردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی وەك پێشاندەری هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر ئەم شەڕە پەیوەندی بە فیلیپ ویلکۆکس بکەین و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



**• هەموو دنیا چاوەڕێی ئەوەیە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، وێڕای ئەوەی چەندین ڕێککەوتنی ئیمزاکراو لە نێو هەردوولادا هەیە کەچی دواین ڕێگە کە پەنای بۆ دەبەن گەڕانەوەیە بۆ شەڕو کاولکاری، بۆچی حەماس و ئیسرائیل کێشەکانیان بە دانوستاندن چارەسەر ناکەن ؟**

- هێشتا ئەو مەسەلەیە یەکلانەبۆتەوە ئایا ئەو چارەسەرە پیادە دەکرێت کە بوونی دوو دەوڵەت لەخۆدەگرێت یان نە، دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی فەلەستین، هەروەها ئەو ناکۆکییەی لە نێوان ئیسرائیل و حەماس دایە بەشێکە لەو کێشە گەورەیەی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیدایە. حەماس بە ڕەسمی دان بە ئیسرائیلدا نانێت و ئیسرائیل حەماس بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێت نەك بە لایەنێکی شەرعی. حەماس هێرشی موشەکی دەکردە سەر ئیسرائیل و ئیسرائیل ئابلۆقەیەکی سەختی بەسەر سنوورەکانی غەززەدا سەپاند بۆ لاوازکردنی یاخود بۆ تێکشکاندنی حکومەتی حەماس.

***بەڵام لەناوبردنی حەماسیش لە لایەن ئیسرائیلەوە کارێکی ئاسان نییە و ئەمە کاولکاری و خوێنڕێژییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، ئایا پێشبینی دەستێوەردانی دەرەکی ناکرێت بۆ وەستاندنی شەڕەکە؟**

- هەر دەبێت دەستێوەردان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دوولایەنە ناتوانن لە نێوخۆیاندا بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ وەستاندنی ناکۆکییەکە. لەبەر ئەوە دەبێت دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی کارا هەبێت بۆ وەستاندنی شەڕەکە، دەبێت چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییەی نێوان هەردوولا بەشێك بێت لە چارەسەرکردنی کێشە گەورەکەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چارەسەرێکی مەودا کورت بدۆزرێتەوە، ئەگەر سێ شت ڕووبدات، یەکەمیان حەماس چیتر بە موشەك هێرش نەکاتە سەر ئیسرائیل، دووەمیان ئیسرائیل دەروازەکانی غەززە بکاتەوە و میسریش سنووری خۆی لەگەڵ غەززەدا بکاتەوە. سێیەم ئەوەیە حەماس چیتر لە ڕێی تونێلەکانەوە بە شێوەی قاچاغ چەك لە سنووری میسرەوە نەهێنێت. ئەگەر ئەم سێ شتە ڕووبدەن ئەوا دەکرێت بگەینە ئاگربەست. کێشەکە ئەوەیە هیچ لایەك نایەوێت میسر گفتوگۆ لەگەڵ حەماسدا بکات، نە ئەمەریکا و نە ئەوروپا، بەڵام حەماس لایەنێکی گرنگی ناکۆکییەکەیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

*** باشە ئەی حساب بۆ ڕای گشتی مرۆڤایەتی ناکرێت کە ڕاستەوخۆ لەم شەڕە دەبینێت ؟**

**- کاتێك سوپای باڵادەستی ئیسرائیل خەڵکە مەدەنییەکانی غەززە دەکوژێت ئەوا دەرئەنجامی شەڕەکە لاوازکردنی حەماس نابێت، بەڵکو بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوە دەبێت لە ڕووی سیاسییەوە.** ئەو کێشە و ناکۆکییەی هەیە ناکۆکییە لەسەر خاك، ئیسرائیل ئەو چارەسەرە قبوڵ ناکات کە بوونی دوو دەوڵەت لەخۆدەگرێت لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی نیشتەجێی جولەکان لە کەرتی ڕۆژئاوادا هەن و هیچ حکومەتێکی ئیسرائیل خوازیاری ئەوە نییە کۆچیان پێبکات و بیانکشێنێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی فەلەستینی دروست بێت. ئەم کێشەیە پێویستی بە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی هەیە، کە نەك تەنیا مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و غەززەدا بکات، بەڵام چارەسەر بۆ کێشە گەورەکە بدۆزێتەوە کە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا هەیە. بەڵام دەبێت سەرەتا هەوڵی میانگیری بدرێت لە شەڕەکەی غەززەدا و ئاگربەست رابگەیەنرێت و دواتر

هەوڵ و کۆششێکی دیبلۆماسی بەهێزی ئەمەریکی، ئەورووپی و عەرەبی بخرێتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکە کە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانە. مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی غەززەدا ئاسانتر دەبێت ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ حەماسدا بکرێت، لەبەر ئەوەی حەماس لایەنێکی گرنگی ناکۆکییەکەیە و لە حاڵەتی بوونی ناکۆکیدا دەبێت دوژمنەکان دانوستاندن لەگەڵ یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی بهێننەدی، بەڵام لە ئێستادا ئەمە روونادات.

*** باس لەوەدەکرێت کە لایەنی سەرکەوتووی ئەم شەڕە ئێرانە، لەبەر ئەوەی سوریا پتر نزیک دەکاتەوە لە ئێران، هەروەها ئێران پشتگیرییەکی زیاتری وڵاتە عەرەبییەکان بەدەست دەهێنێت و شەرعییەتی دەبێت بۆ پشتیوانی کردن لە حزبوڵلا و حەماس، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئیسرائیل ئەم خزمەتە بە ئێران دەکات؟**

- سەرەتا هیچ یەکێك لەلایەنەکانی شەڕەکە سەرکەوتوو نین، لەبەر ئەوەی خەڵکیان دەبێتە قوربانی و لەترسدا دەژین و ئەم شەڕەش هیچ خزمەتێك بە چارەسەرکردنی کێشەکە ناکات و لە راستیدا بە دەگمەن شەڕ دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکە کە زیاتر کێشەیەکی سیاسییە. مومکینە موبالەغە لە لێکدانەوەی رۆڵی ئێراندا بکرێت لەم شەڕەدا، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەمە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانە نەك ناکۆکییەکی ئیقلیمی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من هاوڕام لەگەڵ لێکدانەوەکەی ئێوەدا کە ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئێران و لاوازکردنی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی هەوڵی رێککەوتن دەدەن لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها دەبێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتی فەلەستینی لە رامەڵلا کە باوەڕی وایە توندوتیژی شێوازێکی کارا نییە بۆ هێنانەدی ئاشتی.

*** ئایا ئەمەریکا لەم شەڕە و لە پشتگوێ خستنی پرۆسەی ئاشتی چەند بەرپرسیارە؟**

- سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆتە هۆی بەهێزکردنی هێزە توندڕەوەکان و لاوازکردنی هێزە میانڕەوەکانی فەلەستین. من پێموایە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی هاوسەنگ و یەکسان بگرێتەبەر لە ئاست ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا و من پێموایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا سیاسەتێکی یەکسانتر دەگرێتەبەر لەم رووەوە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەبێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە نزیکە بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت کە سازش بە ئیسرائیل بکات بۆ دەستهەڵگرتن لەو خاکانەی جولەکەکانی تێدانیشتەجێ کراون بۆ ئەوەی دەوڵەتی فەلەستینی دروست بێت و بۆ ئەوەی دوو پایتەخت لەقودسدا هەبێت. بەڵام ئیسرائیل و فەلەستینییەکان ناتوانن بە تەنیا ئەم کارە بکەن لەبەر ئەوەی هەردوولایان کۆمەڵگەیەکی دابەشبوونیان هەیە.

*** بەڵام تائێستا هەست بە هیچ جموجۆڵێکی ئۆباما یان ستافەکەی ناکەین ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئۆباما ناتوانێت لێدوان دژی ئیسرائیل بدات؟**

- ئۆباما چاوەڕێی دەکات لە پۆستی سەرۆکایەتیدا دەست بەکاربێت. ئۆباما دژی ئیسرائیل ناوەستێتەوە، بەڵام سیاسەتێکی هاوسەنگتری دەبێت، ئۆباما پشتگیری لە ئیسرائیل دەکات بەڵام نەك لە هەموو سیاسەتەکانی ئیسرائیل. من پێموایە دەبێت ئەمەریکا لایەنگری هیچ لایەك نەکات دژی ئەوی دیکەیان و دەبێت لەگەڵ هەردوولادا دۆست بێت و دەسەڵات و دەستڕۆیشتوی خۆی بەکاربهێنێت بۆ سازشپێکردنی هەردوولا. حەماس ناتوانێت بە رەتکردنەوە و موشەك بارانکردنی ئیسرائیل ئاسایش بەدەست بهێنێت، هەروەها ئیسرائیلیش ناتوانێت بە پەنابردنەبەر هێز و دروستکردنی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون، ئاسایشی وڵاتەکە بپارێزێت، بە پێچەوانەوە هەردوولا بەم سیاسەتانەیان ئاسایشی خۆیان لاواز دەکەن.

***ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات دژی حەماس شەڕ دەکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پەنا بۆ هێرشکردنی سەر قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دەبات؟**

- من پێموایە بەکارهێنانی شەڕ وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە سیاسییەکان هەڵەیە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی کوشتنی خەڵکی بێتاوان و ئەمەش شتێکی نارەوایە و هیچ پاساوێکی نییە، من پێموایە دەبێت پەنا بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن و سازشکردن ببردرێت.

*** ئایا ئەم شەڕە نابێتەهۆی زیادبوونی پشتیوانی خەڵك لە حەماس؟**

- ئەگەر هیچ کارێك نەکرێت ئەوا رەوتە توندڕەوەکان بەهێزدەبن. لە رابردوودا هەندێك لە شەڕەکان پرۆسەی ئاشتییان خێراتر کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ناکۆکییەکە سەختتربوو و ئەمەش وای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان پتر ئامادەبێت بۆ دەستێوەردان. من پێموایە ئۆباما بە شێوەیەکی پتر یەکلاکەرەوە کاردەکات بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی سیاسی.

●●●

**کێشەکە ئەوەیە هیچ لایەک نایەوێت میسر گفتوگۆ لەگەڵ حەماسدا بکات، نە ئەمەریکا و نە ئەوروپا، بەڵام حەماس لایەنێکی گرنگی ناکۆکییەکەیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت**

●●●



●●●

**ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئێران و لاوازکردنی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی هەوڵی رێککەوتن دەدەن لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها دەبێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتی فەلەستینی لە رامەڵلا کە باوەڕی وایە توندوتیژی شێوازێکی کارا نییە بۆ هێنانەدی ئاشتی**

●●●



ئامۆس نادان بۆ گوڵان:

# ئیسرائیل دەیەوێت کێشەکە بە دانووستاندن چارەسەر بکات، بەڵام حەماس ئامادەباشی تێدا نییە

پرۆفیسۆر ئامۆس نادان تۆژەری سیاسەتی نێودەوڵەتی و پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب ئیسرائیلە لەسەنتەری دیراساتی ستاتیژی موشی دایان لە ئیسرائیل و یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە بڕوای بەسەرخستنی پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب - ئیسرائیل هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆچوونەکانی دەربڕی شەقامی سیاسیی ئیسرائیلە نەك وەك چاودێرێکی بێلایەن باردۆخەکە شرۆڤە بکات، ئێمە لە میانەی ئەو وتویژەی لەسەر ئاکامە خراپەکانی ئەم شەڕە لەگەڵمان کرد، تەواوی کاردانەوە سلبییەکانمان وەك پرسیار ئاراستەکرد، ئەو لەگەڵ ئەوەی پاساوی خۆی بۆ پرسیارەکانی ئێمە هەبوو، بە نکۆڵی لە راستییەکانیش نەدەکرد، بە هەرحاڵ بمانەوێت یان نەمانەوێت دیدی ئیسرائیلیش بەشێکی سەرەکی ئەم کێشەیەیە، بۆیە بە باشمان زانی ئەم لایەنەش پیشانی خوێنەرانی گوڵان بدەین، ئەمەش دەقی لێدوانەکانی پرۆفیسۆر ئامۆس نادانن بۆ گوڵان.



*** سێ هەفتە بەسەر شەڕەکەی غەززەدا تێپەڕیوە، بەڵام نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە ئەنجوومەنی ئاسایش نەیانتوانیوە کاردانەوەیەکی هاوبەشیان هەبێت بۆ راگرتنی شەڕەکە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم دابەشبوونە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەوەی روونە هێرشێکی بەردەوام دەکرێتە سەر ئیسرائیل و من پێموایە ئیسرائیل جگە لەو هێرشانەی ئەنجامیان دەدات و زۆرێك لە دەوڵەتانی دیکە خوازیاری ئەوەن حەماس رابکێشن بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵام حەماس ئەم هەوڵە رەت دەکاتەوە. ئیسرائیل ئامادەی گفتوگۆکردنە لەگەڵ حەماس و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و تەنانەت سوریاش، بیرۆکەکە ئەوەیە کاتێك حەماس دەهێنرێتەسەر مێزی گفتوگۆ ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە بوونی ئیسرائیلدا دەنێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لە لایەك پشتگیریەکی ناڕاستەوخۆ لە ئیسرائیل دەکرێت و لە لایەکی دیکەوە هەوڵی سنوردارکردنی بەکارهێنانی هێز دەکرێت لە لایەن ئیسرائیلەوە دژی ئەو میلیشیاکانی غەززە.

***شەڕی سەدەی بیست و یەك جیاوازە لە شەڕی سەدەی رابردوو لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا بە هەمان شێوەی یاری توپی پێ رووداوەکان شەڕەکە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەگوازرێنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەگەڵ زانینی ئەم راستیەشدا شەڕەکە هەر بەردەوامە؟**

- بۆ ماوەی چەندساڵێك ئیسرائیل رووبەڕووی تیرۆر و هێرشکردن بووەوە لە هەردوولایەنی فەلەستینی و لوبنانەوە، ئیسرائیل داوای راگرتنی ئەو هێرشانە و ئەنجامدانی گفتوگۆی کرد، بەڵام بێ سوود بوو، بۆ دواجار ئیسرائیل رایگەیاند کە دەبێت سنوورێك بۆ ئەم هێرشانە دابنرێت. ئیسرائیل هەڵنەستا بە ئیستیفزازکردنی هیچ لایەك، لەبەر ئەوە ئەم شەڕە بە شەڕێکی رەوا دەزانێت و تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە پشتگیری لێدەکەن. دواتر ئیسرائیل پێی وایە گواستنەوەی دیمەنەکانی ئەو شەڕە کە ئامانجی ئیسرائیل لێی تێکشکاندنی توانای ئەو رێکخراوانەیە گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە ئیسرائیل خاوەن توانایەکی گەورەیە و کاردانەوەی توندی دەبێت.

***لە دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبیدا بەو شێوەیە شەڕەکە دەگوزارێتەوە کە ئەمە شەڕی ئیسرائیلە دژی عەرەب و ئیسلام لە کاتێکدا ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات دژی حەماس شەڕ دەکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پەنا بۆ هێرشکردنی سەر قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوتەکان دەبات؟**

- ئەوانە هەمووی روداوی ناخۆشن، بەڵام با بە وردی لە بارودۆخەکە بڕوانین، بۆ ماوەی هەشت ساڵ و بە بەردەوامی ئیسرائیل رووبەڕووی هێرش و تیرۆر بووەوە، ئیسرائیل یەکلایەنە لە شاری غەززە پاشەکشەی کرد و رای گەیاند چۆن ئیدارەی خۆتان دەکەن بیکەن، بەڵام نابێت هەڕەشە بۆ ئاسایشی ئێمە دروست بکەن، دەرئەنجامەکە ئەوەبوو کە حەماس هەڵسا بە موشەکبارانکردنی ئیسرائیل بەو ئامانجەی ئەوان دەتوانن ئەم وڵاتە شکست پێ بهێنن و ئیسرائیلییەکان ناچارکەن وڵاتەکەی خۆیان جێبهێڵن، پێشتریش حزبوڵڵا ئەم کارەی کرد، بەڵام ئیسرائیلیش رایگەیاند کە چیتر دەستوەستان نابێت و کاردانەوەی دەبێت، مەبەستم ئەوەیە حەماس بەرپرسیارە لەوەی بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەم ئاستە، هەڵوێست و شێوەی کارکردنی ئەوان ئەم بارودۆخەی خوڵقاندووە، راستە حەماس لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام ئامادە نەبوو لەگەڵ ئیسرائیلدا گفتوگۆ بکات، بەڵکو هەڵسا بە

موشەکبارانکردنی ئەم وڵاتە. خۆتان بخەنە شوێنی ئیسرائیل، ئایا ئەگەر بە بەردەوامی هێرشتان بکرێتەسەر کاردانەوەتان نابێت؟ ئایا بەرگری لە خۆتان ناکەن؟ من پێموایە حەماس لە بیرکردنەوەی ئیسرائیل تێنەگەیشتووە، ئیسرائیل وڵاتێکی بەهێزە و توانای بەرگری کردنی هەیە لە خۆی. ئەمە بارودۆخێکی جێی داخە، بەڵام چەند ساڵێکی خایاند تاوەکو فەتح درك بەو راستییە بکات کە پەنابردن بۆ گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر دەکات. هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم شەڕە جێی داخە لەبەر ئەوەی هاوڵاتییە مەدەنییەکانی هەردوولا دەبنە قوربانی، لە ئیسرائیلدا زانکۆمان هەیە داخراوە لەبەر ئەوەی هێرشی کراوەتەسەر و قوتابییەکی ئەم زانکۆیەش بۆتە قوربانی. بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی حەماس، حەماس لە بیرکردنەوەی ئیسرائیل تێنەگیشتووە، ئیسرائیل دەتوانێت لە یەك رۆژدا غەززە وێران بکات، بەڵام ئەمە خواستی ئیسرائیل نییە، بەڵکو خواستی ئیسرائیل ئەوەیە بە ئاشتی بژیت لەگەڵ دراوسێکانیدا. حەماس رێگاچارەیەکی زۆری بۆ ئیسرائیل نەهێشتەوە.

*** باس لەوەدەکرێت کە لایەنی سەرکەوتووی ئەم شەڕە ئێرانە، لەبەر ئەوەی سوریا پتر نزیك دەکاتەوە لە ئێران، هەروەها ئێران پشتگیریەکی زیاتری وڵاتە عەرەبییەکان بەدەست دەهێنێت و شەرعیەتی دەبێت بۆ پشتیوانی کردن لە حزبوڵلا و حەماس، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئیسرائیل ئەم خزمەتە بە ئێران دەکات؟**

- من پێم وانییە ئیسرائیل خزمەت بە ئێران بکات. هەڵوێستی ئێران ئاشکرایە کە داوای سرینەوە و لە ناوبردنی ئیسرائیل دەکات و لە لێدوانەکانیدا ئەمەی راگەیاندووە. هەروەها ئێران بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە هاندانی حزبوڵلا و حەماس بۆ ئەوەی هێرش بکەنەسەر ئیسرائیل، من پێموایە پەیامی ئیسرائیل ئەوەیە کە ئەگەر هێرشی بکرێتەسەر کاردانەوەی دەبێت و تۆڵە دەکاتەوە، بە داخەوە ئەو هاوکێشەیە لە ئارادایە کە دەبێت بیسەلمێنیت ئەوەندە بەهێزبیت کە توانای کاردانەوە و تۆڵەکردنەوەت هەیە نەك بیسەلمێنیت کە ئامادەیی گفتوگۆکردنت هەیە.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە سیاسەتی هەڵەی ئەمەریکا لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا بەرامبەر پرۆسەی ئاشتی هۆکاری لاوازکردنی حکومەتی نیشتمانی فەلەستین و سەرکەوتنی حەماس بوو لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا ئەمەریکا ئەو راستییەی نەدەزانی کە پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاشتی ئەم دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەوە لێکدانەوەیەکی راستە کە بەشێك لە هۆکاری هەڵکشانی حەماس بۆ سڕبوونی پرۆسەی ئاشتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی نەیانتوانی ئاشتی بهێننە ئاراوە، بەو پێیە خەڵکی روویان لە حەماس کرد. من پێموایە پێویستە ئەمە ببێتە دەرسێك کە شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی چ دەرئەنجامێکی دەبێت.

***ئومێدێکی زۆر هەیە بە ئۆباما بەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێت، بەڵام لە کاتی شەڕەکەدا ئۆباما رایگەیاند کە هێشتا ئەو سەرۆکی ئەمەریکا نییە و جۆرج بۆش نوێنەرایەتی ئەمەریکا دەکات، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئۆباما ناتوانێت لێدوان دژی ئیسرائیل بدات؟**

- ئۆباما ئەزموونێکی نێودەوڵەتی زۆری نییە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە. دوای ئەوە بۆچی ئەمە کاری ئەمەریکا بێت، ئەگەر هێرش بکرێتەسەر ئەمەریکا، ئایا ئەمە پەیوەندیەکی بە ئەوروپییەکانەوە دەبێت، ئەمە بە پلەی یەك کاری ئەمەریکا خۆی دەبێت. مەبەستم ئەوەیە بە بەردەوامی لە لایەن حەماس و حزبوڵلاوە هێرشکراوەتە سەر ئیسرائیل. ئیسرائیل خوازیاری گفتوگۆ و هێنانەدی ئاشتییە و خوازیاری ئەوەنەبووە بارودۆخەکە بگاتە ئەم ئاستە. دواتر فەلەستینییەکان بۆ ئەوە دەنگیان بۆ حەماس نەدا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل و شەڕیان بۆ بخولقێنێت، بۆ ئەوە دەنگیان بۆدا لەبەر ئەوەی باوەڕیان وابوو باشتر دەتوانێت ئیدارەی کاروبارەکان بکات و لە گفتوگۆکاندا ئەدای باشتر دەبێت، بەڵام حەماس لە هەردوو ئەم ئامانجەدا شکستی هێناوە.

*** ئایا تا چ رادەیەك شەڕی غەززە ئاستەنگێکە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتیدا، ئایا ئەمە زەمینە بۆ بەهێزبونی رێکخراوێکی وەك حەماس خۆش ناکات، بە گوزارشتێکی دیکە ئایا ئەم شەڕە نابێتەهۆی زیادبوونی پشتیوانی خەڵك لە حەماس؟**

- پێشتر خەڵك لایەنگری حەماسیان کرد، بەڵام حەماس پێی وایە وابوو بە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل دەتوانێت چۆك بەو وڵاتە دابدات، بەڵام دەرکەوت ئیسرائیل بە توندی کاردانەوەی دەبێت و لەراستیدا ئیسرائیل بەهێزترین دەوڵەتە لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە ئێستا ئەو خەڵکەی دەنگیان بۆ حەماس داوە خوازیاری ئەو بارودۆخەن کە لە سایەی فەتحدا هەیانبوو.

●●●
**بیرۆکەکە ئەوەیە کاتێک حەماس دەهێنرێتەسەر مێزی گفتوگۆ ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە بوونی ئیسرائیلدا دەنێت**
●●●

●●●
**حەماس بەرپرسیارە لەوەی بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەم ئاستە، هەڵوێست و شێوەی کارکردنی ئەوان ئەم بارودۆخەی خوڵقاندووە، راستە حەماس لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام ئامادە نەبوو لەگەڵ ئیسرائیلدا گفتوگۆ بکات**
●●●

●●●
**پێویستە ئەمە ببێتە دەرسێک کە شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی چ دەرئەنجامێکی دەبێت**
●●●



چیری ڕۆبینبێرگ:

# خەڵک لە حەماس وەڕس بووە، بەڵام ئیسرائیل لە خۆباییە و دەسەڵاتی فەلەستینیش لاوازە



▪ ▪ ▪

**پرۆفیسۆر چیری ڕۆبینبێرگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فلۆریدا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە زیاتر لەگەڵ فەلەستینییەکان هاوسۆزە تا ئیسرائیل، هەربۆیە لە نزیکەوە لەگەڵ فەلەستینییەکان کاردەکات و ماوەی ساڵێك لە غەزە بووە و ٢ ساڵیش لە ڕامەڵا بووە، خاتوو چیری لەم دیمانەییەی لەگەڵ گوڵان ئەو ڕاستییەی نەشاردەوە کە هۆکاری سەرەکی ڕانەگرتنی ئەم شەرە سیاسەتی ئەمەریکاییە و ئەمەریکا توانای خۆی ناخاتە کار بۆ ئەوەی ئەم شەرە ڕبوەستێت، ئەمەش دەقی شرۆڤەی خاتوو چیریە بۆ ئەو شەرە کە بە تایبەت بە گوڵانی ڕاگەیاندووە.**

▪ ▪ ▪

**• هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە مرۆڤایەتی نیگەران کردووە، ئایا بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم شەڕەی پێڕاناگیرێت ؟**

- مەسەلەکە ئەوەیە ئەمەریکا کۆنترۆڵی بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە دەکات لە پەیوەندیدا بە هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست ئیسرائیلەوە، ئەمەریکا پشتگیری ئیسرائیل دەکات و نایەوێت دەستێوەردان لە شەڕەکەیدا بکرێت.

*** ئایا پێشبینی دەستێوەردان دەکرێت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە و سەپاندنی ئاگربەست؟**

- من پێموایە بە چەشنی ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك ئیسرائیل لە شەڕدا بوو لەگەڵ حزبولڵادا و ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە گونجاوی زانی فشاری خستەسەر ئیسرائیل بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، بەو پێیە من پێموایە ئەمەریکا فشار دەخاتەسەر ئیسرائیل بۆ کشانەوە لەغەززە هەر کاتێك بە گونجاوی زانی، بەڵام فشاری سەربازی نا، بەڵکو فشاری دیبلۆماسی.

**•بەڵام شەڕی ئێستا شەری سەردەمی سەتەلایت و گواستنەوەی ڕاستەوخۆیە وەك یاری فتبۆڵێن، واتە شەڕەکە هەموو کەس دەیبینێت، چۆن وەك شەڕی ٥٠ساڵ لەمەوبەر مامەڵەی لەگەڵدەکرێت ؟**

- ئیسرائیل وڵاتێکی مەغرورە و زۆر گرنگی و بایەخ بەوە نادات ڕای گشتی جیهانی چۆن لێی دەڕوانێت، دواتر خەڵکی ئیسرائیل خۆی شەوانە سەیری وێنەکانی شەڕەکە ناکەن، لەبەر ئەوەی خۆیان لە پشت شەڕەکەوەن، مەبەستم ئەوەیە ئەوان پشتگیری لێدەکەن، بەو پێیە ئیسرائیل هەست بە هیچ فشارێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ناکات و بەلایەوە گرنگ نییە خەڵکی غەززە چیان بەسەردێت.

*** بەڵام ئەمە لەوە دەرچووە وەك شەری ئیسرائیل و حەماس سەیر بکرێت، ئێستا دیمەنەکان بانگێشە بۆ شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەکەن ؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، حاڵیٚ حازر شەقامی عەرەبی نەك حکومەتە عەرەبیەکان هەست بە توڕەی دەکەن و ئیسرائیلیش بەم ڕەفتارانەی دوژمن بۆ خۆی زیاتر دەکات، من نازانم بۆچی ئەوەندە کورتبینە، ڕەنگە غرورەکەی وای لێکردبێت کە کورتبین بێت.

*** با پرسیار بەو شێوەیە بکەین ئایا کێ لەم شەڕەدا براوەیە، زۆر لە چاودێران دەڵێن ئێران، ئایا ئەمە شەڕی بەوەکالەت نییە ؟**

- من لەگەڵ لێکدانەوەکەی ئێوەدا هاوڕام، بەڵام ڕەنگە هۆکارەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئیسرائیل پێی وایە دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئێرانیش ئەگەر پێویست بکات.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە سیاسەتی هەڵەی ئەمەریکا لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر پرۆسەی ئاشتی هۆکاری لاوازکردنی حکومەتی نیشتمانی فەلەستین و سەرکەوتنی حەماس بوو لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا ئەمەریکا ئەو ڕاستییەی نەدەزانی کە پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاشتی ئەم دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەوە یەکێکە لەئەگەرەکان، هەرچەندە من پێموایە خەڵکی غەززە وەڕسن لە حەماس، بەڵام لە هەمان کاتدا مەحمود عەبباسیش ئامرازێکە بەدەست ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە و بەچەندین سازشی سەیر ڕازی بوو. ئیسرائیل بە بنیاتنانی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێ بوون و بە زەوتکردنی ئاو ئەو چارەسەرەی لەباربرد کە بوونی دوو دەوڵەتی لەخۆدەگرت. بەڵام ئایا لەو باوەڕەدام کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان دەکات، نەخێر، ئایا لە ١٩٤٨دا دەستێوەردانی کرد؟ ئایا لە ١٩٦٧دا دەستێوەردانی کرد؟ تەنانەت کاردانەوەی ئەورووپاش ئەوەبوو هەڵسا بە دووبارە گفتوگۆکردن لەبارەی ڕێککەوتنی بازرگانییەوە، مەبەستم ئەوەیە هەڵوێستێکی توندی وەرنەگرت. من پێم وایە هیچ ئومێدێك بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکرێت، زۆرێك لە بڕیارەکانی ئەم دواییە کە خرانە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش لەلایەن ئەمەریکا ڕەتکردنەوە بەهۆی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ. بێ ئومێدی من لەبەشێکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتانی وەك فەڕەنسا و بەریتانیا پشت بە ئەمەریکا دەبەستن، واتە بە چەشنێك بە ئەمەریکاوە گرێدراون کە ناتوانن هیچ کارێك بکەن دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بێت.

***بێدەنگی ئۆباما مانای ئەوەنیە ئۆباما ناتوانێت لێدوان دژی ئیسرائیل بدات؟**

- دەبێت چاوەڕوان بین و من ناتوانم هیچ پێشبینییەکم هەبێت لەم ڕووەوە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك شەڕی غەززە ئاستەنگێکە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتیدا، ئایا ئەمە زەمینە بۆ بەهێزبوونی ڕێکخراوێکی وەك حەماس خۆش ناکات، بە گوزارشتێکی دیکە ئایا ئەم شەڕە نابێتەهۆی زیادبونی پشتیوانی خەڵك لە حەمماس؟**

- من پێموایە دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین لاوازە و هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد مەحمود عەبباس ئامرازێکە بەدەست ئیسرائیلەوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوەنیە پشتیوانی جەماوەری لە حەمماس بەرەو هەڵکشان دەچێت، خەڵکی غەززە لە بارودۆخێکی خراپدان، من دۆست و هاوڕێم هەیە و دەڵێت ئێمە دەنگمان بۆ حەمماس و پشتگیریمان کرد، بەڵام ئەمە دووبارە ناکەینەوە، هەرچەندە ئەمە شتێکی شەخسییە و بەمنیان ڕاگەیاندووە، واتە هیچ لێکۆڵینەوە و ئامارێکم لەبەردەستدا نیە. بەڵام ئەوەی ئیسرائیل دەیکات کارێکی وەحشیانەیە و ڕەنگە ببێتەهۆی بەهێزکردنی حەمماس، بەڵام من نامەوێت پێشبینی بکەم لەم ڕووەوە.

رۆژنامەنووس میلتۆن ڤیۆرست :

# ئیسرائیل دەیەوێت پێش ئەوەی ئۆباما دەست بەکاربێت، کاری خۆی تەواو بکات



**•دوای سێ هەفتە لەشەڕی غەزە، هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستەوەستانە بۆ سازدانی ئاگربەستێك، نەك راگرتنی شەڕەکە بەتەواوەتی، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی ئیسرائیل هێندە بێدەسەڵاتە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و ناتوانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەت بدەمێ، بەڵام من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵنەستاوە بە بەرپرسیارێتییەکانی خۆی. ئێمە دوولایەنی شەڕەکەمان هەیە کە هیچ لایەکییان پشتگیرییەکی گەورەی جەماوەرییان لێناکرێت و نیگەرانییەکی زۆر هەیە دەربارەی حەمماس، کە رێکخراوێکی ئاینی توندڕەوە هەروەها نیگەرانی هەیە لە ئاست ئەو کردەوانەی ئیسرائیل ئەنجامیان دەدات.

*** واتە بێئومێد بین لە هەوڵە نێو دەوڵەتییەکان بۆ راگرتنی ئەم شەڕە؟**

- من پێموایە هەموولایەك چاوەڕوانی ئیدارەی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن و چاوەڕێ دەکەن ئۆباما سەرۆکایەتی بگرێتەدەست، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا بەڵێنی ئەوەی داوە کە بە شێوەیەکی کارا و یەکلاکەرەوە کاربکات لەو مەسەلەیەدا.

*** بەڵام ئۆباما بەبیانووی ئەوەی بە رەسمی سەرۆك نییە خۆی لە بەرپرسیارییەتی شەڕەکە دزیەوە ؟**

- هەڵوێستی ئۆباما ئەوەیە کە لێدوانێکی زۆر دەدات لە بارەی ئابووری ئەمەریکاوە و هەندێك پێیانوایە دەبێت بەو شێوەیەش لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە بدوێت، بەڵام راستییەکە ئەوەیە لە ئەمەریکا تەنیا یەکلایەن نوێنەرایەتی سیاسەتی دەرەوە دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێی بکەین تاوەکو ئۆباما دەسەڵات دەگرێتەدەست، جێی داخە، کە کوشتار و کاولکاری روودەدات بەڵام سیستەمەکەی ئێمە بەو شێوەیە کاردەکات و دەبێت چاوەڕێی دەستبەرکاربوونی بکەین.

*** بەڵام ئەم شەڕە شەڕی سەدەی بیست ویەکە و لە هەموو ماڵێکی ئەم جیهانەیە، چۆن دەبێت خەمسارد بین ؟**

- باشترە ئەم پرسیارە لە ئیسرائیل خۆی بکرێت، لەبەر ئەوەی کردەوە سەربازییەکانی ئیسرائیل پێچەوانەی رای گشتی نێودەوڵەتییە و زۆرێك لە ئەمەریکییەکان سەریان سوڕماوە لەوەی ئایا ئیسرائیل هەوڵی بەدەستهێنانی چی دەدات کاتێك بەو شێوەیە رەفتار دەکات.

*** ئایا ئیسرائیل بایەخ بەو وێنەیە نادات کە لای رای گشتی دروست دەبێت بەرامبەری؟**

- پێدەچێت ئیسرائیل بایەخ بەم مەسەلەیە نەدات، یاخود ئەوانەی حکومڕانێتی دەکەن لەو وڵاتەدا بایەخ بەم مەسەلەیە نەدەن، یان مەسەلەکە ئەوەیە ئیسرائیل دەیەوێت تا ئەو رادەیەی دەتوانێت دەستکەوتی سەربازی بەدەست بهێنێت پێش ئەوەی ئۆباما دەست بەکاربێت، لەبەر ئەوەی باڵی راستڕەوی حکومڕان نیگەرانە لەوەی ئۆباما چ شتێك بەسەر ئیسرائیلدا دەسەپێنێت و رەنگە ئەمەش بیخاتە شەڕێکی سەخت و دوورودرێژەوە لەگەڵ ئەمەریکادا. واتە پێدەچێت وەك هەموو لایەکی دیکە ئیسرائیلیش چاوەڕوانی دەستبەکاربونی ئۆباما بکات.

*** قەینا وا گوتمان ئیسرائیل مافی خۆیەتی لەگەڵ**

■ ■ ■

**رۆژنامەنووس میلتۆن ڤیۆرست پرۆفیسۆرە لە بواری رۆژنامەگەری و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی پریستۆن و یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی لەسەر کێشەی عەرەب ئیسرائیل راپۆرتی رۆژنامەگەری لە ناوچەکەوە ئامادەکردووە و لە رۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیۆرك ۆرکەر و نیۆرك پۆست و ئینتەرناشناڵ لێتەری فەرەنسی بڵاوکردۆتەوە و هەر لەسەر کێشەکانی جیهانی عەرەبیش خاوەنی چەندین کتێبە، تازەترین کتێبیشی بە ناونیشانی: گێژلوکەیەك لە رۆژهەڵاتەوە: تەنگژەی نێوان جیهانی عەرەبی و کریستیانەکانی رۆژئاوا) بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شەڕەی ئێستا لە غەزە هەیە پەیوەندییمان بە رۆژنامەنووس میلتۆن ڤیۆرست کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■ ■ ■

**حەماس شەڕ بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پەنا بۆ هێرشکردنی سەر قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دەبات؟**

- نیگەرانیەکی زۆر هەیە لە جیهانی عەرەبی و غەیرە عەرەبیدا کە حەمماس نوێنەرایەتی یان پێدەچێت نوێنەرایەتی بزوتنەوەییەکی توندڕەو دەکات و ئیسرائیلیش مەسەلەکە بەو شێوەیە دەخاتەڕوو کە بەلەناوبردنی حەمماس ئەو خزمەت بە تێکڕای جیهان دەکات. بەڵام ئەمە پێچەوانەی ئەو وێنانەیە کە دەیبینین، ئیسرائیل تەنگژەیەکی بۆخۆی خوڵقاندووە و لەم ساتەوەختەدا روون نییە چۆن لەو تەنگژەیە دەردەچێت.

*** باس لەوەدەکرێت کە لایەنی سەرکەوتووی ئەم شەڕە ئێرانە، لەبەر ئەوەی سوریا پتر نزیک دەکاتەوە لە ئێران، هەروەها ئێران پشتگیرییەکی زیاتری وڵاتە عەرەبییەکان بەدەست دەهێنێت و شەرعیەتی دەبێت بۆ پشتیوانی کردن لە حزبوڵا و حەمماس، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئیسرائیل ئەم خزمەتە بە ئێران دەکات؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، ئێمە وادەزانین بەرپرسەکانی ئیسرائیل ژیر و دووربین و زیرەکن، بەڵام ئەوان هەڵەییەکی گەورە دەکەن و ئۆلمەرت و ئەیهود باراك و لیڤنی دەقاودەق ئەو کارە دەکەن کە ئێران خوازیاری ئەوەیە بیکەن، ئەمە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی ئەمەریکایە کە لەشەڕەکەیدا لە عێراق خزمەتی بە ئێران کرد.

*** بەرای تۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرپرسیاییەتی بەشێکی ئەم هەڵەیەی ناکەوێتە ئەستۆ ؟**

- من پێم وایە ئەمەریکیەکانیش هەمان پرسیار دەکەن و ئەمە پرسیارێکی مەعقولە کە ئێوە دەیکەن. سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و سیاسەتی ئیسرائیل لەگەڵ دەورووبەردا هۆکاری بەهێزبوونی توندڕەوی عەرەبین و ئەمەریکییەکان پێیان وایە جۆرج بۆش بۆ ماوەی هەشت ساڵ هەڵەی کرد و ئیسرائیلیش بەردەوامی پێدەدا.

*** ئایا ئەم شەڕە نابێتە هۆی زیادبونی پشتیوانی خەڵك لە حەمماس؟**

- بەڵێ دەبێت، ئیسرائیل لە شەڕەی پێشویدا لە دژی حزبوڵا لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئەگەرچی لە رووی سەربازییەوە خۆی وەك سەرکەوتوو خستەڕوو، بەڵام تەنیا بووە هۆی بەهێزکردنی رەوتی نەتەوەخوازی توندڕەوی عەرەبی و ئەگەر من لەجێی ئۆڵمەرت بوومایە رامدەگەیاند ئەمە سیاسەتێکە سەرەنجامەکەی شکست دەبێت بۆ ئیسرائیل.



## کولتووری خۆراک لای ئێمە پریمیتیڤ و هەژارانەیە

# ئایا ئەو خۆراکەی دەیخۆین، تاچەند بەشێوەیەکی سروشتی و تەندروست گەورە کراون؟




●●●
لەشی مرۆڤ توانایەکی گەورەی هەیە لەسەر خۆڕاهێنان بەپێی بارودۆخ و ژینگە و دابونەریت، بۆ نموونە خەڵکی (ئەسکیمۆ) لەسوید کە بە تەواوەتی لەسەر گۆشت دەژین، یان هەندێ هۆزی هیندی کە تەنیا لەسەر خۆراکی رووەکی دەژین، بەڵام ژەمەکانیشیان بە ژەمی تەواوەتی (Optimal) دادەنرێن
●●●

د. سەیران عزەدین جەباری بۆ گوڵان:

## بەشێکی زۆری ئەو خۆراکە هاوردەیەی کە دەیخۆین مەرجی تەندروستیان تێدانییە و پڕ مژادی کیمیاوی زیانبەخشن

خـــۆارك ســـەرچاوەی وزە و ژیان و گەشـــەكردنی هەموو زیندەوەرەكان و لە نێویشـــیاندا مرۆڤـــە. هەموو مرۆڤێك بۆ ئـــەوەی بتوانێ بژی و زینـــدە چالاكییەكانی بە رێكوپێكی ئەنجامبدات، پێویســـتە خۆراكێك بخوات كە توخمە پێویست و ســـەرەكییەكانی وەك پرۆتیـــن، كاربۆهیـــدرات، ڤیتامین، كانـــزاكان، چەوری و ئاوی بە رێژەی دیاریكراو تێدابێت، لە هەمووشـــی گرنگتر پێكهاتە كیمیاوییەكانی ئەو خۆراكەیە كە دەیخوات. لێرەدا پرســـیاری ســـەرەكیمان ئەوەیە: ئایا ئەو خۆراكەی كە ئێمە دەیخۆین، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی كوردســـتان هاوردە دەكرێن، تا چەند بەشـــێوەیەكی سروشتی و تەندروســـت گـــەورە كراون و تا چەند مـــژادی كیمیاوی سروشـــتیان لێدراوە، جۆری مژادە كیمیاوییەكانی چین و چ مەترسیی و ئاسەوارێكی ســـلبی لەسەر تەندروستی ئێمەوە لەپاشەڕۆژ بەجێدەهێڵێ؟

لەم گۆشـــەنیگایەوە گـــوڵان چەند پرســـیارێكی لەگەڵ د. ســـەیران عزەدین جەباری پســـپۆری تەندروستی گشتی وروژاندووە، ســـەبارەت بەو خواردەمەنیانـــەی كە لە دەرەوە هاوردەی كوردستان دەكرێن.

## تائێستا نەمانتوانیوە خۆمان لەسەر سیستمێكی خۆراك رابهێنین

*** مانای "خۆراكی تەندروست" چییە، كە مەرجی تەندروستی تێدا بێت و بۆ لەشمان زیانبەخش نەبێت نە لەمەودای دوور و نە لەمەودای نزیكیش؟**

- خۆراكی تەندروســـت ئەوەیە لە ســـەرێكەوە هەموو توخمە پێكهاتەكانی تێدابێت، لەســـەرێكی تریشـــەوە بەشێوەیەكی سروشـــتی گەورە كرابێت، واتە زبڵ و پەینی سروشـــتی بۆ گەورەكردنـــی بەكارهاتبێت، هەروەها خۆراكی تەندروســـت ئەوەیـــە كە ئێمە لە ژەمێكی هاوســـەنگ (Balanced diet) وەریدەگرین، واتە ژەمێـــك كە كەموكوڕییەكەی لە توخمە خۆراكییەكانی تێـــدا نەبێت، بەڵام هەندێ لە زانایان بۆ خۆراكی تەندروســـت زاراوەی ژەمی تەواو (Optimal diet ) بەكاردەهێنـــن وەك ئاماژەیـــەك بۆ ئەو ژەمەی كە ئەوەندە تێرە بە مژادە سەرەكییەكانی خۆراك پێویست بە ژەمی تەواوكار ناكات، لەكاتێكدا بۆ ژەمی هاوســـەنگ، مرۆڤ ناچارە ژەمێكی دیكەی خۆراكیش بخوات بۆ ئەوەی بیكاتە ژەمێكی تەواو. لەشـــی مـــرۆڤ توانایەكی گەورەی هەیە لەسەر خۆراهێنان بەپێی بارودۆخ و ژینگە و دابونەریت، بۆ نموونە خەڵكی (ئەســـكیمۆ) لەسوید كە بە تەواوەتی لەسەر گۆشـــت دەژین، یان هەندێ هۆزی هیندی كە تەنیا لەسەر خۆراكی رووەكی دەژین، بەڵام ژەمەكانیشـــیان بە ژەمی با بڵێین تەواوەتی (Optimal) دادەنرێن.

بۆیـــە هەندێ لە توێژینـــەوەكان روونیـــان كردۆتەوە كەوا دانیشتوانی ناوچە ساردەكان كە بۆ ماوەیەكی دووردرێژ لەسەر خواردنی هێلكە و گۆشـــت و ماسی دەژین، یانیش ئەوانەی كە رووەكین كە پێیـــان دەگوترێ (Vegetarians) كە هێلكە و شیر و پەنیر و سەوزە و میوە دەخۆن، هەردوو كۆمەڵە لەرووی تەندروستی عەقڵی و جەستەیشەوە زۆر باشن، بەڵام هەنـــدێ كۆمەڵەی دیكەش هەن كە بە تەواوەتی رووەكخۆرن (Vegans) و هیـــچ ژەمە خۆراكێكیان تەنانەت گرامێك گۆشـــتی تێدانییە، بگرە شـــیرو بەروبوومەكانیشی ناخۆن، ئەمانە بەهۆی كەم دەســـتكەوتنی كۆمەڵە ڤیتامینی (B) تووشـــی جۆرە كەم خوێنییەكی كوشتندە دەبن، كە پێی دەڵێن (Pernicious academia).

كەواتە زۆرخۆری، بـــەو مانایەی بڕی پرۆتین و چەوری و كاربۆهیدرات بەشـــێوەی زیاد لە پێویســـت بەكاربهێندرێ تووشـــی نەخۆشـــییەكانی قەڵەوی و نەخۆشـــییەكانی دڵ و شـــەكرەیان دەكات، هەمدیس لەو لاشـــەوە كـــەم خواردن، دووچـــاری بەدخۆراكـــی (Malnutrition) یـــان كەم خۆراكی (Undernourishment)یان دەكات.

بەڵام پێویستە بزانین كولتووری خۆاردن لای ئێمە كولتوورێكی ســـەرەتایی و هەژارانەیە، تائێستاش بەشـــێوەیەكی راست و دروست نەمانتوانیوە لەســـەر سیستمێكی خۆراك رابێین، كە لایەنی كەمی مەرجی تەندروستی تێدابێت.

## ئەو میوەیەی دێتە كوردستان بە پەینی كیمیاوی پیشەسازی گەورەكراون

*** ئەو خۆراكانەی ئەمڕۆ دێنە كوردســـتان تا چەند مەرجی تەندروستیان تێدایە؟**

- لەاســـتیدا نازانین تا چەند مەرجی تەندروســـتیان تێدایە، چونكە لەكوێ و چۆن دێن؟! كەمترین زانیاریمان نییە، نازانین تەمەنی هەر یەك لەو خۆراكانە، مێژووی دروســـتكردنیان، مێژووی گەیشـــتنیان، شێوە و جۆری هەڵگرتن و داگرتنیان و گواســـتنەوەیان. ئایا پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و پاك و بێگـــەردی ئەو شـــوێنەی كە لێـــی هەڵگیرابوو چەند و چۆن بووە...؟ ئەم زانیاریانە سەرەتاییترین زانیارین، كەچی هیچیشمان لەبەردەســـت نییە، جا ئیتر چۆن بزانین مەرجی تەندروستیان تێدایە.

تۆ وەرە ســـەیری ئەو خواردنانـــە بكە كە لە قوتوو نراون وەك ئەوانەی گۆشـــتی گاو مانگان، جارێ لەســـەر قووتووەكە نووســـراوە: (Cooked Beef، salt، sugar، sodium nitrate) واتـــە: "گۆشـــتی كوڵاوی گا، خوی و شـــەكر و نیترانی ســـۆدیۆم" باشە جگە لە نیتراتی سۆدیۆم، باســـی هیچ ماوەیەكی نەكردووە كە گۆشتەكە لە بۆگەن بوون و كارلێكی كیمیاوی بەكتری دەیپارێزێ، كەچی بەخـــۆی بەبێ ماددەی پارێزگار (مـــادة حافظە) خۆراكی

زۆرخۆری، بەو مانایەی بڕی پرۆتین و چەوری و كاربۆهیدرات بەشێوەی زیاد لە پێویست بەكاربهێندرێ تووشی نەخۆشییەكانی قەڵەوی و نەخۆشییەكانی دڵ و شەكرەمان دەكات، لەهەمانكاتیشدا كەم خواردن، دووچاری بەدخۆراكی (Malnutrition) یان كەم خۆراكی (Undernourishment) یان دەكات

هەر هەڵناگیرێت. بۆ باسی پێکهاتە راستەقینەکانی ناکرێت؟!
ئەمە جێی گومانە هەروەها سەبارەت بە ماسی لە قووتوونراو هەمان شـــتە، بۆ نموونە، ماسی (تۆنە) کە ماسییەکی زۆر خۆش و بەتامە، بەڵام زۆر ناســکە و ئەگەر لەکات و ساتی خۆی و لەپلەی ساردی گونجاو هەڵنەگیریت تێکدەچێ یان کەمترین بەهای خۆراکی تێدادەمێنێ، ئەو جۆرە ماســیانە کە لــە قووترونراون، بۆ نموونە ئەوەی کە بەرهەمەکەی هی وڵاتی تایلەندە، لەسەر قووتووەکە نەنووسراوە بەچ ماددەیەکی کیمیاوی پارێــزگاری لێکراوە. هەروەها ئەو ڕۆنە زەیتییەی کــە لەتورکیا بەناوی رۆنـــی (UNAT) دەهاتە هەرێمی کوردســـتان، لەتوێژینەوەیەکی کۆلیژی زانســـتی زانکۆی ســـەڵاحەددیندا دەرکەوت، کە ئەو ڕۆنـــە لەنێو بۆڕییەکانی خوێن دەنیشـــێت و دەبێتـــە هۆی ڕەقبوونـــی خوێنبەرەکان. هەروەك ئـــەو ڕۆنانەی کە زەیتیش نین ئاســـەواری خراپ لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت.

یـــان هەندێ ماددەی کیمیاوی هەن، کە راگری خۆراکەکەن کە بەماددەی (مپبتە- Stabile) ناسراون، هەندێ جۆری هەن ڕێگەپێدراون بەکاربهێندرێن وەك (Carrageen an) یان ( Guar gum) یـــان (bigly derides)، ئەم ماددانە بۆ نموونە لەشـــیری لە قووتوونراو دەکرێن و دەبێ لە ڕێژەی خۆیان تێنەپەڕن، کەچی لەو شیرە لە قووتوونراوانەی دێنە کوردستان ڕێژەکەی دیاری نەکراوە، نەنووسراوە بە ڕێژەی لەسەدا چەند لەهەر لیترێکدا ئەو ماددانەی تێکراوە.

لەکاتێکـــدا زۆربەی خۆراکـــە لەقووتوونـــراوەکان ماددەی پارێزگاری (مواد حافقە- Preservative) یان تێدایە، کەچی تەماشـــای قەیماغی جۆری (خامە)ی ئێرانی بکە نووسیویەتی تێیدا نییە. ئەی باشە ئەو ماددە خۆراکییە چی دەیپارێزێـــت و ماددەی پارێزگار کە بە زۆری بەکاربهێندرێن (سۆربات پۆتاســـیۆم- -Sorbet de potassium A٣٣٠، بیکیـــن، A٤٤٠) ئەمانە چەنـــد ڕێژەیان زۆر بێت ڕادەی ترسناکیشیان ئەوەندە زۆر دەبێت، راستە خۆراکەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ بۆگەن بوون دەهێڵنەوە، بەڵام بە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی شێرپەنجە خانەش دادەنرێن.

ئەمە ســـەبارەت بە خۆراکی لە قووتوونراو، هەمان شتیش ســـەبارەت بە هێنانی ســـەوزە و میوە. ئـــەو میوەیەی کە دێنە کوردســـتان هەمووی بە پەینی کیمیاوی پیشەسازی گەورەکراون، نەك بە ڕێگای سروشتی، ئەو میوەجاتانە، لە سنووری ئاســـایی زێتر پەینی کیمیاویان پێوەرکراوە جا کە ئێمەش دەیخۆین بێگومان لەناو خانەکانی ئێمەش دەنیشـــن و وردەوردە کەڵەکـــە دەبێ و کۆدەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەشی زۆری ئەو میوەجاتانە بەماددە کیمیاوییە قڕکەرەکان و لەناوبەرەکان و (مبیدات الحشـــریە) ڕشێنراون، ئەوانەش لەســـەر میوەکان بەبرێکی کەم یان زۆر دەمێننەوە و دەگەنە ناو لەشـــی ئێمەش، ئەوەی لە بواری پزیشـــکیش زانراوە ئەوەیە کە ئەو جۆرە ماددە کیمیاویانە هۆیەکن لە هۆیەکانی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە، بەداخەوە بازرگانانی ئێمە لەبەر خاتری قازانج و تێرکردنی تەماحەکانیان کشـــتوکاڵی کوردســـتانیان وێران کردووە. لەبەرئەوەی تەنها حیســـابی بەرهەمهێنان دەکەن، ئینجا ئەو بەرهەمانە بەهەر شـــێوەیەك بەخێو بکرێت!! هەربۆیە ئێســـتا بەپێی توێژینەوەکان یەکێك

●●●
**نازانین ئەو خۆراکانەی لەدەرەوە دێنە کوردستان، لەکوێ و چۆن دێن؟! کەمترین زانیاریمان نییە، نازانین تەمەنی هەر یەک لەو خۆراکانە، مێژووی دروستکردنیان، مێژووی گەیشتنیان، شێوە و جۆری هەڵگرتن و داگرتنیان و گواستنەوەیان. ئایا پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و پاک و بێگەردی ئەو شوێنەی کە لێی هەڵگیرابوو چەند و چۆن بووە...؟ ئەم زانیاریانە سەرەتاییترین زانیارین، کەچی هیچیشمان لەبەردەست نییە، جا ئیتر چۆن بزانین مەرجی تەندروستیان تێدایە**
●●●




خۆراکی تەندروست ئەوەیە کە ئێمە لە ژەمێکی هاوسەنگ (Balanced diet) بەدەستی دەهێنین




ژەمی تەواو (Optimal diet ) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ژەمەی کە ئەوەندە تێرە بە مژادە سەرەکییەکانی خۆراك پێویست بە ژەمی تەواوکار ناکات

لەئاسەوارەکانی ئەو دیاردەیە دەرکەوتووە، کە زۆربوونی نەخۆشییە ترسناك و درێژخایەنەکانە، بەتایبەتیش دابەزینی تێکڕایی تەمەن (معدل العمر) لەکوردستان، بەشێوەیەك زۆربەی مرۆڤەکان لەکوردستان ٥١ ساڵ دەژین، کە هۆکارێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

لای ئێمە وەك دەرکەوتووە نزیکەی (٧٢) جۆرە ترێمان هەیە، کە باشترین و بەتامترین جۆری ترێیە لەسەر ئاستی جیهان و بەبێ بەکارهێنانی هیچ ماددەیەکی کیمیاوی زیانبەخشیش بە خۆرسکی گەورە دەبێ و پێدەگات، کەچی لە دەرەوە ترێی ئێرانی و تورکی و چینی-مان پێدەگات، کە نازانم لە کوێ هاوردە دەکرێن و هەمووشی بە سەمادی کیمیاوی گەورە کراون، هەمان شت سەبارەت بە خۆخ و هەنار و خاس و سەوزەوات و هەڵوژە و قەیسی و.. تد. ترسناکی دۆخەکەش لەوەدایە تا ئێستا ئەم دیاردەیە نە کۆنترۆڵکراوە و نە بایەخیشی پێدراوە.

## میوەی کوردستان بەشێوەی ئۆرگانیک بەخێو دەکرێت

هەرچەندە ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی پێنج ساڵی بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان دارشتووە، بەشێوەیەك لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بتوانرێت پشت بە بەرهەمە خۆماڵییەکان ببەسترێت و بگەینە توانای (الاکتفاء الذاتی) لەدابینکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، بەڵام بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی کوردستان بە ترس و نیگەرانی لە بەروبوومە خۆراکییەکان دەڕوانن، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی لەوڵاتانی دەرەوە دەهێنرێنە کوردستان، لەجیاتی بەکارهێنانی سەمادی بایۆلۆژی، بە هۆی سەمادی کیمیاوی ڕێژەی بەرهەمەکان زیاد دەکرێن، کە ئەمەش مەترسی ژەهراوی بوونی لێدەکەوێتەوە لەپاشەڕۆژدا.

لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لەوەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەی بۆ گوڵان ڕوونکردەوە، کە ئێستا هەموو دنیا بۆ زیادکردنی بەرهەم ڕوویان لەبەکارهێنانی ئۆرگانیك (پەینی ئاژەڵ)ی کردووە، کە هیچ جۆرە ماددەیەکی کیمیایی تێدا بەکارناهێنرێت، تەنانەت بە دەرمانیش نارشێنرێت. هەرێمی کوردستانیش پشت بەو شێوازە دەبەستێت، لەبەرئەوەی باشترین جۆری میوەی هەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە، کە بەبێ پەینی کیمیایی بەخێوکراون، ڕەنگە سەوزە فرۆفێڵی تێدا بکرێت و بەئاوی پیس گەورە بکرێت، بەڵام میوەی کوردستان وەك (هەنار، قەیسی، سێو، خۆخ، ترێ و...تد) تەنها پەینی ئاژەڵی پێدەدرێت، کە ئەمەش لەڕووی تەندروستییەوە هیچ کاریگەری نێگەتیڤی نییە.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێ، کە ئێمە زۆر هەوڵماندا ئامارێکی ورد و زانستیانە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکەمان بەکاربهێنین، تا بزانین ڕۆژانە چ جۆرە بەرهەمێکی وڵاتانی دەرەوە دەگەنە کوردستان؟ ئەو بەرهەمانە لەکوێ دێن؟ ئایا بە چ فیلتەرێکدا تێدەپەڕن، وەك "کۆنترۆڵی جۆر" و.. تد. بەڵام تائێستا ئەو ئامارانەمان دەستنەکەوتووە لەژمارەکانی داهاتوو هەوڵدەدەین بەهاوکاری وەزارەتی بازرگانی و گومرگەکان ئەو داتا و ئامارانە بۆ خوێنەران بخەینەڕوو.

**ئەو میوەیەی کە دێنە کوردستان هەمووی بە پەینی کیمیاوی پیشەسازی گەورەکراون، نەک بە ڕێگای سروشتی، ئەو میوەجاتانە، لە سنووری ئاسایی زێتر پەینی کیمیاویان پێوەرکراوە، کاتێک ئێمەش دەیخۆین بێگومان لەناو خانەکانی لەشمان دەنیشن و وردەوردە کەڵەکە دەبێ و کۆدەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەشی زۆری ئەو میوەجاتانە بەماددە کیمیاوییە قڕکەرەکان و لەناوبەرەکان و (مبیدات الحشریه) ڕشێنراون، ئەوانەش لەسەر میوەکان بەبڕێکی کەم یان زۆر دەمێننەوە و دەگەنە ناو لەش، ئەوەی لە بواری پزیشکیش زانراوە ئەوەیە کە ئەو جۆرە ماددە کیمیاویانە هۆیەکن لە هۆیەکانی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە**



کۆمەڵە ڕووەکییەکان پێیان دەگوترێ (Vegetarians) کە هێلکە و شیر و پەنیر و سەوزە و میوە دەخۆن، ئەم کۆمەڵەیە لەڕووی تەندروستی عەقڵی و جەستەیشەوە زۆر باشن



تەواوکەری سروشتی و خۆراکە تەندروستەکان: ١. ترشەڵۆکە ڕۆنییە سەرەکییەکان. ٢. پێکهاتەکانی بروودان بە کێش و توانای لەش. ٣. پێکهاتەکانی تایبەت بە تەندروستی گشتی.